## فەرهاد شاکەلی

# دەرزیئاژن

## پێوەندییە نایەکسانەکانی ئێمە و ڕۆژاوا لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و سیاسییەوە

کوردستان- هەولێر ٢٠٠٩

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

# دەرزیئاژن

## پێوەندییە نایەکسانەکانی ئێمە و ڕۆژاوا لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و سیاسییەوە


- **نووسینی:** فەرهاد شاکەلی
- **نەخشەسازی ناوەوە:**
- **بەرگ:**
- **ژمارەی سپاردن:**
- **نرخ:** دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠٠٩**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب ()**

www.mukiryani.com ماڵپەڕ:

info@mukiryani.com ئیمەیل:

**بۆ شێخی دڵم:**
**خۆشەویستیی تۆ**
**هێندەی ڕووناکایی پێ بەخشیوم**
**کە بتوانم، لەم تاریکستانەدا،**
**ڕەش و سپی**
**لە یەکدی هەڵاوێرم**

**فەرهاد شاکەلی**
**سەرەتای هاوینی ٢٠٠٩**

# پێڕست


١. پێشکەش
٢. پێڕست
٣. فکر و فەلسەفە: زمانێکی تایبەت، زمانێکی جیاواز
٤. ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە نیگەرانم دەکات
٥. سیاسەتی ڕۆژاوا دژی نرخەکانی مرۆڤایەتییە
٦. لە مەولانای ڕۆمییەوە تا مۆنیکا لیڤینسکی Monica Lewinsky
٧. ڕۆژی حەوتەم، چوار لاپەڕە، کەناڵێکی تازە و هێندێ باسی تریش
٨. ڕۆژاوا
٩. ڕۆژهەڵاتناسان
١٠. ئێمە لەوانەیە بتوانین مێژوو بگۆڕین، بەڵام ناتوانین جیۆگرافیا بگۆڕین
١١. فەرهەنگی خۆڕووخێنی
١٢. شەڕی شارستانەتییەکان یا لەیەکگەیشتنیان؟
١٣. تۆزێکیش سیاسەت
١٤. ڕێنوێنی ناو و چەمکەکان

# فکر و فەلسەفە: زمانێکی تایبەت، زمانێکی جیاواز

**یەک**

سنووری نێوان بابەتەکانی فکر و سیاسەت زۆر ناسک و نادیارە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە تەماشای ئەو دوو بوارە بکەین، دیارە هەر یەکێکیان دیسیپلینێکی سەربەخۆیە، بەڵام هاوکاتیش بە کۆمەڵێ ڕایەڵی کارلێککردن و هاوچەشنی پێکەوە بەستراون و نزیکییەکی زۆریان هەیە. هەر ئەم نزیکی و هاوچەشنییەیشە کە دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی باسەکانی سەر بە هەردوو بوارەکە، کاتێ لە پلەیەکی نزم و نازانستانەی بیرکردنەوەدا لێیان دەکۆڵرێتەوە. ئەم تێکەڵکردن و شێواندنە زۆرجار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بنەما و پێکهاتەی بابەتەکان لە گوتوبێژ و هاوپرسەکییەکاندا جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت. ترکزەیەکی دیکە لەوەوە سەر هەڵدەدات کاتێ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵەرەوەکان، چ بە هۆی ناشارەزایی و

نەزانینەوە بێت یا بۆ چەواشەکردن و سوودی گرۆیی، هۆکار و بنەڕەتە مێژووییەکان و پاشخانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دێماگۆگییانەی وا پێشان دەدەن و پێشکەش دەکەن کە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. ئەمە بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا بە ئاشکرا لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا هەستی پێ دەکرێت. کە دەڵێم ڕاگەیاندن، مەبەستم تەنیا دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان نییە، بەڵکە لە هەموو دنیادا ئەمە بووەتە باو و بووەتە ئاکارێکی ئاسایی. جیاوازییەکی ئاشکرا لەم ڕووەوە پێکهاتە و پلەی بەرپرسایەتیی دەستگاکانە، لە لایەک، و لە لایەکی دیکەیشەوە پلەی ئازادی و هۆشیاریی کۆمەڵگە و تاکەکەسە و دەستگەیشتنە بە سەرچاوەی زۆر و سەربەخۆ و جیاوازی زانیاری. ئەم مەرجە لە کوردستانی ئەمڕۆدا هێشتاکە ئامانجێکە دەبێ بە ساڵان خەباتی بۆ بکرێت و زەوینەی بۆ ئامادە بکرێت. ئەویش بەو مەرجەی دەستەڵاتی سیاسی، یا دەستەڵاتە سیاسییەکان، لە بایەخی پرسیارەکە بگەن و بە دڵسۆزییەوە بیکەنە یەکێک لە پرۆژە گرنگەکانیان لە بواری پەروەردە و پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەدا.

هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز و هەر بەو پێیەیش هەڵوێستی جیاواز لەسەر ڕووداوە سیاسی و ناسیاسییەکان دیاردەیەکی ئاسایی و پێویستیشە، بەڵام ئەم گریمانەیە تەنیا تا ئەو سنوورە ڕاستە کە لایەنە جیاوازەکانی باسەکە ئازادی و مافی تەواو و

یەکسانیان هەبێت چ بۆ دەربڕین و چ بۆ دەرنەبڕین (دەزانم ئەمەی دووەمیان لە کۆمەڵی کوردەواریدا چەمکێکی هێشتا نائاشنا و کەسنەدیتووە).

لە دوو ڕووەوە هەڵاواردنی فکر و سیاسەت بۆ کەسانی خوێنەوار و ڕووناکبیر ئاسانترە:
ئەلف: ئەو زمانەی بە کار دەهێنرێت؛ مەبەست هەم پێکهاتە و ستروکتوری زمانە وەک زانستێک کە لۆگیکی خۆی هەیە و بەندە بە قانوونەکانی ڕێزمان و فۆنەتیک و سینتاکسەوە، هەمیش وەک شێوەیەکی دەربڕین، کە ڕەنگە ئەمڕۆ بکرێ وەک دیسکۆرس (ئاخاوتە) ناو ببرێت.
بێ: ئامانجی نووسەر و ئەو پەیامەی دەیەوێ بیگەیەنێت؛ ئایا عەودالی ئەوەیە بۆ خەڵکە زۆروزەبەندەکە قسە بکات و وەک سەرکردەیەکی سیاسی ڕوو لە "جەماوەر" بکات بۆ وروووژاندنیان، بەڵام هاوکاتیش بۆ وەدەستهێنانی پشتگیرییان؟ یان دەیەوێ لەگەڵ عەقڵ و ئاوەز و توانستی بیرکردنەوەی ڕووناکبیران و بیریاران و هەندێ لە سیاسەتمەدارانی هۆشیاردا قسە بکات بە ئامانجی گۆڕینێک لە سیستەمی فکریی ئەواندا و بە مەبەستی وروووژاندنی ڕووبەری فکر و ئیدیا لە پانایی فەرهەنگی و فکریی کوردیدا؟

**دوو**

بۆ نووسەرێک کە پێوەندیی بە دنیای فکر و فەلسەفەوە تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوە و نووسینەوە بێت و بەوە ڕاهاتبێت لێکدانەوەکانی خۆی بە هۆی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بگەیێنێتە خوێنەر، شێوەی دەربڕین و دارشتنی ئاخاوتەکانی هەمیشە لە بازنەیەکی ئابستراکتدا دەمێنێتەوە و دەزوویەکی ڕەنگدار بەرهەمەکانی دەباتەوە بەرەو سەرچاوەکانی فکر.

لەو نووسینانەمدا کە زیاتر لەگەڵ بابەتەکانی سەر بە فکردا خەریک دەبن، هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە نەخلیسکێمە ناو گوتوبێژێکەوە کە لایەنی ئیدیۆلۆگی و سیاسەت بە شێوەی ڕۆژانە تێیدا زاڵ بن. ئەو خۆپارێزییە ئاسان نییە، بگرە زۆریش سەختە؛ چونکە ئەگەر نەڵێم هەمیشە، ئەوا زۆربەی جار، کەسانێکی کارامە و ڕاهاتووی بازاڕی ئیدیۆلۆگی و سیاسەتی ڕۆژانە دەخزێنە ناو کۆمەڵی ڕووناکبیران و کەسانی فەرهەنگکارەوە، لە لایەکەوە بۆ پۆشینی جلێک کە ڕەنگە ئەگەر لە دەرەوەی ئەو جغزانەدا پێیەوە ببینرێن، لەجێی ئەوەی ببنە جێی سەرنجڕاکێشانی خەڵک دەبنە جێی گاڵتە و تەشەریان، لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ تێکەڵکردنی ناوەڕۆک و ئاراستەی ئاخاوتەکان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی دروشمە سیاسییەکانی خۆیان بەرەو پلەیەکی فکریی وا کە ڕێزێکی زۆرتر بۆ خۆیان و پەیامەکەیان دەستەبەر بکات.

بۆ ڕاکێشانی هێڵێکی دیار و ئاشکرا لەنێوان خۆم و ئەو جۆرە ئاخاوتانەدا، پێم باش بووە لە دوو ڕووەوە هەم خۆپارێزییەکە سەرکەوتوو بێت و هەم مەرجێک بۆ بەشداربوونەکە دابنێم کە نووسەرانی سیاسەتی ڕۆژانە لە سەرەتایدا پەکیان دەکەوێت:

١. بەکارهێنانی مێتۆدۆلۆگییەکی نووسین و موناقەشە کە هەمیشە پێبەست بێت بە بنەماکانی زانست و لۆگیکەوە و دوور بێت لەو شەڕ و ژاوەژاوەی زۆرجار بە ناوی باسی سیاسی و فکرییەوە دەرخواردی خوێنەر دەدرێن؛

٢. لە باس و لێکۆڵینەوەکاندا لە چوارچێوەی قاموسێکی زمانەوانی و تێرمینۆلۆگیی وەهادا کار بکەم، کە بەشی هەرە زۆری نووسین و گوتارەکانی وڵاتی ئێمە لێی بێبەشن.

زمان لەم وتارانەدا زمانێکی زۆر تایبەت و پڕ لە وردەکارییە. نووسین لەبارەی بابەتی فکرییەوە زمانی تایبەت و تێرمینۆلۆگیی تایبەتی خۆی دەوێت. لە کوردیدا ئێمە کەمتر بەوە ڕاهاتووین ناوەڕۆکی بابەتەکانمان بڕیار بدەن چ جۆرە زمانێک و کام زاراوانە بکەینە کەرەستەی گەیاندن و پێوەندییەکی عەقڵانی و هۆشیارانە. لەناو هەموو نووسەرانی کوردی سەدەی بیستەمدا لە مامۆستایان مەسعوود محەمەد و شوکور مستەفا و محەمەد کەمال بەولاوە کەسی دیکەم بەرچاو ناکەوێت زمانە کوردییەکەی لەگەڵ بابەتەکانی فکر و فەلسەفەدا، ئەگەر لە پلەیەکی یەکجار بەرزیشدا نەبووبێت، گونجاندبێت. ڕەنگە مارکسیستەکانی کوردستان هەوڵێکی یەکجار کەم و نازانستییان

دابێت بۆ گونجاندنی زمانی کوردی لەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزمدا، بەڵام ئەم هەوڵدانە هەمیشە لە بوارێکی سیاسیی ڕۆژانەدا ڕووی داوە و لە چوارچێوەی پرۆپاگاندایەکی پارتایەتیدا پێشکەش کراوە، هەر بەو پێیەیش زمانی بەرەو ساکاری و ئاسانییەکی وەها بردووە کە بێبەشی کردووە لەو قووڵی و جوانی و چڕییەی بۆ زمانی فەلسەفە پێویستە. لەوەیش بترازێ، بواری بەکارهێنانی زمان لای مارکسیستەکان زۆر تەسک و سنووردار بوو؛ بە ڕادەی یەکەم چەمکەکانی شەڕی چینایەتی و سیاسەتی ڕۆژانە و هونەری بنیاتنانی ستروکتوری ڕێکخراوی سیاسیی دەگرتەوە و لە پلەی دووەمیشدا سیستەمی ئابووری و شێوەکانی بەرهەمهێنان. کارکردن بە زمانی کوردی لەو بوارانەدا بێجگە لە تێکۆشانێکی سەخت بۆ دوورنەکەوتنەوە لە گەوهەری باسە فکرییەکان، بە هۆی هەژاریی تێرمینۆلۆگیی فەلسەفە و فکرەوە بە کوردی، هەوڵدانێکی هاوکاتیشە لەپێناوی ئەوەدا کە هێندەی بتوانیت تێرمەکان بە کوردی بە کار بهێنیت و بەو شێوەیەیش وردەوردە قامووسێک یا لیستێکت لا کۆ دەبێتەوە، کە ڕەنگە لە ناچاریدا وای دابنێیت ئەو قامووسە یا ئەو لیستە بناخەیەکن بۆ قامووسێکی فکری و فەلسەفی، کە هەرگیز کاری یەک یا دوو یا دە نووسەریش نییە، بەڵکە کاری کۆمەڵێک زمانەوان و کەسانی شارەزای فکر و فەلسەفەیە.

دەمەوێ بڵێم ئەرکی ڕووناکبیرێک کە دەیەوێ توخنی باسە فەلسەفی و فکرییەکان بکەوێت هەر تەنیا پێشکەشکردنی فکر و

بەڵگەهێنانەوەی مەنتیقی نییە، واتە تەنیا ڕووناکی خستنە سەر ناوەڕۆک نییە، بەڵکە هاوکاتیش ئەرکێکی زمانەوانییە کە خۆی لە بەجێهێنانیدا تەنیا و بێکەس دەبینێت، چونکە پێشینەیەکی هێندە دەوڵەمەند و ئەزموونراوی لە بەردەستدا نییە پشتی پێ ببەستێت.

**سێ**

بەشێکی کەمی ئەم نووسینانە پێش تەواوبوونی سەدەی بیستەم نووسراون و هەندێکیشیان لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا نووسراون، بەتایبەت دوای ئەو هێرشەی کرایە سەر ناوەندی جیهانیی بازرگانی(World Trade Center) لە نیوویۆرک لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١دا. ئەو ساڵانە هێرشی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئەمەریکا زۆر دڕندانە بوو. شەپۆلێکی توندی دژایەتیکردنی ئیسلام سەرتاپێی ڕۆژاوا و بەشێکی زۆری جیهانی گرتەوە و بوو بە هێزێکی ئیدیۆلۆگی و سیاسی و فەرهەنگیی وەها کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بەرەو هەڵدێران دەبرد و ئیمکانی پێکدادان و هەڵگیرسانی شەڕی لە جیهاندا زیاتر دەکرد. دەستگاکانی ڕاگەیاندن چییان پێ بکرایە بۆ چەواشەکردنی خەڵک و شاردنەوەی ڕاستییەکان و دروستکردنی ڕق و ناحەزی دەیانکرد. من هەر ئەو کاتەیش پێشبینیی ئەوەم کردبوو کە ئەم هێرشە ناڕەوا و دڕندانەیە کاردانەوەیەکی گەورەیش دروست دەکات لای مرۆڤە هۆشیار و

ڕاستیخوازەکانی ڕۆژاوا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕوویان کردووەتە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بە ئامانجی شارەزا و ئاشنابوون بە لایەنە ڕۆحی وزانستییەکانی ئیسلام. هەر لەناو ئەمانەیشدا ژمارەیەکی لەبەرچاویان باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە و کردوویانە بە دینی خۆیان.

ئەو وێنە گشتییەی ئیسلام کە لە ڕاگەیاندنی ڕۆژاواییدا دەکێشرێت و پیشان دەدرێت، وێنەیەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانە و لە هەڵوێستێکی قیناوی و دوژمنانەوە دەبینرێت. ئەم هەڵوێستە نەک هەر لەگەڵ ڕەوشت و نرخەکانی مرۆڤایەتیدا ناتەبایە، تەنانەت لەگەڵ ئەو بنەما و پێوەرانەیشدا ناگونجێت کە هەر ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا خۆی لە بواری دیکەدا دەیانپەژرێنێت و بە کاریان دەهێنێت. هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەی ئەمڕۆی ڕۆژاوا بەرانبەر گەلانی موسڵمان و عەرەب و ڕۆژهەڵات بەردەوامییەکی ئەو سیاسەتە هێرشبەرانەیە کە، هەر نەبێ بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا، لە هەڵمەتی داگیرکردنی میسرەوە، بە سەرۆکایەتیی ناپۆلیۆن بۆناپارت (١٧٦٩-١٨٢١)، لە ساڵی ١٧٩٨دا دەستی پێ کرد. مێژووی ڕەشی کۆلۆنیالکردنی گەلان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە لایەن کۆلۆنیالیستانی فرانسی و بریتانی و دواتریش ئەمەریکاوە، شتێک نییە هیچ کەسێکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز شانازیی پێوە بکات.

ئەرکی ئەم کتێبە ئەوە نییە هێڵە درشتەکانی ئەو ئیسلامۆفۆبیایەی سیاسەت و دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا دروستیان کردووە، شی بکاتەوە بە ئامانجی پووچاندنەوە و هەڵوەشاندنەوەیان. هەروەهایش کەمتر خۆی بەوەوە خەریک دەکات کە ناوەڕۆکی ئابووریی سیستەمی سەرمایەداری و ئیمپەریالیزم لێک بداتەوە. خوێندنەوەی سیاسەتی هێرشبەرانەی ئیمپەریالیزم زیاتر لەو ڕووەوە سەرنجی من ڕادەکێشێت کە تا چەند ڕوو دەکاتە ناوچەکەی ئێمە، وەک یەکەیەکی جیۆگرافی و فەرهەنگی و شارستانی.

جێی داخە، بەڵام جێی سەرسووڕمان نییە، کە بەشێکی زۆری ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەدار و کارمەندانی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان (و زۆر ناوچە و وڵاتی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش)، بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی و هەرزان و ناشیرین کەوتبوونە، ئێستایش کەوتوونەتە، ژێر کارکردی بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستانەی ڕاگەیاندنی ڕۆژاواوە و وەک لەشکرێکی بەلاش و ناشارەزا و مەشقنەکردوو خزمەتی ئامانجەکانی ئیمپەریالیزمیان کردووە و دژی فەرهەنگ و شارستانەتی و بەرژەوەندە ڕاستەقینەکانی نەتەوە و نیشتمان و ناوچەکەی خۆیان ڕاوەستاون. ئەمە ئەگەر شتێک جەخت بکات، ئەوەمان لا جەخت دەکاتەوە کە فەرهەنگی ئێمە چەند هەژارە و زڕەڕووناکبیرەکانی ئێمە چەندە هۆگری هەوا و نسێی ئەشکەوتەکانی سەدەکانی ڕابوردوون. دەبێ چ بیرکردنەوەیەک

لەوە هەژارتر و ناخەیاڵاویتر بێت، کاتێ شاعیرێکی ناسراوی کورد ئیمەیڵێک بۆ هاوڕێکەی دەنووسێت و سەرناوەکەی دەکاتە "بژی بوش"، یا کاتێ ڕۆژنامەوانێکی جاران کۆمونیست و "پێشکەوتنخواز" وتارێک بڵاو دەکاتەوە و ناوی دەنێت "بژی ئەمریکا!". دوو دەرئەنجامی ئەم دیاردەیە بە لای منەوە سەرنجڕاکێشن:

١. بەکارهێنانی چەمک و تێرمینۆلۆگیی ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕۆژاوا، بێ ئەوەی هیچ جۆرە هاوبەشییەک لەنێوان ئەو چەمکانە و ڕاستیی هەلومەرجی نەتەوە و نیشتمانی ئێمەدا هەبێت و بێ ئەوەی زەوینەیەکی سرشتییان هەبێت. ئەو تێرم و چەمکانە جۆرە چەکێکن بۆ شەڕێکی تایبەت دروست کراون و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئێمەوە نییە و ئەو شەڕەیش ڕەنگە شەڕێک بێت دژی ئێمە، بەڵام شەڕی ئێمە نییە.

٢. دەستگرتن بە هەندێ زاراوەوە کە بەرهەمی بیر و ڕوانینی ڕۆژاوان و بێگومان لایەنی باش و ڕووناکیشیان هەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بە شێوەیەک خراونەتە کار کە بە تەواوی دژی ناوەڕۆکی ئەو زاراوانەیە و بۆ مەبەستێکی دیکەی تەواو جیاواز بڵاو دەکرێنەوە و مێشکی خەڵکیان پێ دەئاخنرێت. دوو لەم زاراوانە جیهانگەرایی [عولمة Globalization] و دنیایەتی/سێکولاریزم [علمانیة/دنیویة Secularism]ن. ئەو جیهانگەرایی و سێکولاریزمەی لە کوردستاندا باس دەکرێن و بانگەشەیان بۆ دەکرێت فڕیان بەسەر ئەو ناوەڕۆک و

تێگەیشتنەوە نییە کە من لێرە، لە ئەوروپا، دەیئەزمووم و ئاگام لێیەتی.
ئەم پشێوی و ناڕوونییە هەر لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکە زادەی ناڕێکییەکی گەورەترە کە نەبوونی "سیاسەتی فەرهەنگی : Cultural Policy" دروستی کردووە. ئەگەر ڕێبەرانی وڵاتی ئێمە کەمترین زانیاری و هۆشیارییان لەبارەی گرنگیی سیاسەتی فەرهەنگییەوە هەبووایە، زۆربەی ئەو کێشانەی پێوەندییان بە فەرهەنگ و شارستانەتی و پەروەردە و ڕاگەیاندن و زمان و هۆشیاری و ناسنامەی نەتەوایەتییەوە هەیە چارەسەر دەکران. ئەودەم ئەو هەموو خەڵکە وا بە ئاسانی نەدەکەوتنە بەر شەوارەی پرۆپاگاندای ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا، بە تایبەت ئەو لاوانەی ئەزموون و خوێندەوارییەکی کەمتریان هەیە.

**چوار**

لە هەڵبژاردنی ناوی ئەم کتێبەدا برێک دوودڵ بووم، ئایا ناوێکی زەقی سیاسی یا فکریی بۆ دابنێم، یا تۆزێک شاعیرانە بیری لێ بکەمەوە؟ یەکالاکردنەوەی ئەو گرفتە ئاسانتر بوو تا هەڵبژاردنی ناونیشانە لاوەکییەکە. کامیان چاکتر بوو: بمگوتایە پێوەندیی نایەکسانی کورد و ڕۆژاوا، یا ئێمە و ڕۆژاوا؟ من کتێبەکەم بە کوردی نووسیوە و بە پلەی یەکەم بۆ خوێنەری کوردم نووسیوە، بەڵام ئەو بابەتانەی لەم نووسینانەدا لێیان نزیک کەوتوومەتەوە لەو جۆرەن کە گەل و نەتەوە و وڵاتی دیکەیش

دەگریتەوە. هەر کورد نییە کە ئەو پێوەندییە نایەکسانەی هەیە، بگرە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات ئەو ئەزموونەیان لەگەڵ ڕۆژاوادا هەیە. هەر ئەم گشتیبوونەی باسەکە چەند مەودایەکی دیکەیش دەبەخشێتە ناوەڕۆکی نووسینەکان کە ئەگەر تەنیا بیرم لە کوردستان بکردایەتەوە، بێگومان لەو ئاسۆ فراوانە بێبەش دەبوون.

پاژێکی ناوەندی و بنەڕەتیی ئەم کتێبە "ڕێنوێنی ناو و چەمکەکان"ـە کە دەبێتە دوابەش. دانان و ڕێکخستنی ڕێنوێن یا وشەنامەیەکی لەم بابەتە بە زمانی کوردی تەنیا بەوە نابڕێتەوە کە هەندێ زانیاریی بنەڕەتی لەسەر کەسێک یا چەمکێک کۆ بکەیتەوە و بە زمانی کوردی دایانبڕێژیت. نەبوونی نەریتێکی زانستی و فەرهەنگکارانەی پتەو بە زمانی کوردی، نووسەر ناچار دەکات بە کۆششێکی فراوان و قووڵەوە نووسینەکەی خۆی لەگەڵ بنەماکانی زانست و ئەکادێمیا و ئەنسیکلۆپیدیادا بگونجێنێت، تا بتوانێ لایەنی کەمی ئەو بنەمایانە ڕەچاو بکات. ئەمە لە زمانانی پێشکەوتوودا کە نەریتێکی کۆنتر و دامەزراوتریان هەیە، بووەتە بەشێک لەو قەوارە زانستییەی کە بە شێوەیەکی ئامادە لە بەردەستی نووسەر و خوێنەر و لێکۆڵەرەوەدا هەیە و پێویستیان بە خۆماندووکردنێکی زۆر نییە بۆ پەیداکردنی. لە زمانی کوردیدا، هێندەی من ئاگادار بم، بەشی زۆری هەوڵەکان شێوەی لێکسیکاڵیان وەرگرتووە، واتە

وشەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگێکدا، یا لە وشەنامەیەکدا، کۆ کراونەتەوە و هەوڵ دراوە لێک بدرێنەوە و ڕوون بکرێنەوە، بەڵام ئەمە لەگەڵ ڕۆنان و دامەزراندنی چەمک و تێرم و ناساندنی ناو و بیری جۆراوجۆردا، دوو شتی جیاوازن.
نووسینی ئەنسیکلۆپیدیایی هونەرێکە بنەما و شێوە و قانوونی خۆی هەیە. ئەو کورتکردنەوە و زمانە چڕ و پڕ لە زانیارییەی دەبێ بە کار ببرێت، سنوورێکی وا بۆ نووسەر دروست دەکات کە دەبێ زۆر بە وریایی و هۆشیارییەوە ئەرکێکی وەها بگرێتە ئەستۆ و ئامانجی ئەوە بێت سەرکەوتووانە ئەنجامی بدات. لە ڕێنوێنی ئەم کتێبەدا من هەوڵم داوە بە کورتی ٦٠ ناو و چەمک، لەوانەی لەناو بابەتەکاندا باس کراون، پێناسە بکەم بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکان بگات و زانیارییەک لەبارەی پاشخانی ئەو ناو و چەمکانەوە کە دەکەونە بەرچاوی، وە دەست بهێنێت.

لەو دە بابەتەی لەم کتێبەدا بڵاو دەبنەوە یەک دانەیان لە بنەڕەتدا بە ئینگلیزی نووسراوە. دۆستێکی ئیتالیم، خاتوو ئێولە پینتۆ، داوای لێ کردم وەرامی پرسیارەکانی "گۆڤاری ئینستیتووتی مێژووی بەرهەڵستی" لە سیینا بدەمەوە. گۆڤارەکە لە ژمارەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ی خۆیدا تەوەرێکی لەسەر کوردستان، لە ئامادەکردنی خاتوو سیلڤیا فۆلشی، بڵاو کردەوە و وەرامەکانی

منیش بەشێک بوون لە بابەتەکانی ئەو تەوەرە. ئەو تێکستەی لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێتەوە تەرجەمەی تێکستە ئینگلیزییەکەیە و یەکەمین جارە بە کوردی بڵاو دەبێتەوە.

فەرهاد شاکەلی
ستۆکهۆڵم، گەڕەکی سۆللەنتوونا
٢٠٠٩/٥/١

# ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە نیگەرانم دەکات

بەشێکی زۆری ئەوانەی لەبارەی ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلوولەوە دەنووسن، پێیان وایە ئەم ڕۆژە دەبێتە سنووری نێوان دوو سەردەمی جیاواز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ڕەنگە زۆربەمان لەگەڵ ئەم قسەیەدا هاودەنگ بین، بەڵام کە دەگاتە ئەوەی باوەڕەکە لێک بدەینەوە و لە هۆ و ئەنجامەکانی بکۆڵینەوە، لە یەکدی جیا دەبینەوە و بە شێوەی جیاواز دەیبینین. هەر لێرەیشەوە هەڵوێستی جیاواز لە باسە گرنگەکانی ئەم سەردەمە، کە هەر یەکە بە شێوەیەک بە دەوروبەری ڕووداوەکەدا دەگیرسێتەوە، پەیدا دەبێت و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناهاوتا و ناتەبا دێنە ئاراوە. ئەم ناتەبایی و جیاوازیی هەڵوێستوەرگرتنە تەنیا ئەمڕۆ و ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ناگرێتەوە، بەڵکە بە

شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو ڕابوردوویش دەگەڕێتەوە و مێژوویش دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو و زیندووی دنیای ئەمڕۆ. بەم جۆرە مێژوو نەک تەنیا وەک پاشخان چاوی لێ دەکرێت، بەڵکە وەها گەردان دەکرێت کە لەناو یەکێک لە چوارچێوە زۆرەکانی ئەم سەردەمەدا جێگەی بدرێتێ و بکرێتە بنەڕەتێکی کاریگەر و بڕیاردەر.

ڕوویەکی گرنگ و بایەخداری ئەم باسە دەکرێ لە دوو دیاردەدا ببینرێت:

یەکەم: هەر لە یەکەم ڕۆژ و یەکەم سەعاتی ڕووداوەکانی نیوویۆرک و واشینگتۆنەوە دەمەتەقێ و گفتۆگۆ و لێکدانەوە دەستی پێ کرد و بەرەبەرە وای لێ هات کە سەرتاسەری دنیای گرتەوە. ئێستا گۆشەیەکی ئەم سەرزەوییە نەماوە پڕیشکێکی دەنگدانەوەی ڕووداوەکە یا هەڵوێست لە ڕووداوەکەی بەر نەکەوتبێت؛

دووەم: ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر و فرەبابەت لە گفتۆگۆ و لێکدانەوەکاندا بەشداری دەکەن، بەڵام تا ڕادەیەکی باش و دڵخۆشکەر لێکدانەوە و شیکردنەوەکان لە ئاست و پلەیەکی بەرز و فکریدا دەکرێن.

تەنانەت خەڵکی ئاساییش کە هەڵوێست وەردەگرن، دیسان ناچارن ڕەنگێکی فکری و فەرهەنگی لە هەڵوێست و قسەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان لەناو باسەکاندا جێیان ببێتەوە و مەرجی لایەنی کەمی بەشداربوونیان جێبەجێ کردبێت. ڕەنگە لە

هەمووان بێدەربەستتر سیاسەتمەداران بن کە، زۆر جار، قسەی وایان لە دەم دەردەچێت دوورە لە هەموو پێوەرێکی ئاوەزکارانە و فکرییەوە. ئەوان هەندێ جار بۆ ڕانانی توانستی دیپلۆماتیکانەی خۆیان بیرە بازاڕی و بێناوەڕۆکەکانی خۆیان بە وشە و دەربڕینی پێچەڵپێچ دەشارنەوە، ئەمەیش هونەرێکە بۆ چاوبەستی خەڵکی سادە.

کە لەم وێنەیە ورد دەبینەوە، یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە ئاست و پلەی ئەم گفتوگۆ و لێکدانەوانە لای کورد چەندە نزم و بێناوەڕۆکە، بەشداریی ڕووناکبیرانی کورد چەندە لاوازە و خیتابی فکری و سیاسییان چەندە شوێنکەوتووی خیتابی سیاسییە و هەر بەو پێیەیش چەندە دوورە لە گەوهەر و نرخە فەرهەنگی و شارستانەتییەکانەوە. بۆ تێگەیشتنی ئەم نەخشە بێڕەنگە، یا یەکڕەنگەی خیتابی ڕۆشنبیرانەی کورد، مرۆڤ ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر پرسیاری ئەوەی ئایا سانسۆری سیاسییە کە ناهێڵێ ڕووناکبیران و خاوەنبیران باوەڕ و بیری خۆیان دەرببڕن؟ یا هەر لێکدانەوە و خیتابی فکری و ڕۆشنبیریی کورد خۆی لەو ئاستەدایە و، هەرچییەکیش دەگوترێت و دەنووسرێت ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە خۆیەتی؟

یانزدەی ئەیلوولی ئەمساڵ (٢٠٠١) ڕۆژی سێشەممە بوو، ڕۆژی هەینییەکەی ئەو حەفتەیە، چواردەی مانگ، لە هەموو ئەورووپادا، لە کارگە و خوێندنگە و بازاڕ و فرۆشگاکان و لە هەموو جێگەکان بۆ پێشاندانی ماتەمینی، سێ دەقیقە ڕاوەستان و

بێدەنگی ڕاگەیێنرا، بەڵام سەدان و هەزاران کەس ڕێک لە سەعات دوانزەدا، کە دەبوو ڕاوەستێن و بێدەنگ بن، وەک نیشانەی پرۆتێست و ناڕازیبوون ئەو جێگایانەیان بە جێ هێشت و بەشداریی ئەو سێ دەقیقەیەیان نەکرد. هەندێ لە نووسەران و ڕووناکبیران یا بە گفتوگۆی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی، یا بە وتار لە ڕۆژنامەکاندا، هەڵوێستی خۆیان ڕوون کردەوە و ئەم کارەیان بە دووڕوویی و ڕەگەزپەرستی لە قەڵەم دا. نووسەرێکی ناسراوی سوێدی وتی: لە جێگای دیکەی دنیا دەیان و سەدانهەزار کەس کوژران و لەناو بران، بەڵام ئەورووپا چارەکە دەقیقەیەکیش ڕێزی نەگرتن و بێدەنگیی ڕانەگەیاند، بۆچی دەبێ ئەم ڕێزگرتنە شایانی مرۆڤی ئەمەریکایی بێت؟ وەک نموونەی ئەو گەلانەی کە تووشی قڕکردن و جینۆساید هاتوون یەک دوو جارێک کوردیش ناو برا. من خۆم ئەو ڕۆژە کارم نەدەکرد، بەڵام کاریشم بکردایە، بێگومان، نە ڕادەوەستام و نە بێدەنگ دەبووم.

هەر دوابەدوای ڕووداوەکەی یانزدەی ئەیلوول شەپۆلێکی گەورە و بەهێزی لێدوان و لێکۆڵینەوە لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا دەستی پێ کرد و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی دنیا بەشدارییان تێدا کرد: ئیدوارد سەعید، نوعام چۆمسکی، محەمەد حەسەنێن هەیکەل، نۆرمان میلەر، هێنری کیسینگەر، تۆنی بلەیر و شیمۆن پێرێس و دەیان و سەدانی دیکەی وەک ئەوان.

له ماوەی مانگی ڕابوردوودا من بێ ناوبڕ و بە پەرۆشەوە تەماشای ماڵپەڕەکانی کوردستانم کردووە و نووسراو و لێکدانەوەکانیانم خوێندوونەوە و هەوڵم داوە وێنەیەکی بەرین و گشتگری باوەڕ و بۆچوونە جۆراوجۆرەکانم دەست بکەوێ. زۆرم بە لاوە گرنگ بوو بزانم ڕووناکبیرانی کورد چۆن بیر دەکەنەوە و لەم ڕووەوە چییان پییە بیلێن؟ بەڵام هەر زوو بێهومێد بووم و وێنەیەکم هاتە بەرچاو کە تەنیا یەک ڕەنگی پێوەیە، ئەویش ڕەشە. ئەم دەرئەنجامە ئەوە نیشان دەدات کە ژیانی فەرهەنگی و فکری لە کوردستاندا تووشی قەیرانێکی چەند سامناک هاتووە و ڕووناکبیرانی کورد گەیشتوونەتە لێواری هەڵدێرێکی چەند ترسێنەر! ئەوەی لەو ماوەیەدا من بەرچاوم کەوتووە و خوێندوومەتەوە هێندە هاوشێوە و هاوڕەنگ و هاودەنگە کە مەگەر پیاوی درۆزن بتوانێت لە یەکدییان هەڵبوێرێ. ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە بەڕاستی نیگەرانم دەکات. ئەم یەکدەنگی ویەکڕەنگییە سیستێمە تۆتالیتێر و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانمان دێنێتەوە بیر، کە لە سەرەوە تا خوارێ هەموو بە یەک دەنگ و بە یەک گەروو، قازئاسا، هاواریان دەکرد و هەڵوێستیان دەردەبڕی. بەڵام هەموو کەسێکیش زانیویەتی و دەزانێت ئەو یەکدەنگییەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەنگی تاکە سەرۆک و تاکە پارتی بووە، دەنگی کەسانی هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ بووە، نەک دەنگی ڕووناکبیرانی ئازادەبیر و بیریارانی مرۆڤدۆست و نرخناس.

تۆ بڵێی لەو کوردستانە پان و بەرینەدا دەنگ و ڕەنگی دیکە نەبن؟ ئەی ئەگەر هەن، لە کوێن و بۆ دەرناکەون؟ ئەم سەردەمە سەردەمی دیواری بەرلین و شەڕی سارد نییە تا بڵێین هەموو دەرگاکان داخراون و هەموو پەنجەرەکان بە قوڕ سواخ دراون. خۆ هیچ نەبێ یەک دوو کەسێک دەیانتوانی دەنگی خۆیان بگەیێننە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ڕادیۆکانی دەرەوەی کوردستان. ئەی باس و گفتوگۆکان لەناو ڕووناکبیرانی کوردی دەرەوەدا لە چ پلە و ئاستێکدایە؟

ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکانی کوردستاندا دەنووسرێت و لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا پەخش دەکرێت، هێندە هاوئاهەنگ و تەبایە، هەر دەڵێی بەرهەمی نووسەرە ڕەسمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا یا هەواڵنووسانی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکایە. لێکۆڵینەوەکان هەر یەک شت دەڵێن، سیاسەتزانان و سیاسەتمەداران و قانووونناسان، ڕووناکبیران و مامۆستایان و ڕۆژنامەنووسان، لە هەر لایەک بن، سلێمانی یا هەولێر، هەر یەک شت دەڵێن. دەڵێی پەرجوویەک (معجزة) ڕووی داوە و بۆ یەکەم جار کورد لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون یەکدەنگ بن، بەڵام نەک بۆ مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی خۆیان، بەڵکە بۆ پشتگریی ئەمەریکا و ڕۆژاوا، بۆ دژایەتیکردنی گەلانی چەوساوە و داگیرکراو و پێپەست، بۆ پشتکردنە فەرهەنگ و نەریت و شارستانەتی و مێژووی خۆیان و ناوچەکەیان. ئایا ئەمە یەکگرتنێکی نەتەوایەتییە؟ ئایا ئەمە

یەکخستنی توانست و وزە و هێزە لەپێناوی ئامانجێکی گەورە و ڕەوادا؟ ئایا ئەمە ستراتیێگییەکی نەتەوایەتییە؟ تەکتیکێکی زیرەکانەی سیاسییە؟

هەر یەکسەر دوای ڕووداوەکەی یانزدەی ئەیلوول، کۆمەڵێ باسی گرنگی فکری و سیاسی لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە وروووژێنران و هەر کەسێک لە لای خۆیەوە هەوڵی داوە بەشدارییان تێدا بکات و بیر و بۆچوونی خۆی پێشکەش بکات. گرنگترینی باسەکان دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە:

<> ئایا تەنیا تاکەکەس و گرۆ و تاقمی سیاسی تێرۆریستن یا دەوڵەتانیش دەکرێ تێرۆریست بن؟

<> ئەم شەڕەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا دەیکەن، شەڕ، دژی تێرۆریزم یا دژی ئیسلام و گەلانی ڕۆژهەڵاتە؟ ئەی ئەمە هەڵمەتێکی دیکەی خاچپەرستان نییە؟ ئایا ئەمە شەڕی بەرەی دیمۆکراسی و شارستانەتی و ئازادییە دژی تێرۆریزم و تێرۆریستان، یا شەڕی دەوڵەت و سەرکردەی تێرۆریست و فاشیستە دژی ئازادیخوازان و گەلانی بندەست؟

<> ئایا ڕاستە بین لادن و گرۆی ئەلقاعیدە (القاعدة) هەڵمەتەکەی سەر نیوویۆرک و واشینگتۆنیان ئەنجام داوە؟ یا گرۆ و کەسانی دیکەن و ڕۆژاوا بە زۆر دەیەوێ بەسەر ئەوانیدا بسەپێنێت؟

<> ئایا ئەمە سەرەتای جەنگی جیهانگری سێیەمە؟ ئەی ناشێ هاوکاتیش سەرەتای ڕووخان و کەوتنی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی و ڕۆژاوا و سیستێمی سەرمایەداری بێت؟
<> ڕۆڵی ئیسرائیل و لۆبییەکانی جوولەکەی زایۆنیست لە ڕووداوەکە و لە شەڕەکەدا چییە؟ ئایا ئەمە شەڕی ئیسرائیل نییە کە بە ئەمەریکای سپاردووە و خۆی لە دوورەوە تەماشا دەکات و بە هەمووان پێ دەکەنێت؟
<> دەبێ هەڵوێستی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی چی بێت؟ ئایا ئەوەی سەرۆک و پاشاکانیان دەیڵێن قسەی کۆمەڵە خەڵکێکی بەکرێگیراوی ڕۆژاوایە یا دەنگی گەلان خۆیانە؟
<> کارکردی ئەم کێشەیە بۆ پێشکەوتنی فکری و فەرهەنگی چییە؟ ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی بیریاران و ڕێبەرانی ئیسلام بە خۆیان و باوەڕەکانیاندا بچنەوە و بە جۆرێک ئیسلام پێشکەش بکەن کە ببێتە چەترێک بۆ هەموو چەوساوە و بەشخوراو و بێدەستەڵاتانی دنیا؟
ئەگەرچی دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەوروپا و ئەمەریکا لەسەر بنەڕەتی درۆ و چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندن و فریودان بنیات نراون و پارێزەری تەواوی سیستێمی سەرمایەدارین، دیسانیش پەراوێزێکی باریک و تەسک هەر ماوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیکەنە نیشانەی دیمۆکراسی و ئازادیی دەربڕین. ئەم پەراوێزە تەنیا خواستی خۆپێشاندان و چەواشەکردنی ئەوان ڕاینەگرتووە، بەڵکە هێز و گوشاری هەزاران خەڵکی ئازادیخواز و لاوان و

ڕووناکبیران و کەسانی دیمۆکراتی ڕاستەقینەیش بووەتە هۆی پاراستن و سوودوەرگرتنیش لێی. لە ژیانی ڕۆژانەی سیاسییشدا دیسان ئەم پەراوێزە هەر هەیە و بە شێوەی کاری پارلەمانی و خۆپێشاندان و سەندیکایی کاری پێ دەکرێت.
لە ماوەی مانگی ڕابوردوودا دەیان نووسەر و ڕووناکبیری ڕۆژاوایی دژی ئەمەریکا و سیاسەتی ئەمەریکایان نووسیوە و هەڵمەتی ڕەگەزپەرستی و شەڕی دژی ئیسلام و ئەفغانستانیان مەحکووم کردووە و داوای ئاگربەستیان کردووە. ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو، سێزدەی تشرینی یەکەم، لە سەرتاسەری ئەوروپا خۆپێشاندانی گەورە کرا دژی ئەمەریکا و دژی شەڕ. یەکێک لە دروشمە هەرە درەوشاوەکان "بوش مرۆڤکوژە" بوو. وێنەی ئەمەریکا ئەگەرچی پێشتریش ئەو وێنە خاوێن و خۆشەویستە نەبووە، نە لای لاوان و نە لای ڕووناکبیرانی مرۆڤدۆست و خەڵکانی دیمۆکرات و ڕاستیپەرستی ڕۆژاوا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو وێنەیە زۆر لە جاران ڕەشتر و دزێوترە. سەرسووڕهێن ئەوەیە کە لە کوردستان، ئەمەریکا وەک پارێزەری نرخەکانی ئازادی و چاکە و ڕاستی پێشکەش دەکرێ. دەستگاکانی ڕاگەیاندن هێندە بەپەرۆشەوەن بۆ پێشاندانی هاودەردیی خۆیان لەگەڵ لایەنی شەڕخوازانەی ئەمەریکا و ڕۆژاوادا، دەڵێی لە واشینگتۆن و لەندەن و تەلئەڤیڤ چاپ دەکرێن و پەخش دەکرێن، نەک لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک.

من نەهاتووم سیاسەتمەداران و سەرکردە سیاسییەکان بدەمە دادگای ویژدان و لە هەڵوێستیان بکۆڵمەوە، ئەگەرچی لە دڵیشەوە حەز دەکەم هێندە ژیر و وریا بن کە بزانن چۆن لە هەموو دەرفەتێک سوود وەردەگرن بۆ بەرژەوەندیی وڵات و نەتەوەکەیان، بێ ئەوەی ئەمە لەسەر حیسابی کەسی دیکە بێت. سوێدییەکان پەندێکیان هەیە دەڵێ: هەموو هێلکەکان لە یەک سەبەتەدا دامەنێ! بریا سەرکردەکانی ئێمەیش ئەوەندە چاوکراوە بوونایە کە سەبەتەی ڕەنگاوڕەنگی جیاوازیان بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ هەبووایە و بە کاریان بهێنانایە. من قسەم بە ڕادەی یەکەم لەگەڵ ڕووناکبیرانە، کە چۆنە وا سووک و ئاسان ڕەدووی سیاسەت کەوتوون و دروشمەکانی سیاسەت دەڵێنەوە؟ زۆر سەیرە کوردی هەمیشە داپڵۆسێنراو و دەربەدەر و پێپەست و ماڵوێران، پێی خۆش بێت ئەفغانستانی لە خۆی ماڵوێرانتر و چەوساوەتر، بۆمبباران و وێران بکرێت و وێرانستان و کاولستانەکەی، وێرانستانتر و کاولستانتر بێت.

لە ژیانی فەرهەنگی و سیاسی و فکریی کوردستاندا، ئێستە لە هەر سەردەمێکی دیکە زێدەتر پێویستمان بەوەیە بنەمای فرەدەنگی و فرەڕەنگی ڕەچاو بکەین و بپارێزین و گەشەی پێ بدەین. ئەمە ئەرکی ڕووناکبیرانە، باوەڕ و نرخەکانی مرۆڤایەتی و ڕاستی و ئازادی و جوانی بپارێزن و جەختی لەسەر بکەن و بیگەیێننە نەوەکانی دوای خۆیشیان.

حەفتەنامەی (گوڵان)، ژمارە: ٣٥٢، ڕۆژی ١٨-١٠-٢٠٠١

# سیاسەتی ڕۆژاوا دژی نرخەکانی مرۆڤایەتییە

١

جاریێ با پێشەکی لەوێوە دەست پێ بکەم کە ئەم بیروباوەڕانەی لەم نووسینەدا دەریاندەبڕم، بە هیچ جۆرێک، وەرامدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانە نییە کە ڕەخنەیان لە دیتن و بۆچوونەکانی من گرتووە. من زۆرم پێ خۆش دەبوو ئەگەر بگونجایە گفتوگۆیەکی فکری و فەرهەنگیی قووڵ و فراوان و دەوڵەمەند پێک بهێنرایە و، وتارەکەی من ببووایەتە هۆی وروژاندنی باوەڕی جیاواز و شڵەقاندنی گۆمی مەند و مەییوی بیر لە کوردستاندا، بەلام وا پێ دەچێت ئەوەی تا ئێستا بە بەرچاوەوەیە، وامان پێ ناڵێت. کاتێ کەسی بەرانبەر، بە

تێرمینۆلۆگییەکی ناتەبا و نالۆگیکییەوە دێتە پێشەوە ئیدی من ناتوانم لەو ئاخاوتنەدا بەردەوام بم، لەبەر دوو هۆی زۆر سادە:
١. کەسی بەرانبەر دەیەوێ منیش لەو چوارچێوە تەسک و بێڕەنگەدا، کە خۆی تێی کەوتووە، قەتیس بمێنم و دەرەتانی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئیپستمۆلۆگییەکانی مرۆڤایەتیم لێ ببڕێت و بەو شێوەیەیش وای پێشان بدات کە هەردووکمان باسی یەک شت دەکەین؛
٢. ئەو شێوە ئاخاوتنە زیانی لە قازانجی زۆرترە و نەکردنی چاکترە، چونکە لای بەشێکی زۆری خوێنەران وەک نموونەی گفتوگۆی فکری و فەرهەنگی حیسابی بۆ دەکرێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وا نییە.
لە هەلومەرجێکی وادا لەجێی ئەوەی کە وەرامی یەک بە یەکی بیرجیاوازەکان بدەمەوە، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەم مەودا و بنەڕەتەکانی ئەو ستیریۆتایپە دیاری بکەم کە تا ڕادەیەکی زۆر لە کوردستاندا و لە گەلێ جێگەی دیکەی ئەم دنیایەیشدا باوە. دەبێ بنەما ئیدیۆلۆگی و زانیارییەکانی (معلوماتی) ئەو ستیریۆتایپانە هەڵتەکێنرێن، بۆ ئەوەی نەبێتە زیندان بۆ هەزاران لاوی دڵ پڕ لە هیوا، کە زۆر بە دڵگەرمی و بە ڕاستی دەیانەوێ دنیایەکی دیکەی باشتر و ڕەواتر بهێننە دی.

٢
کێشەی هەرە گرنگ و ناوەندی لە باس و گفتوگۆیەکانی وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە، کە بەشێکی یەکجار زۆری ئەوانەی خۆیان لەو بەرەیەدا تاقی دەکەنەوە، پێڕۆیی هیچ مێتۆدۆلۆگییەکی زانستی و فکری و لۆگیکی ناکەن و سەر بە هیچ ڕێبازێکی زانستی نین، بەڵکە مەراقی ئەوەڵ و ئاخریان ئەوەیە لەو جغزەدا پشکێکیان بەر بکەوێت و وەک بەشدارێک ناوێکیان پێ ڕەوا ببینرێت. بە لای منەوە گرنگ نییە کەسێکی دیکە سەر بە کام فکر و فەلسەفەیە، بەڵام ئەوەم یەکجار لا گرنگە کە بزانم لە باس ولێکۆڵینەوەدا خۆی بە مێتۆدێکی زانستییەوە دەبەستێتەوە، کە بەپێی لۆگیکی تایبەت و دیار دامەزراوە. نەبوونی مێتۆدۆلۆگی دەبێتە هۆی داڕووخانی بناغەیەکی پتەوی باس و لێدوانی جیددی و زانستی.
وتاری (ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە نیگەرانم دەکات) کە لە ژمارەی ٣٥٢ی ڕۆژی ١٨-١٠-٢٠٠١ی گۆڤاری (گوڵان)دا بڵاو کرایەوە، دوو مەودای کردووەتە کرۆکی ئاخاوتن لەسەر ڕووداوەکانی مانگی نۆی ئەمەریکا:
یەکەم: شیکردنەوەکان لە پلە و ئاستێکی فکری و فەرهەنگیدا پێشکەش بکرێن، نەک لە ئاستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگیدا، کە ڕۆژانە سەدان و هەزاران وتار و بیری ڕاگوزاری لەو بوارەدا بڵاو دەکرێنەوە. کە دەڵێم ئاستێکی فکری مەبەستم ئەوەیە هەوڵ بدەین لە ڕەگوڕیشەی ڕووداوەکان تێبگەین و لە ڕوانگەیەکی

دیاکرۆنیکەوە بیانخوێنینەوە، بۆ ئەوەی لە هەڵەشەیی و بۆچوونی سەراوییی ئیدیۆلۆگی دوور بکەوینەوە. لۆگیکی ئیدیۆلۆگی هەر هێندە هێزی پێیە کە ڕوو بکاتە "جەماوەر" و بە زمانێک بیاندوێنیت کە لەگەڵ بیرکردنەوەی سنووردداری ڕۆژانەیاندا بگونجێت، بە نیازی ئەوەی بهێنرێنە جۆش و خرۆش لەپێناوی ئامانجێکی سیاسیدا، بەڵام فکر و فەلسەفە ئەو هێزە دینامیکییەن کە هەمیشە گۆڕان و وەرچەرخانە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتییان خولقاندووە و، کارکردیان هێندە قووڵ و بنەڕەتی بووە کە سەردەمێکی دوورودرێژی مێژوویان ڕەنگدار کردووە. ئاخاوتنی سیاسی و ئیدیۆلۆگی لە کوردستاندا دەیان ساڵە بووەتە شێوەی زاڵی فەرهەنگی و بیرکردنەوە. ترکزە (خەتەر)ی ئەم ئاخاوتنە لەوەدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵوێستی خەڵکێکی زۆر بەرانبەر ڕووداوەکانی دنیا زیاتر کاردانەوە بێت، نەک تێگەیشتنێکی قووڵی وا کە هەموو لایەنەکانی لێک بدەنەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هەرگیز ناتوانێت مرۆڤی کورد بە جۆرێک ئامادە بکات و پێی بگەیێنێت کە ناسنامەیەکی پتەو و خورتی پێ ببەخشێت، بەڵکە دەیکاتە پاشکۆی ڕووداوی ڕۆژانە.

دووەم: من لەسەرتاسەری ئەو وتارەدا ویستوومە ڕووناکبیران بدوێنم، نەک سیاسەتمەدارن، کە دەزانم ئاخاوتنی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار دوو ئاخاوتنی تەواو جیاوازن. نوختەی دەرچوونی من ئەوە بووە و ئەوەیشە کە هیچ کاتێک پێویست ناکات

ڕووناکبیر، زمان و فەرهەنگی سیاسەتمەدار قەرز بکات و بە کار بهێنێت. تێرمینۆلۆگیی ڕووناکبیر زۆر دەوڵەمەندتر و تەمەندرێژترە لە هیی سیاسەتمەدار. کە باس لە نزیکبوونەوەی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار دەکرێت، ئەوەم چاک لا ڕوونە کە ئەوە ڕووناکبیرە خۆی لە سیاسەتمەدار نزیک دەکاتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا پەیدابوونی ئاخاوتنێکی ڕووناکبیرانەی سەربەخۆ یەکێکە لە مەرجە هەرە بنەڕەتییەکانی درچوونی کۆمەڵگە لەو دەیان و سەدان قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری وفەرهەنگی و کۆمەلایەتییانەی بە دەستیانەوە داماوین.

لە جیهانی فکر و فەلسەفە و سیاسەت و زانستدا سەدان و هەزاران چەمک دێنە کایەوە و تەشەنە دەکەن و هەندێ جار بە تەواوی دەستگاکانی ڕاگەیاندن و گۆڕپانی بیر و لێکۆڵینەوە داگیر دەکەن. بەشێک لەم چەمکانە ئیمپەریالیستانی ڕۆژاوا پەرەی پێ دەدەن و بە مەبەستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی بە کاریان دەهێنن. تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی چەمکەکان کارێکی ئاسان نییە. گەلێ فاکتۆر و هۆ هەن کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ڕووناکبیر و خوێندەوارانی وڵاتی ئێمەدا و ناهێڵن بەڕاستی تێبگەن. لەباتیی تێگەیشتنی قووڵ و زانستییانە، فەرهەنگێکی سەراوی و ڕۆژانە دەخرێتە بەردەستی خوێنەری ڕۆژهەلاتی، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا ببرێت و بە باسێکەوە خەریک بکرێت کە هەرگیز ناتوانێت سەری لێ دەربکات.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ چەمک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا باس دەکرێن، کە ئەنجامەکەیان سەرتاپێ شێواندن و چەواشەکردنی بیری خوێنەری کوردە. ئەم چەمکانە تەنیا لە بواری فەلسەفە و سیاسەتدا ڕانەنراون، بەڵکە ئەدەب و هونەر و ئێستێتیکیش دەگرنەوە. دوو لەو چەمکانەی کە بە شێوەیەکی زۆر سەیر خوێنەری کوردیان داگیر کردووە و زۆریش بە هەڵە لێک دراونەتەوە چەمکی ستروکتورالیزم (بنيوية) و جیهانگەرایی (عولمة)ن.

سەرچاوەکانی ئەم چەمکانە ئەو بیرانەن کە بیریارەکانی ئەوروپا پێشکەشیان کردوون. ئەم بیرانە زۆربەی جار بە دەستی دووەم و سێیەم دەگەنە بەردەست و بەرچاوی خوێنەری کورد. لەبەر ئەوە نە دەتوانێت تێیان بگات، نە بەشدارییەکی ڕاست و بەرداریش لە لێکدانەوە و شیکردنەوەیاندا دەکات. ئەنجامەکەی ئەو گەرەلاوژە و ئاژاوەیەیە کە هیچ سوودێکی بۆ ژیانی فەرهەنگی و فکریمان نەبووە و نابێت. باوەڕ بفەرموون، هێندەی لە کوردستانی خۆماندا باسی عەولەمە دەکرێت، بیستیەکی (٢٠/١) ئەوە لە وڵاتێکی وەک سوێددا باس ناکرێت، کە باسیش بکرێت لە پلەیەکی بەرزی زانستیدا دەکرێت.

لە کوردستان کە باسی جیهانگەرایی دەکرێت، وەک دیاردەیەکی باش و پێشکەوتنێکی بەختیاریهێن بۆ مرۆڤ دادەنرێت، بێ ئەوەی لە گەوهەری ڕاستەقینە و ناوەڕۆکی سیاسی و ئیمپەریالیستانەی ئەو چەمکە تیگەیشتبێتن. ئەوانەی پەسنی

عەولەمە دەدەن تەنیا خۆیان بە توێکڵی قسەکەوە خەریک دەکەن و سەرنجی هەندێ لایەنی ئاسانکاریی تەکنیکی دەدەن، وەک بڵێی ئیدی بەوەی کە کوردیش فێری بەکارهێنانی فاکس و ئینتەرنێت بووە، دەگاتە پلەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا و لە ڕیزی ئەواندا جێگەی دەدرێتێ. ئەمە تێنەگەیشتنە لە میکانیزمی بەڕێوەچوون و گەشەکردنی ئیمپەریالیزم. ئێمە ئەگەر تەنیا هەندێ لایەنی ڕۆژانە و بەرچاوی عەولەمە تەماشا بکەین و لە لایەنە ئابووری و سیاسی و عەسکەری و فەرهەنگییەکانی ورد نەبینەوە، کە هەر یەکێکیان مەیدانێکە بۆ داگیرکردنەوە و دابەشکردنەوە و تواندنەوەی نەتەوە و وڵاتان، دیارە تێی نەگەیشتووین و مەودای ڕاستەقینەی مەترسییەکانیمان هەڵنەسەنگاندووە. ئەو جیهانەی پێیان وایە بە سایەی عەولەمەوە بووەتە گوندێکی بچووک، هەر لە سایەی ڕەشی ئەو عەولەمەیەیشدا بووەتە ژوورێکی بچووک و زیندانێکی بچووک و ئەمەریکا و ڕۆژاوا بوونەتە زیندانەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی بیر و هەناسە و هەڵسوکەوتی هەموو مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ ڕۆژاوا نەک تەنیا بڕیاری ئەوە دەدات کە دەبێ مرۆڤایەتی چی بکات و چۆن بکات، بەڵکە دەیەوێ بڕیاری ئەوەیش بدات کە مرۆڤایەتی چۆن بیر بکاتەوە. بە هۆی کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن و فیلم و ڤیدیۆ و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و یاریی منداڵان و هۆلیوود و دیزنی لاند و کۆکاکۆلا و ماکدۆناڵدز و سەدان و هەزاران

دەستگای ئاشکرا و نهێنییەوە، ڕۆژاوا خۆی گەیاندووەتە ناو ماڵی هەمووان.

دوای ڕووخانی سیستەمی دەوڵەتانی سۆسیالیست و بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیێت، ڕۆژاوا پێویستی بە نموونەیەکی هەڕەشەی ترسێنەر بوو، بۆ ئەوەی بیکاتە دوژمنی فکری و فەرهەنگیی خۆی. ئەمە سیاسەتێکە کە ڕۆژاوا ماوەیەکی زۆرە پێڕۆیی دەکات و بۆ ڕامکردنی گەلانی ڕۆژاوا و پاساودانی پڕچەککردنی خۆی بە کاری هێناوە و دەهێنێ. لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا ڕۆژاوا بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە ئیسلام هەڕەشەی هەرە گەورەیە لە شارستانەتی و فەرهەنگەکەیان. بۆ ئەمەیش دیارە کە هەموو وزە و توانستێکی خۆیان دەخەنە گەڕ، بۆ لەناوبردن و تەفروتووناکردنی ئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی. ئەوەی لە ڕۆژاوا بژی و بە هۆشیاری و چاوکراوەیی لە ڕاگەیاندن و سیاسەت و بیرکردنەوەی ڕۆژاوا ورد ببێتەوە دەزانێ چۆن ڕۆژانە بە لێشاو درۆ و دەلەسە و زڕەزانیاری لەبارەی ئیسلام و گەلانی موسڵمانەوە بڵاو دەکەنەوە و چۆن ڕۆژانە هەزاران جار سووکایەتی بە هەموو شتێکی ئەو شارستانەتی و فەرهەنگە دەکەن، لە فکر و باوەڕ و ژیانی ڕۆژانەوە بگرە تا دەگاتە سیمبۆلە گرنگ و بنەڕەتییەکانی دینەکە وەک قورئان و پەیامبەرەکەی (موحەممەد) و زۆر لایەنی دیکەیشی. دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤدا، سەری زمان و بنی زمانیان هێرشبردنە سەر

ئیسلامە. هەمیشە لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگاکانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی باس دەکرێت و پیشان دەدرێت، کەچی هەمیشەیش لایەنی درەوشاوە و پرشنگداری ئەو گەل و نەتەوە و شارستانەتی و فەرهەنگانە دوور دەخرێنەوە و هەوڵ دەدرێ لە بیری خەڵکی ببرێنەوە.

نە دژایەتیکردنی ئەمەریکا و ڕۆژاوا و نە هاودەردی لەگەڵ گەلانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتیدا، نابێ بە مەعنای باوەڕی دینی یا خۆبەستنەوە بە بنەما و ئامۆژگارییەکانی ئیسلامەوە لێک بدرێنەوە. لە بەرەیەکدا کە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون بەرامبەر ئەمەریکا و ڕۆژاوا دروست بووە، گەلانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و ئەفریقایی و ئەمەریکای لاتینی هێزی سەرەکین. ڕەنگە تا ئێستا قەوارە و بەرنامە و بەیانی بەرەیەکی وەها بۆ زۆربەی خەڵک زۆر ڕوون نەبێت، بەڵام گەشەکردن و پرۆسێسی ڕووداوەکان ئاشکران. لەناو ئەم ڕیزبەندییە تازەیەی دنیادا، ئیسلام و موسڵمانان نەخشێکی یەکجار گەورە و بنەڕەتییان هەیە، بەو پێیەی تاکە هێزن کە باوەڕێکی سەرتاسەری یەکیان دەخات و دەیانکاتە گەورەترین و گرنگترین هێزی بەرەنگاریی ڕۆژاوا. لە بەرەیەکی وەهادا جاران چەپ و کۆمونیستەکان هێزی سەرەکی بوون، ئەمڕۆ ئیسلام. ڕۆژاوا زۆر چاک لەم ڕۆڵەی ئیسلام تێگەیشتووە و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دنیایش بەرەو ئەوە دەچن ئەم وێنەیەیان لا ڕوونتر ببێتەوە. ئەمە هەرگیز مەعنای

ئەوە نییە کە ئێمە بێ دوودڵی هەموو شتێکی ئیسلام و موسڵمانانمان قەبووڵ بێت و بەرگریی لێ بکەین.
ئەو شەپۆلەی ڕووکردنە ئیسلام کە لە ڕۆژاوا هەستی پێ دەکرێ، ئێستا لە شێوەی خوێندنەوە و ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ مێژوو، فەرهەنگ و بنەماکانی دینەکەدا خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئاشکرایە هەنگاوی دووەم، بۆ هەندێ کەس، باوەڕهێنانە پێی. هەر ئەمەیشە ئەو پێویستییە جەخت دەکات کە دەبێ "بیریاران و ڕێبەرانی ئیسلام بە خۆیان و باوەڕەکانیاندا بچنەوە و بە جۆرێک ئیسلام پێشکەش بکەن کە ببێتە چەترێک بۆ هەموو چەوساوە و بەشخوراو و بێدەستەڵاتانی دنیا". ئێمە کە خۆمان لەناو ئەو فەرهەنگەدا پەروەردە بووینە، ئاگاداری زۆر لایەنی ئیسلامین کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە و دەبێ بیر لە چارەسەری دیکە بکرێتەوە. ئەم چارەسەرە لای ئیسلامی سیاسی وا لێک دەدرێتەوە کە بۆ هەموو شتێک دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشە و سەرەتاکانی دینەکە. بەڵام زانا و ڕووناکبیری زۆر گەورەیش هەن کە بیر لە شێوەی دیکەی گەشەکردن و گونجاندن دەکەنەوە. لە ڕۆژاوا کەسانی وەک (محەمەد ئەرکوونی جەزائیری، ئانماری شیممەلی ئاڵمانی، سەیید حوسەین نەسری ئێرانی و حامید ئالگاری ئینگلیز) بە لێکۆڵینەوە و نووسینە زانستی و قووڵەکانیان بەشدارییەکی گەورەیان لە بزواندن و گەشەپێدانی ئەم بیرەدا کردووە، بێ ئەوەی کەسێک ساکارانە بەوە تاوانباریان بکات کە ئەمانە لایەنگری تالیبان یا

ئوسامە بین لادن بن. تەنانەت بیریاری ناسراوی وەک (ئیدوارد سەعیدی مەسیحیی فەلەستینی و ئەمەریکی و نوعام چۆمسکیی جوولەکەی ئەمەریکی)یش لەم بابەتەدا هاوبەشی دەکەن و بەرگری لە ئیسلام دەکەن. ئەم مۆدێلی تاوانبارکردنە هەرزان و سادەیە پاشماوەی نەریتێکی نامرۆڤانە و فەرهەنگێکی دزێوی سیاسییە کە کۆمونیستەکانی سەر بە سۆڤییێتی جاران هێنایانە ئاراوە. ئەوان بە هۆی ئەو دۆگما وشک و ڕەقهەڵاتووەی خۆیانەوە هاوکێشەیەکی نەزۆک و نەزانانەیان ئافراندبوو کە بوو بە هۆی ملشکاندنی خۆیان. ئەوان لە هەموو دنیادا دوو بەرەیان دەبینی؛ سۆسیالیزم و ئیمپەریالیزم. ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبووایە، دەبوو بە دوژمن دابنرێت و بە لایەنگر و پشتیوانی ئەمەریکا و یەکسەر مۆرێکی ڕەشیان پێوە دەنا.

کە بیست ساڵێک لەمەوپێش یەکێتیی سۆڤییێتی جاران ئەفغانستانی داگیر کرد، سۆڤییێتپەرستانی ئەودەم کەوتنە شایی و لۆغان کە لەشکری داگیرکەری سۆڤییێت بۆ یارمەتیدانی گەلی ئەفغان چووەتە ناو وڵاتەکەوە. پێوەندی و هاودەردیی ئینتەرناسیۆنالیستانە کارێکی وای کرد هەزاران کۆمونیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو بکەنە ئەفغانستان بۆ پشتگریی ڕێژیمی (بەبرەک کەرمەل). لەناو ئەمانەدا دەیان ڕووناکبیری ناسراوی کورد و ناکوردیش هەبوون. سەیر ئەوەیە ئەمڕۆیش کە ئەفغانستان دیسان داگیر دەکرێتەوە و دەکوژرێت و بۆمباران دەکرێت، بەڵام لەلایەن زلهێزێکی دیکەوە کە ئەمەریکایە، بەشێکی

ئەوانەی دوێنێ پشتگریی سۆڤییێتیان دەکرد، ئەمڕۆ پشتگریی ئەمەریکا دەکەن. وەک بڵێی داخی شکانی سۆڤییێت بە دەستی جەنگاوەرانی ئەفغانی لە دڵیاندا بووەتە گرێ، بۆیە پێیان خۆشە ئەو ئەفغانییانە ئاوایان بە سەر بێت و بەو دەردە ببرێن.
جەختکردنی پلەیەکی بەرزی گفتوگۆ و موناقەشەیەکی باسەکانی فکر و فەلسەفە و، تەنانەت سیاسەتیش، لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەو پلەیە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی ڕاست و زانستی بۆ گەشەکردن و بۆپێشەوەچوونی باسەکان. کاتێک کەسێکی خوێنەوار و بیرڕووناک دێت لەگەڵ تۆدا دەکەوێتە باس و لێدوان، بێگومان نیوەی ئەرکەکانی تۆیش ئەنجام دەدات، چونکە شارەزای ئەلفوبێی بابەتەکەیە و پێویست ناکات بەشێکی زۆری لێدوانەکە بۆ شیکردنەوە و یەکالاکردنەوەی تێرم و زاراوە و چەمکەکان تەرخان بکرێت. هەر بەو پێیەیش ئەنجامی لێدوانێکی وەها زۆر بەردارتر و پڕناوەڕۆکتر دەبێت.
من لە وتارەکەمدا هەندێ دەستەواژە و دەربڕینی وەک "سیستێمی تۆتالیتێر، ڕێژیمی دیکتاتۆر، تاکەپارتی، دیواری بەرلین و شەڕی سارد"م بە کار هێناوە. ئەم دەربڕینانە هێمایەکی ناڕاستەوخۆ، یا ڕاستەوخۆن، بۆ سیستێمی جارانی سۆڤییێتی و دەوڵەت و پارت و کەسانی ساتەلیتی ئەو سیستێمە. ڕەنگە ئەمانە هەندێ بیرەوەریی تاڵ و ناخۆش بهێننەوە بیری ئەم و ئەو. من لەمەدا مەبەستم، خوانەخواستە، بریندارکردنی کەس نەبووە، بەڵام کە باس دێتە سەر ڕووداوەکانی مێژوو یا

بەراوردکردنی هێندێ دیاردەی ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێدا، مرۆڤ ناچارە ئەو چەمک و دەربڕینانە باس بکات و بە ئامانجی سوود لێوەرگرتنیان ناویان بهێنێت.

٣

گرفتێکی بەرچاو لە لێکدانەوەی ڕووداوەکانی یانزدەی ئەیلوولی ئەمەریکادا لە پێناسەکردنی تیرم و زاراوەکانەوە دەست پێ دەکات. ئەمڕۆ هەمووان هەر باسی تێرۆر، تێرۆریزم و تێرۆریستان دەکەن، بەڵام کە باس دێتە سەر یەکالاکردنەوە و ناساندنی ئەو تیرمانە هەڵوێستەکان جیاوازن. ئەمەریکا و ڕۆژاوا و ئەوانەی خۆیان لەو بەرەیەدا دەبیننەوە، لە بەکارهێنانی ئەو تیرمانەدا یەک مەبەستی ئاشکرا و ڕوونیان هەیە: ئەو موسڵمان و ڕۆژهەلاتییانەی بە بیر و کردەوە دژی سیاسەتی ئیمپەریالیستانە و پاوانخوازانەی ئەوان ڕادەوەستن و خەبات دەکەن. دەنا ئیرلاندی و باسک و ئیسرائیلی و فالانژیستان (کەتائیبی) و زۆری دیکەیش لەم دنیایەدا کاری وایان کردووە و دەیکەن، بێ ئەوەی دەستگاکانی ڕاگەیاندن ناویان بزڕێنن و مۆرێکی ڕەشیان پێوە بنێن. پلەیەکی دیکەی ئەم تێرمانە ئەوەیە ئایا تەنیا تاکەکەس تێرۆریستە؟ ئەی ئەو دەیان وڵاتەی هەموو ڕێگایەکی ناقانوونی و ناڕەوا و نامرۆڤانە دەگرنە بەر بۆ سەرکوتکردن و دەمکوتکردن و پلیشاندنەوەی گەلان و کەسان تێرۆریست نین؟

کەسێکی وەک بین لادن ئەودەم کە دژی سۆڤییێت خەباتی دەکرد، بە لای سۆڤییێت و سۆڤییێتپەرستانەوە تێرۆریست بوو، بەڵام بە لای ئەمەریکاوە خەباتکار و جەنگاوەری ئازادی بوو. هەر ئەو بین لادنە کە ئەمڕۆ دژی ئەمەریکا دەجەنگێت، بە لای ئەمەریکاوە تێرۆریستە و بە لای خەڵکێکی دیکەوە جەنگاوەر و موجاهیدە. لە هەردوو بارەکەدا هەڵوێستە سیاسییەکەی ئەو پیاوەیە کە بووەتە هۆی مۆرپێوەنانی، ئەگەر بین لادن تێرۆریست و پیاوکوژ و دەستخوێناوی بێت، ئەم خراپەیەی ئەو لەو ڕۆژەوە دەستی پێ نەکردووە کە دژی ئەمەریکا و ڕۆژاوا ڕاوەستاوە، بەڵکە دەبێ بڵێین پێشتریش هەر وا بووە. لە ڕاستیدا بە تەنیا هەڵوێستی دوێنێ یا ئەمڕۆی بین لادن نایکات بە جەنگاوەر و موجاهید، یا تێرۆریست و مرۆڤکوژ. ئەوەی بڕیاری باسێکی ئاوا دەدات بەرنامە و پرۆگرامی بین لادنە؛ تا چ ڕادەیەک لە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدایە و چۆن کاری بۆ دەکات.

لووتبەرزیی ئەمەریکا گەیشتووەتە ڕادەیەک کە گوێ بە هیچ نرخێکی مرۆڤانە نادات و سیاسەتی خۆی بە زۆر دەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتان و گەلاندا. لە کۆنگرەی (دوربان)ی ئافریقای باشووردا سەبارەت ڕەگەزپەرستی، هەموو دنیا کەوتبوونە لایەک و ئەمەریکا و ئیسرائیلیش کەوتبوونە لایەکی دیکە، بەڵام لە ترسی ئەمەریکا هەموو ئەوروپا و بگرە هەموو بەشدارانی کۆنگرە، سێ چوار وڵاتی لێ دەربچێت، کەوتنە دوای ئەمەریکا و

ئیسرائیل. تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەیتوانی کار بکاتە سەر ئەنجامی کۆنگرەکە.
ئێستایش کە ئەمەریکا شەڕی دژی گەل و وڵاتی ئەفغانستان دەست پێ کردووە، ئەنجومەنی ئاساییش، بە شێوەیەکی شانۆئاسایی، کۆکرایەوە و پەنجەمۆریان نرا بە کاغەزێکدا کە ئەمەریکا خۆی تێکستەکەی هەڵبژاردبوو.
تێگەیشتن لە میکانیزمی ڕۆژاوای ئیمپەریالیستی ئاسان نییە. ئەوانەی پێیان وایە ئەمەریکا لەباتیی هەموو جیهان و لەباتیی مرۆڤایەتی شەڕ دەکات و شەڕەکەیش دژی تێرۆر و تێرۆریستانە، نوختەی دەرچوونیان هاوکێشەیەکە، کە وا دادەنێت پاشا و سەرۆکی دەوڵەتەکان نوێنەری گەلانن، هەرچی ئەوان وتیان ئیدی گەلانیش دەبێ مل بدەن و گوێڕایەڵ بن. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵێ پاشا و سەرۆکی دەوڵەتانی دنیا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ملیان دابێت و خۆیان وەک لایەنگری ئەمەریکا ناونووس کردبێت، مەعنای ئەوە نییە گەلانیش، یا هەر نەبێ، تاکەکەسیش وا بیر دەکاتەوە. هەر وەک چۆن دوێنێ هەڵە بوو، ئەوەی دژی سۆڤییێت بووایە، بە دۆست و لایەنگری ئەمەریکا دادەنرا، یان لەوەیش سەیرتر ئەگەر ئەوەی لەگەڵ سۆڤییت نەبووایە بە لایەنگری ئەمەریکا دادەنرا، ئەمڕۆیش زۆر هەڵەیە وا دابنرێت ئەوەی لەگەڵ ئەمەریکا نەبێت، کەواتە لەگەڵ تالیبان و بین لادنە. لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا دەیان ئالتەرناتیڤی دیکە هەن و میلیۆنان مرۆڤ هەن کە دژی شەڕن، دژی تێرۆرن، دژی

ئیمپەریالیزمن و بۆ ئازادی و سەربەستی و ڕزگاریی مرۆڤ خەبات دەکەن.
ئەو هەزاران کەسەی لە ئەوروپا و ئەمەریکایش ئامادە نەبوون سێ دەقیقە ڕاوەستێن و بێدەنگی ڕاگرن، ڕەنگە زۆربەی خەڵک نەبووبن و نوێنەری زۆربە نەبووبن، بەڵام بێگومان کەسانێکی مێشکڕوون، دڵزیندوو، مرۆڤدۆست و هۆشیار بوون. لاوان، تەنانەت منداڵان، ڕووناکبیران و نووسەران بوون کە نەیانویست لە مەیموونبازییەکی وەهادا بەشداری بکەن. ئەوان زۆربە نەبوون، بەڵام ئەو ئێلیتە بوون کە لە هەموو سەردەمێکدا خۆی لە ڕانەمەڕ (قطیع) جیا دەکاتەوە. ئەوەی کتێبەکەی گوستاڤ لوپۆنی خوێندبێتەوە، جیاوازیی ئەو دوو شێوە بیرکردنەوەیە تێدەگات. زۆربەی ئێمەمانان کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ڕۆژاوا دەژیین، زۆر چاکمان لە بیرە کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا چارەکە دەقیقەیەکیش بۆ شەهیدەکانی هەڵەبجە ڕانەوەستان و مانگی هەشتساڵەی هەنگوینی نێوان خۆیان و ڕێژیمی عیراقیان تێک نەدا. ئێستایش کە باسی قوربانییەکانی ئەنفالیان بۆ دەکەیت، نەک نیو دەقیقە ڕاناوەستێن و بێدەنگی ڕاناگرن، بگرە پێیان وایە ئێمەمانان خەیاڵمان زۆر فراوانە.
هەر ئەم سوێدە دیمۆکرات و مرۆڤپەروەر و دۆستەی کورد، ڕێک دوای کارەساتی هەڵەبجە (تاها محێدین)ی جێگری سەرکۆماری عیراقی بۆ سوێد بانگهێشتن کرد و (پییێر شووری) کە یەکێکە لە سەرە گەورەکانی سۆسیالدیمۆکراتانی سوێد چوو

بۆ سەردانی بەغدا و دەستخۆشیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی جیهانیی مینهەڵگران، لەو بیست میلیۆن مین (لوغم)ـەی لە کوردستاندا هەن و لانابرێن، دە میلیۆنی ڕێکی سوێدی ئاشتیخواز فرۆشتوویەتی بە ڕێژیمی عێراقی.
من نازانم ئەنجامی ئەم هێرشە ناڕەوا و دڕندانەیەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا بۆ سەر ئەفغانستان و ئیسلام و ڕۆژهەڵات دەگاتە چ ئەنجامێک و چۆن دەبڕێتەوە؟ لەوەیە ئەمەریکا سەرکەوتنێکی عەسکەریی گەورە بە دەست بهێنێت و لەوەیشە وەک ڕووسەکان سەری بدات لە بەردی ویستی ئازادیخوازانەی گەلی ئەفغانستان، بەڵام ئەنجام هەرچییەک بێت دادی ئەمەریکا و ڕۆژاوا و سیستێمی سەرمایەداری نادات. ئەمە سیستێمێکە گەیشتووەتە لووتکەی بێدادی و بۆگەنی و دڕندایەتی، هەر بۆیەیش ڕۆژبەڕۆژ لەمەرگ و هەڵوەشانەوە نزیکتر دەبێتەوە. لە بیرمە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ یەکەم جار سەری یەکێتیی سۆڤییێتم دا و چاوم بەو سیستێمە کەوت، بە دۆستەکانی ئەوێم وت ئەم سیستێمە دەبێ بڕووخێت و هەڵوەشێتەوە و ناکرێ بەم شێوەیە بەردەوام بێت. دۆستەکانم ئەودەم پێکەنینیان بە قسەکەم دەهات و پێیان وا بوو کە هێشتا هەوای بیروباوەڕەکانی ماوتسەتۆنگ لە سەرمدا ماوە، بەڵام زۆری نەبرد سۆڤییێت تەفروتوونا بوو، داری بەسەر بەردیەوە نەما. باوەڕ ناکەم سیستێمی ڕۆژاوا و سەرمایەداری بەم زووانە بڕووخێت و

هەڵوەشێتەوە، بەڵام هێندەی سەرەدەرزییەک گومانم لەوە نییە کە ئەم سیستێمە ناگاتە سەدەی داهاتوو.

گوڵان، ژمارە: ٣٥٤، ڕۆژی ١-١١-٢٠٠١

# له مەولانای ڕۆمییەوە تا مۆنیکا لیڤینسکی [Monica Lewinsky]

ساڵی ٢٠٠٧، که ئێستا ئیتر به کۆنی دادەنێین، یادی هەشتسەدساڵەی لەدایکبوونی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣) بوو. ئەمه پێشنیاز (یا بڕیار)ی یونێسکۆ بوو که ٢٠٠٧ به ساڵی مەولانا بناسرێت. له وڵاتانی ڕۆژاوا، ئەمەریکا و ئەوروپا، سەدان، بگره هەزاران، سەمینار و ئاهەنگ و بەرنامه و کۆنگره ڕێک خران و دەیان کتێبی چاکی تەرجەمەی شیعرەکانی مەولانا یا لێکۆڵینەوه لەسەر ژیان و شیعر و تەسەووفی مەولانا بڵاو کرانەوه. له سوێد بەشێک له شیعرەکانی مەولانا تەرجەمەی سوێدی کرا و له کتێبێکدا بڵاو کرایەوه و ڕۆژنامه و

گۆڤارەکانیش بایەخێکی زۆریان پێ دا. بەرنامەیەکی دووڕۆژییش لە یەکێک لە شانۆ هەرە ناودارەکانی ستۆکهۆڵمدا ڕێک خرا.
کاتێک لە وڵاتانی ڕۆژاوا بایەخ بە فەرهەنگ و ئایین و شارستانەتیی نەتەوە و وڵاتانی دیکە دەدرێت، هاندەری ئەم خۆخەریککردن و ڕێزگرتنە تەنیا ئازادەبیری و کراوەیی و باوەڕی فرەفەرهەنگی نییە، بەڵکە ئامانج و ئارەزۆیەکی سەرمایەدارانەیشی لە پشتەوەیە. من کە زۆریش دژی سیستەم و بیری سەرمایەداریم، ناتوانم بڵێم چاوچنۆکیی سەرمایەداران ئەم هەموو فرەڕەنگی و فرەدەنگی و فەرهەنگدۆستییە دروست دەکات. ڕاستییەکی دیکەیش هەیە و منێکی لە سی ساڵ زیاتر دانیشتووی ڕۆژاوا بە ڕوونی دەیبینم و ناکرێ بیشارمەوە: دەیان و سەدان دەستگای فەرهەنگی و زانستی و مرۆڤانە هەن کە دەیانەوێ کۆمەڵگای کراوە و فرەفەرهەنگی گەشە بکات و ڕۆح و دڵ و مێشکی مرۆڤەکان گەشە پێ بکات و ببووژێنێتەوە، دەیان و سەدانهەزار ڕووناکبیر و هونەرمەند و زانا و تەنانەت خەڵکانی ئاساییش هەن کە لە ڕووی مرڤدۆستی و فەرهەنگدۆستی و هاودەردییەوە دەیانەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی دیکەدا پەیدا بکەن. ئەگەر دیسانیش هەر بمانەوێ سیستەمی سەرمایەداری، لەم گۆشەیەوە، تاوانبار بکەین، دەبێ بڵێین حەز و بایەخ و ئارەزۆی ئەم خەڵکانە وەک بازاڕێک تەماشا دەکات و بۆ سوودی خۆی بە

کاری دەهێنێت. بەڕاستی هەر وایشە. لایەنێکی نامرۆڤانەی ئەم بەکارهێنانە ئەو شەڕە ئیدیۆلۆگییە نیوچە شاراوەیە کە دژی ئیسلام دەیکەن. ئەوان زۆر جار، بۆ نموونە، سەمای سۆفییانەی تەریقەتی مەولەوی لەگەڵ ئارەزۆی خۆبادان و خۆڕووتکردنەوەی ژنە سەماکەرانی ڕۆژاوادا تێکەڵ دەکەن، یا بە جۆرێک تەسەووف لێک دەدەنەوە وەک بڵێی بیر و ئیدیۆلۆگی و سیستەمێکە بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام هاتۆتە کایەوە.
پرسیارێک، کە ناکرێ خۆتی لێ لا بدەیت، ئەوەیە "ئەی لە کوردستان، بۆ هەشتسەدساڵەی مەولانای گەورە چی کرا؟"
هێندەی من بزانم: هیچ. لە یەک دوو ڕۆژنامەدا هەواڵی هەندێ ئاهەنگی ڕێزگرتن کە لە تورکیا ڕێک خرابوون، بڵاو کرابووەوە، بەڵام ڕۆحی کوردانەی ڕۆژنامەکان، هاتبووە جۆش و لەسەر ئەوە سوور بوون کە مەولانا کورد بووە! ئەمەیە کوردستانی ساڵی ٢٠٠٧ و ئەمەیە فەرهەنگی "ئەمەریکێنراو" و "ئەوروپێنراو"ی کوردی لە سەردەمی نیوچەسەربەخۆیی و لە سێبەری دەستەڵاتێکی کوردیدا.
مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی لە هەموو دنیای ئیسلامیدا و، ئەمڕۆیش لە سەرتاسەری دنیادا، بە یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت. "دیوانی شەمسی تەبریزی"، "مەسنەویی مەعنەوی" و "فیهی ما فیهی" سێ کتێبن کە، چ سەرجەم و چ بەشبەش، تەرجەمەی دەیان زمانی زیندووی ئەم دنیایە کراون. لەبارەی ژیان و تەسەووف و

شیعری مەولاناوە، باوەڕم پێ بکەن، میلیۆنان، بەڵێ میلیۆنان، لاپەڕە و هەزاران کتێب نووسراون.
شاعیرێکی گەورەی وەک مەلای جەزیری (١٥٧٠-١٦٤٠) کارکردی سێ شاعیری گەورەی فارس لە شیعرەکانیدا بەئاشکرا دەبینرێت: حافزی شیرازی، شێخ عەبدولڕەحمانی جامی و مەولانای ڕۆمی. ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧)یش ئاشنایەتییەکی ڕۆحیی لەگەڵ مەولانا و شیعری مەولانادا هەبووە. هێمنی موکریانی لە قەسیدەی "ناڵەی جودایی"دا نەک هەر بە دنیای شیعری و فکریی مەولانادا گەشت دەکات، بەڵکە ڕاستەوخۆیش دێڕە هەرە ناسراوەکەی سەرەتای "مەسنەوی"یش "بشنو از نی..." تێکەڵ بە شیعرەکەی خۆی دەکات.

کورد، بە گشتی، نەتەوەیەکی موسڵمانە و کوردستانیش وڵاتێکی ئیسلامییە. هەموو ئەوانەیش واز لێ بێنە، بەڵام خۆ فەرهەنگی ئێمە فەرهەنگێکی ئێرانی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییە. بۆچی دەبێ هەر وا بە ئاسانی لەو فەرهەنگە قووڵ و دەوڵەمەندە و لەو شارستانەتییە گەورە و ڕەنگدار و مرۆڤانەیە نامۆ ببین و خۆمان و نەوەکانی داهاتوویشمانی لێ بێبەش بکەین؟ ئایا هیچ فەرهەنگ و شارستانەتییەکی دیکە دەتوانێت جێگەی ئەوانەی خۆمان بگرێتەوە؟ دەستگرتن بە فەرهەنگ و شارستانەتیی خۆوە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە دەرگا و پەنجەرەکان دابخەین و نەهێڵین شنەبای بونخۆشی فەرهەنگەکانی تر، ئاوازی خۆشی

شیعر و مۆسیقای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و دیمەنی جوانی تابلۆی گەورەداهێنەرانی ئەوروپا نەیێنە ناو ماڵەکانمانەوە. بەڵام دەبێ پێش هەموو شتێک ئێمە خۆمان بین و پێمان لەسەر زەویی بیر و فەرهەنگ و زمان و شارستانەتیی خۆمان قایم و چەسپیو بێت. وا بزانم سۆکراتە، فەرموویەتی: "خۆت بناسە!"

فەرهەنگی سەردەست لە کوردستانی ئەمڕۆدا فەرهەنگێکە لە گۆڕاندایە و ئەم تایبەخۆیەی بە ئاشکرا پێوە دیارە و لە ناوەڕۆکەکەیدا دەخوێنرێتەوە. فەرهەنگێکە پشت دەکاتە بنەما و نرخ و پێکهاتە کوردی و ئێرانی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆی و ڕوو دەکاتە شارستانەتییەک کە نە دەیناسێت و نە دەتوانێت بەم شێوەیە بیناسێت. فەرهەنگێکە خۆی بە لایەنە ڕووکەش و پووشئاساکەی شارستانەتیی ڕۆژاواوە خەریک دەکات و هیچ لەبارەی لایەنە ڕووناک و جوان و مرۆڤانەکەیەوە نازانێت. فەرهەنگێکە لە مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی و جەزیری و مەولانا خالید و نالی دوور دەکەوێتەوە و لە بەرپێی مۆنیکا لێڤینسکی و بێتتی مەحموودی و سەلمان ڕوشدی و ئۆریانا فالاچی و بریتنی سپیرسدا سەر شۆڕ دەکات.

مۆنیکا لێڤینسکی تاکەکەسێکە لەم ڕۆژاوا پانوپۆڕ و هەراوەدا و بێگومان مافی ئەوەیشی هەیە ئەو شێوەژیانە بژی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت. بەڵام کاتێ ڕەوتارە دزێو و نامرۆڤانەکانی ئەو و

بیڵ کلینتۆنی کۆنە سەرۆکی ئەمەریکا دەکرێنە کەرەستەی ئیدیۆلۆگی و سیاسی، کاتێ دەستگاکانی ڕاگەیاندن، لەم بابەتەدا، دەبنە بڕیاردەری ڕەوشت و ناڕەوشتی ستاندارد، ئیدی ئەمە دەبێتە پێوەر و نموونەی فەرهەنگێکی نزم و داتەپیو. ڕۆژاوا و ئەمەریکا سەدان و هەزاران نموونەی بەرز و درەوشاوەیان هەیە شایانی ئەوە بن مرۆڤی وڵاتی ئێمە ببن بە ئاشنایان، بەڵام لای ڕاگەیاندنی کوردی کراس و ئاوەڵکراسی مۆنیکا لە هەموو شتە جوانەکانی ڕۆژاوا بۆندارتر و ڕەنگدارترن.
لاوانی کوردستان، ئەو کچ و کوڕانەی ڕەنگە بەشی زۆریان لە سێبەری ڕەشی ڕێژیمی مرۆڤکوژی بەعسدا لە دایک بووبێتن، ئەوانەی ئەگەر ئەنفالیشیان چاو پێ نەکەوتبێت، هەزاران چیرۆکی ئەنفالیان بیستووە، ئەوانەی لە وڵاتێکی خاپوور و قەفەسئاسادا گوڵی تەمەنیان پشکووتووە، شایانی ئەوەن فەرهەنگێکی خاوێن و مرۆڤانە و ڕەنگاوڕەنگیان پێشکەش بکرێت، شایانی ئەوەن نەتەوە و فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕاستینی نیشتمانی خۆیان پێ بناسێنرێت، شایانی ئەوەن نرخ و بنەما درەوشاوە و ڕۆشنەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بخرێتە بەر دەستیان.

ئەو ڕۆژاواپەرستییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا گەشە دەکات و دەبێتە هەڕەشەیەک لە فەرهەنگی کورد، لە هەڵوێستێکی چاولێکەری و خۆنزمبینین بەولاوە نییە. ئەمە هەڵوێستێکی

دروستکراوە، هەڵوێستێکە بۆ ئەوە ئامادە دەکرێت جێگەی فەرهەنگێکی ڕەسەن و ڕەنگدار و مرۆڤانە بگرێتەوە. ئەمە جۆرێ بیرکردنەوەیە دەیەوێت جێگە بە کۆمەڵێک نرخی باو و جێگرتوو لەق بکات و کۆمەڵێ نرخی دیکە، کە توێکڵ و پووشی فەرهەنگی ڕۆژاوان، لە جێی ئەوانە دابمەزرێنێت.

من، هەر کاتێک کە سەری کوردستان دەدەمەوە، هەر جارێک کە بە هۆی ئینتەرنێتەوە چاوێک بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا دەگێڕم، یا بە ڕێککەوت پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنەکان دەبینم، دیمەنێکی ئەو فەرهەنگەی خەریکە لە کوردستاندا تەشەنە دەکات، دێتە پێش چاوم. ئەمە ڕێک لاساییکردنەوەی ئەو فەرهەنگە بۆگەن و داڕزیوەیە کە ئەتاتورک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هێنای و بەسەر نەتەوەی تورک و بەسەر نیشتمانەکەیاندا سەپاندی. ئەو فەرهەنگەیە کە پایە هەرە بەهێزەکانی ڕەگەزپەرستی، دوژمنایەتیی شارستانەتیی ئیسلام و ڕۆژهەڵات، سەرشۆڕکردن بۆ بتەکانی ڕۆژاوا و گەڕان بە دوای پووشوپەڵاشی فەرهەنگی ڕۆژاوادا بوون. سوودوەرگرتن لە فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژاوا شتێکە و خۆبەدەستەوەدان و کڕنووشبردن شتێکی دیکەیە. سوودوەرگرتن کەسێک دەیزانێت و دەیبات بە ڕێوە و جێبەجێی دەکات کە شارەزای فەرهەنگ و شارستانەتیی خۆی بێت و پایە گرنگ و بتەوەکانی بناسێت، بەڵام، هاوکاتیش، بزانێت لایەنە لاواز و پایە لەرزۆکەکانی کامانەن.

دەستەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگە و ئەو وڵاتانەی ویستوویانە نەخش و ڕۆڵی خودا هەڵوەشێننەوە و هێزێکی تر و دەستەڵاتێکی دیکەی لە جێگا دابنێن، ئەم ئەرکەیان بۆ بیریار و فیلۆسۆف و مرۆڤە ژیرەکان بە جێ هێشتووە و خۆیان ڕاستەوخۆ نەهاتوون خەڵک ناچار بکەن بتەکانی ئەوان بپەرستن. دوو ئەزموون لە مێژووی تازەدا هەن، هێندەی من ئاگادار بم، دەستەڵات خۆی هەموو بتپەرستییەکەی بە زۆر سەپاندووە. بەڵام هەردوو ئەزموونەکەیش شکستی هێناوە و تەنیا ڕووکەش، تەنیا دیوی دەرەوەی کۆمەڵگەی گۆڕیوە و نەیتوانیوە دەستی بگاتە ڕەگوڕیشەکان: سیستەمی سۆسیالیزم و کۆمونیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و چین و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەوی دیکەیش سیستەمی کەمالیستی (بەناو سێکولاریستی) تورکیایە.

ئەوەندەی لە مانگێکدا لە کوردستان باسی سێکولاریزم (عەلەمانییەت) و گلۆبالیزم (عەولەمە) دەکرێت، لە وڵاتێکی وەک سوێددا بە ساڵێک ئەوەندە ناویان ناهێنرێت. بەڵام لە کوردستان ئەوانەی ئەم بابەتانە بە سەر دەکەنەوە، ئەو کۆلکەخوێندەوارانەن کە دوای پووشوپەڵاش کەوتوون، نەک بنەما و نرخە بەرزەکانی شارستانەتیی ڕۆژاوا. تەنانەت دەستەڵاتی سیاسییش کاتێ وای پیشان دەدات باوەڕی بە سێکولاریزم هەیە، تەنیا یەک شتی لە مێشکدایە و تەنیا یەک پرۆژەی بە دەستەوەیە: سەرکوتکردنی دین و ئاوەڵاکردنی دەرگاکانی شار بۆ هەموو شتە نزم و دزێوەکانی ڕۆژاوا.

ئەمەیش دزێوترین و جیددیترین تاوانە بەرانبەر دێمۆکراسی و بەرانبەر سێکولاریزم.

لەگەڵ دۆستێکی سەر بە گرۆیەکی ئیسلامیدا باسی ناڕەوایی و بێدادییەکانی ڕۆژاوامان دەکرد. لە بوارێکی گونجاودا پێم گوت: با قسەیەکیش بۆ دز بکەین، ئەو ئازادییەی موسڵمانێکی کورد لە وڵاتێکی وەک سویددا هەیەتی لە کوردستانەکەی خۆیدا نییەتی. وتی زۆر ڕاستە، ئەشهەدو بیللا وایە. ئێستا دوو سێ وشەی دیکەیش دەخەمە سەر ئەو قسەیەم: لە سەعوودییە و لە ئێرانیشدا.

# ڕۆژی حەوتەم، چوار لاپەڕە، کەناڵێکی تازە و هێندێ باسی تریش

## ١. نەخشەیەکی شێواو

بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری نووسینەکانی پێشوومەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ باسە فەرهەنگی و فکرییەکاندا خەریکن، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بە زمانێکی سادەتر بدوێم و لۆگیکێک بە کار بهێنم تەنیا لە ڕووی ئاقار و ئامانجەوە جیاواز بێت، دەنا لە ڕووی پلەی فکری و شێوەی بەڵگەهێنانەوە زۆر لە شێوازی باوی گوتوبێژەکانی کوردستانەوە دوور نەبێت. شێواز و مێتۆدی بەڵگەکانیش جیاوازییەکی دیکەیە کە ناتوانم لەبەر

ئاسانی (یا ئاسانکردن)ی باسەکە دەستبەرداری ببم. ئەمەیش خۆی یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە بازنەی فەرهەنگی و ڕووناکبیرانی کوردستان بەرانبەری یەکجار کەمتەرخەمن و تەنانەت لە بواری ئەکادێمی و زانستیشدا بایەخپێدانێکی جیددی بەرچاو ناکەوێت.

نەخشەی فەرهەنگیی ئەمڕۆی کوردستان، بەتایبەت باشووری کوردستان، نەخشەیەکی بڕێک ئاڵۆزە و تێگەیشتنی بۆ کەسێکی دەرەوەی مەملەکەتی فەرهەنگ ئاسان نییە. هەندێ جار گۆڕانی هێندە خێرا ڕوو دەدات کە تۆ ناتوانیت بزانیت ئەم گۆڕانە چۆن کار دەکاتە سەر ڕەوتی فەرهەنگ و زمان، یان ئامانجەکەی چییە. هەڵوێستی بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران لە ئاست گۆڕان و پرۆژە فەرهەنگییەکاندا قەتیسی لێکدانەوەیەکی گشتی و سیاسییە کە خەڵکی دیکەیش دەیکەنە کەرەستە و پێوەری هەڵسەنگاندن. ئەمان، ڕووناکبیران، بەو خۆبەستنەوە نەریتانە و ساکار و ڕووکەشە، خۆیان لە بەهرەی سەرنجدانی ڕەخنەگرانە بێبەش دەکەن و زیانێکی گەورەیش دەگەیێننە ژیانی فەرهەنگی و بەرهەمەکانی. تەنیا ڕووناکبیری کورد نییە کە تووشی ئەم پەتایە بووە؛ لە بەشێکی پانوپۆڕی ئەم دنیایەدا ئەم وێنەیە دووپاتە و چەندپاتە دەبێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا دەستەڵاتی سیاسیی کوردستان لە ڕێگەی دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەیان مژدەی گەورە و ڕازاوەیان بڵاو کردووەتەوە و هەر زوویش لەلایەن خەڵکەوە بە گەرمی

پێشوازیی لێ کراوە. هەڵوێستی ڕووناکبیرانی کارمەند و مووچەخۆر، وەک هەموو جارێک، لێکدانەوە وپەراوێزنووسی بووە. ئەوان نەک بە هیچ جۆرێک توخنی ئەوە ناکەون کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ڕووداوەکە بخوێننەوە، نەک هەر ناتوانن گومان بکەنە پێوەرێکی وردبوونەوە، بگرە دەمودەست دەکەونە پێداهەڵدان و بە جۆرێک تەرجەمەی دەکەن کە دەیان بەرگی ڕەنگاوڕەنگی دیکەیشی پێوە دەئاڵێنن. وا دیارە ڕووناکبیری کورد پێی وایە بەوەی کە قسە لە قسەی دەستەڵاتی سیاسیدا نەکات ئەرکێکی نیشتمانپەروەرانە جێبەجێ دەکات و بەمەیش زیاتر خزمەتی مرۆڤەکانی وڵاتەکەی دەکات. پێویست بەوە ناکات لەسەری بڕۆین؛ هیچ وا نییە! چۆمسکی لە ڕۆناڵد ڕێگان و جۆرج و. بوش کەمتر نیشتمانپەرەر نییە و نازم حیکمەت لە هەموو گەنەراڵەکانی حەفتاساڵی مێژووی تورکیا زێتر وڵاتەکەی خۆی خۆش ویستووە.

لەناو هەموو دەنگوباس و مزگێنییەکاندا چوار دانەیان سەرنجڕاکێش بوون بۆ من:

- ڕۆژنامەیەک کە حەفتەی شەش ڕۆژ بڵاو دەکرایەوە بڕیاری دابوو ئەو ڕۆژە پشوویەیش واز لێ بهێنێت و حەفتەی حەوت جار بگاتە دەستی (هەزاران!) خوێنەری کورد. بەمەیش ئەو ڕۆژی حەوتەمەی دینە گەورەکانی دنیا باسیان کردووە، کراوەتە ڕۆژی کارکردن.

- ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڕیاری دابوو چوار لاپەڕە بخاتە سەر ژمارەی لاپەڕەکانی و لە شانزدەوە بیکاتە بیست.
- حەفتەنامەیەک بڕیاری دا لە حەفتەیەکدا سێ جار بڵاو ببێتەوە و ئەگەر کرا دواتر ببێتە ڕۆژانە.
- دوو سێ هێزی سیاسی بڕیاریان دابوو کەناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆن دەست پێ بکەن، یا کەناڵێکی دیکەی ئاسمانی بکەنەوە.

ڕۆژی حەوتەم لەم نووسینەدا تەنیا وەک نیشانە و سیمبۆڵێک بە کار هێنراوە، بەڵام کۆمەڵێ ڕەگوڕیشەی دینی و مێژوویی و میتۆلۆگی و سیاسیی هەیە کە کەموزۆر لە درێژەی نووسینەکەدا ڕوون دەبنەوە. خودا بەو گەورەیی و دەستەڵاتەی خۆیەوە ئەم گەردوونەی بە شەش ڕۆژ دروست کرد و ڕۆژی حەوتەم... ئەری ڕۆژی حەوتەم دەبێ چیی کردبێت؟ خۆ ناشێ بڵێی پشووی داوە.
ڕۆژی حەوتەم هەستێکی وا دەداتە خوێنەر و بیسەر کە ئەگەر ڕۆژنامە زۆرهات (فریکوێنسی Frequency)ی بڵاوبوونەوەی زیاتر بوو کارکرد و کاریگەریی فەرهەنگی و زانیاریشی زیاتر دەبێت. ئەم بۆچوونە بوارەکانی دیکەیش دەگرێتەوە؛ تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و دەستگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنیش هەر وەهان. ڕاستییەکەی ئەم هاوکێشەیە لەنگییەکی ئاشکرای تێدایە کە شاردنەوەی هێزی ئاوەز و نەخشەکێشان و ئازادیی بیر بەشە گرنگەکانی پێک

دەهێنن. با بۆ نموونە ئەوە باس بکەین کە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئیسلامی و نائیسلامی، حەفتەی کارکردن شەش ڕۆژە و ڕۆژێک بۆ پشوودان دانراوە، بەڵام لە ئەورووپا حەفتەی کارکردن پێنج ڕۆژە و دوو ڕۆژ بۆ پشوودان دانراون. با ئێمە حیسابێکی سادە بکەین. ئەگەر لە وڵاتێکدا بە کرێکار و فەرمانبەر و خەڵکی بازاڕیشەوە وای دابنێین کە دە میلیۆن کەس کار دەکەن، لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی و یەکێکی ڕۆژاواییدا. لەو وڵاتەدا کە شەش ڕۆژ کار دەکەن، ژمارەی ڕۆژانی کار لە حەفتەیەکدا دەگاتە شەست میلیۆن ڕۆژی کار، بەڵام لە وڵاتە ئەورووپاییەکە دەگاتە پەنجا میلیۆن ڕۆژی کار. واتە لەوێ حەفتەی دە میلیۆن ڕۆژی کار زیاتر هەیە. لەبەر ئەوەی ساڵێک پەنجاودوو حەفتەیە، کەواتە وڵاتەکەی ڕۆژهەڵات لە ساڵێکدا پێنجسەدوبیست میلیۆن ڕۆژەکاری لەوەی ئەورووپایی زۆرترە. پێنجسەدوبیست میلیۆن ڕۆژەکاری ڕاستی بەشی ئەوە دەکات، نەک وڵاتێک، بگرە دە وڵاتی پێ ئاوەدان بکەیتەوە. بەڵام کە تەماشای بەرهەم و ئەنجامی کاری دوو وڵاتەکە دەکەیت، دەبینی بەرهەمی وڵاتەکەی ئەورووپا دە هێندەی ئەوەی ڕۆژهەڵات زیاترە و لە ڕووی چۆنایەتییشەوە بیست هێندەی ئەو پێشکەوتووتر و پوختەتر و چاکترە. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کار زۆر بکرێت. کرێکاری ئەورووپایی ئازادییەکی زۆری هەیە بۆ هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی کارخانە و کارگێڕی و زانستگە و خوێندنگە و هەر شتێکی دیکەی. بۆ چاککردن و پێشخستنی

هەلومەرجی کار و خوێندن و ژیانی خۆی و خێزانەکەی. دەزانێ مافەکانی چین و زۆر چاک دەیانپارێزێت. ئەو دوو ڕۆژە پشوودانەی هەیەتی دەتوانێ بە شێوەیەکی خۆش بیباتە سەر و خۆی و ماڵ و منداڵی بە جۆرێ بحەسێنەوە، کاتێ کە دوای ئەو دوو ڕۆژە گەڕایەوە سەر کارەکەی هەست بکات بە ڕاستی پشووی داوە و چێژی لەو کاتی پشوودانەی وەرگرتووە و هێندەی وزەی ماددی و مەعنەوی وەرگرتووە کە پێنج ڕۆژی دواتر بتوانێت بە چاکی کار بکات و بەرهەمێکی چاک پێشکەش بە خۆی و گەل و وڵات و مرۆڤایەتی بکات. ئەمە دیارە وێنەیەکی ڕەقوتەقی حیسابی ماتماتیکی و تا ڕادەیەکیش ڕۆمانتیکییە، چونکە مەعنای ئەوە نییە ئەمە ڕێکوڕەوان لە هەموو جێگایەک پیادە دەکرێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەک سوێددا کە من باشتر شارەزاییم لێی هەیە تا ڕادەیەکی باش ئەم سیستێمە بە ڕێوە دەچێت.

دەستەڵاتدارانی کوردستان و بەرپرسانی دەستگاکانی فەرهەنگ و ڕاگەیاندن پێیان وایە هەر بەوەی ڕۆژنامەیەک بکرێتە ڕۆژانە، یا لاپەڕەکانی زێتر بکرێت یا کەناڵێکی تازەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دابنرێت یا سی چل گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ بڵاو بکرێنەوە، ئیدی فەرهەنگ و زمان و زانیاری لە وڵاتەکەدا پێش دەکەوێت و نەتەوە چەند هەنگاوێک لە مەیدانی شارستانەتیدا دەچێتە پێشەوە. ئەمە بیرکردنەوەیەکی هێندە کۆڵەوار و نازانستییە کە پێویست بەوە ناکات چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ببین تا بتوانین لە

ڕاستبوون و ناڕاستبوونی دڵنیا بین. هەر ئێستا و ئەمڕۆ و لەم جێگایەدا دەتوانین هەموویان دڵنیا بکەین کە ئەمەی ئێوە بیرکرنەوەیەکی نەزۆکە و بەرێکی نابێت و نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد دەکەنە کەرەستەیەکی ئەزموونگەری، دەیکەنە مشکی ئازمایشگە (مختبر، لابوراتور) و دوای بیست ساڵی دیکە دەڵێن، نەخێر ئەو ئەزموونە ڕاست نەبوو، دەبێ بە شێوەیەکی (مۆدێرن!) کار بکەین. من کە ئەمە دەڵێم لە خۆمەوە ڕەمڵ لێ نادەم و کەسیش بەبێ هۆ تاوانبار ناکەم، بەڵکە ئەزموونی ئەم دوا سی ساڵەی ژیانم ئەمەی فێر کردووم و تێگەیاندوونم.

پاشکەوتوویی و گەشەنەکردنی فەرهەنگ و زمان و زانیاری لە کوردستانی ئەمڕۆدا لەبەر ئەوە نییە کە گۆڤار و ڕۆژنامە کەم بڵاو دەبنەوە، یا تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ کەمن و ناگەنە هەموو کەس. ئەگەر بمانەوێ هەر بە کورتی دەردەکە باس بکەین و بە ڕاشکاوی دەست بخەینە سەر برینەکان، دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگیی زانستانە و نیشتمانپەروەرانە و دووربینانە هۆی سەرەکی و هەرە گرنگی ئەو ئاژاوە و نەزۆکی و وێرانییەیە. ئەمە ڕاز و نهێنێکی هێندە گەورە و داپۆشراو نییە کە کەس نەتوانێت پەی پێ ببات. سەرنجدانێکی وردی ئەزموونی گەل و نەتەوە و وڵاتانی دنیا، بۆ کەسێک مەبەستی بێت سوود لە ئەزموون وەربگرێت، ئەوەمان پێ دەڵێت کە نەتەوەیەکی پاشکەوتوو (لێرەدا باسی فەرهەنگ و زانیاری و زمان دەکەم)، دەتوانێت پرۆژەیەکی درێژخایێن بۆ

گەشەکردن و پێشخستن دابنێت و وردەوردە، بەڵام بە دڵنیایی و بڕواوە، هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، پاشەڕۆژی خۆی دروست بکات و ئامانجەکانی یەک لە دوای یەک بهێنێتە دی. بەڵام ئەمە بە خەونبینین و خەیاڵی ڕۆمانتیکییانە و لووتبەرزیی نەتەوەپەرستانە بە دی نایەت. ئەمە پرۆژەیەکی ئاوەزکارانەی زانستی و مەنتیقی و واقیعبینانەیە. بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وەهایش تۆ ناتوانیت هەر وا لە خۆتەوە کۆمەڵەکەسێک کۆ بکەیتەوە و پێت وا بێت دەتوانن بیبەن بە ڕێوە. کۆمپوتەرێک ببەرە گوندێکی دواکەوتووی کوردستان، بە هەموو خەڵکی دێیەکەوە، تەنانەت بە پیاوماقووڵ و ڕیشسپی و گەورەکانەوە، ناتوانن کاری پێ بکەن و سوودی لێ وەربگرن، بەڵام ڕەواڵێکی لێزان و شارەزا دەتوانێت سەدان کاری گرنگی پێ ئەنجام بدات. ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە پیاوماقووڵانی ئەو دێیە نەزانن یا ناتوانن کاری گەورە و گرنگ ئەنجام بدەن، بەڵکە مەعنای ئەوەیە ئەمە کاری ئەوان نییە. هەروەهایش مەعنای ئەوە نییە ئەو لاوە (لە بواری دیکەدا) بێئەزموونە، دەتوانێت کاروباری دیکەی گوندەکە ببا بە ڕێوە.

ئەمەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا، لە بواری فەرهەنگدا، جێبەجێ دەکرێت هەر ئەوەیە کە کورد سەدان ساڵە ناوی ناوە (زۆر و بۆر). سیاسەتی زۆر و بۆر ناتوانێت چارەسەری کێشە بنەڕەتی و قووڵ و تیراوییەکانی ئێمە بکات. ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکە شت لە ڕەگوڕیشەوە بگۆڕێت، ئەوەی کە بە زمانی

ئەم سەردەمە پێی دەگوترێت ڕادیکال. گۆڕینی شت لە ڕەگوڕیشەوە، هەمیشە و بە پێویست، مەعنای ئەوە نییە لە ڕەگوڕیشەوە، لە بێخەوە دەریبهێنیت و هەڵیبکەنیت، بەڵکە مەعنای ئەوەیە ڕەگوڕیشەکەی، بناخەکەی، بنەڕەتەکەی بە جۆرێک دابڕێژیت کە پێویستت بەوە نەبێت هەموو جارێ بگەڕێیتەوە سەری و دەستکاریی بکەیت. یان ئەگەریش پێویستت بە دەستکاری بوو بتوانیت بە چاککردنی گەڵا و لقوپۆپ چارەی بکەیت. بەڵام ئەگەر ڕەگوڕیشە داڕزا و کرمۆڵ بوو، دیارە ئیدی دەبێ بێ سێودووکردن هەڵیکەنیت و فڕێی بدەیت. ئەم سیاسەتی زۆر و بۆرە دەمانگەیێنێتە کوێ؟ ئایا دەکرێ بەم جۆرە بیرکردنەوەیە و بەم شێوە کارکردنە کێشە گرنگ و قووڵەکانی نەتەوەیەکی ژێرچەپۆکی وەک کورد چارەسەر بکەین؟ ئایا دەتوانین تۆز و قوڕ و لیتەی ڕابوردوو لە خۆمان بتەکێنین (بپروێنین) و بچینە ڕیزی وڵات و نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیای مۆدێرن و گەشەکردووی ئەمڕۆوە؟ ئایا تا چ ڕادەیەک دەتوانین سوود لە ئەزموونی خەڵکی دیکە وەربگرین بێ ئەوەی ڕەسەنایەتی و ناوەڕۆکی نەریتانەی فەرهەنگی نەتەوایەتیمان بدۆڕێنین؟ ئایا دەکرێ هەر لەبەر ئەوەی دنیا لە گۆڕاندایە و ئەمڕۆ شارستانەتی و فەرهەنگی ئیمپەریالیستانەی ئەمەریکایی سەردەستە، ئیتر دەبێ گەلانی دنیا مل بدەن و خۆ بە دەستەوە بدەن و پێوەر و پرۆژەکانی ئەمەریکا قەبووڵ بکەن؟

## ٢. تاها حوسەین: قەیرانی ڕووناکبیری کورد

تاها حوسەین (١٨٨٩-١٩٧٣) لە نووسینێکیدا کە من بە سویدی خوێندمەوە و پێم وایە خۆی بە فرانسی پێشکەشی کردبوو، باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی پەلامارەکەی سوێسدا، ساڵی ١٩٥٦، کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە: لە لایەکەوە هەڵوێستی هێرشبەرانەی دەوڵەت و سیاسەتی فرانسا و ڕۆژاوا، لە لایەکی دیکەیشەوە هێرشی ناڕەوای خەڵک، گەلانی عەرەب، بۆ سەر هەموو شتێکی ڕۆژاوا و داوای ئەفەرۆز و بۆیکۆتکردنی تەنانەت زمان و فەرهەنگیان. تاها حوسەینێک کە خۆی پەروەردەی فەرهەنگی هەزارساڵەی (ئەزهەر) و دواتریش زانستگەی سۆربۆنی فرانسا بوو، پرۆژە زانستی و فەرهەنگییەکەیشی تێکهەڵکێشێکی نرخ و بنەما ئەخلاقی و شارستانەتییەکانی ئیسلام و مێتۆدیک و شێوازی زانستی و ڕەخنەگرانە و لیبرالیزمی فرانسا بوو، ئاسان نەبوو دژی لایەکیان بوەستێت و بێ دوودڵی پشتی لایەکەی دیکە بگرێت.

هەندێ باری تایبەتی، لە سەردەمێکی سیاسیی ئاڵۆزکاودا، دێنە پێشەوە کە ناکرێ ڕووناکبیر لە ئاستیاندا بێهەڵوێست بێت. جاری وا هەیە ئەم هەڵوێستوەرگرتنە ڕەنگە ناکۆکییەک لای ڕووناکبیر دروست بکات، لەوەدا کە لە لایەکەوە بەرگری لە کۆمەڵێ بنەمای ئەخلاقی و مرۆڤانە بکات کە کرۆکی کار و باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆیەتی و لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە ئەوەی دەیڵێ

ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی سیاسیی گەل، وڵات و نەتەوەکەی بێت. بەڵام جاری دیکەیش هەیە کە ئەو هەردوو لایەنە یەک دەگرن. کە ئەودەم کارەکەی ئاسانتر دەبێت و هەڵوێستوەرگرتنەکەی دەکرێ ڕوونتر بێت و پێویستی بە هیچ تاکتیک و پاساودانێک نەبێت. نموونەی باری یەکەم هەڵوێستە لە ئەشکەنجەدان و سووکایەتیکردن بە زیندانییانی عیراق لە لایەن دەستەڵاتی عەسکەریی ئەمەریکاوە، نموونەی باری دووەمیش مەسەلەی کەرکووک و هەڵوێستی سازشکارانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردە.

لە باری یەکەمدا دەبێ زۆر بە ئاشکرا ئەو کارە دڕندە و ناڕەوا و نامرۆڤانەیەی ئەمەریکییەکان مەحکووم بکەین، ڕیسوای بکەین و دژی بوەستین. دەزانم لێرەدا ئەو پرسیارە ساکار و ناسیاسی و ناوردبینە دێتە پێشەوە کە: ئاخر ئەوەی بەعس بەرامبەر ئێمە کردوویەتی دە جار لەمە خراپتر بوو، بۆچی ئەودەم کەس لەسەر ئێمە نەهاتە دەنگ، کەواتە ئێمەیش هەقی خۆمانە بێدەنگ بین و لە دڵیشەوە پێمان خۆش بێت دوژمنەکانمان ئاوەها زەلیل بکرێن و سووکایەتییان پێ بکرێت و ئەشکەنجە بدرێن. ئەمە هەڵوێستێکی ڕاست نییە و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بنەما ئەخلاقی و نرخە مرۆڤانەکانی ڕووناکبیری مرۆڤدۆستدا ناگونجێت. ڕەنگە ئەگەر سیاسەتمەدارێک هەڵوێستێکی وەها بنوێنێت ناوی تاکتیک و دیپلۆماسیی لێ بنێت، بەڵام بۆ ڕووناکبیرێک ئەمە بە هیچ جۆرێک پاساودراو نییە. خاڵی یەکەم لێرەدا ئەوەیە کە پێش

هەموو شتێک دیاردەکە وەک خۆی کە هەیە و کە ڕووی داوە و ڕوو دەدات ببینین، بێ ئەوەی هیچ بارێکی دیکەی هەستی تۆڵەکاریی لێ بار بکەین، یا بە لایەکەی دیکەدا زێدەڕۆیی بکەین و بە شێوەی چەپی منداڵانە هەر لەبەر ئەوەی ئەمەریکا دەیکات دژی بین و لە قاوی بدەین. ئێمە دژی ئەشکەنجەین، دژی سووکایەتیکردنین بە مرۆڤ، ئەو مرۆڤە هەر کێیەک بێت؛ تەنانەت ئەگەر سەددام حوسێن خۆیشی بێت. ئەمە بنەمایەکە نابێ بە هیچ جۆرێ لە ئاستیدا دوودڵ بین. ئێمە بە بێدەنگیمان بەرامبەری، حەقبوون و ڕەوابوونی دۆزی خۆمان لە ڕابوردوودا دەسڕینەوە، ئەو ڕابوردووەی خۆمان بریندار دەکەین. ژێردەستەیی و زەبوونیی خۆمان بە زمانی دەستەڵات و هەلقۆستنەوە تەفسیر دەکەین و دەیخەینە چوارچێوەی ئەو مەنتیقەوە کە هەر کاتێ دەستەڵاتمان هەبوو، هەر کاتێ دەستمان ڕۆیشت، مافی خۆمانە دوژمنەکانمان زەلیل بکەین و تۆڵەیان لێ بکەینەوە و ئەوەی بمانەوێ بەرانبەریان بیکەین. لێرەدا هیچ سنوور و جیاوازییەکمان لەنێوان خۆمان چەوسێنەرەوەکانی جارانماندا نەهێشت. بەم هەڵوێستە ئەو سنوورەی ئێمەی چەوساوە و زۆرلێکراو لەمدیویەوە بووین و زۆرداران و چەوسێنەران و نامرۆڤەکان لەودیویەوە، سڕدرایەوە. ئەمە مەنتیقی دەستڕۆیشتووانی ناڕەواکار و زۆردار و نامرۆڤانەیە. ئەمە مەنتیقی کەسانێکە خۆیان بە هیچ نرخێکی مرۆڤانە و بنەمایەکی ئەخلاقییەوە نەبەستووەتەوە. بەم هەڵوێستە هیچ

جیاوازییەک لەنێوان ئێمە و ئەواندا، واتە دوژمن و چەوسێنەرەوەکانماندا، نامێنێت. ئێمەیش ڕێک ئەو کارە دەکەین کە ئەوان دەیانکرد و هەر ئەو لۆگیکە بە کار دەبەین کە ئەوان بە کاریان دەهێنا. مەنتیقی سەرکەوتووی زۆردار، زۆرداری دەستڕۆیشتوو.

لەتێکی دیکەی پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە بەم هەڵوێستوەرگرتنە هیچ سوودێک بەو ڕابوردووە دەگەیێنین؟ هیچ لە زوڵملێکراوی و چەوساوەیی و بندەستی و زەبوونی و زەلیلیی قوربانییەکان، واتە خوشک و برا و باوک و خزم و کەسوکارەکانمان، هیچ لە ئازاری ئەوان کەم دەکەینەوە؟ هیچ لە باری زوڵملێکراوییان کەم دەکەینەوە؟ هیچ لەتێکی بچووکی ئەو واقیعە تاڵەی ئەوانی تێدا ڕۆیشتن، دەگۆڕین؟ نا.. بێگومان نە. تەنیا شتێک کە دەیگۆڕین، ئەویش بە زیانی ئەوان و خۆیشمان، ئەوەیە ئێمە بەم هەڵوێستە ئەو سەربەرزی و گەورەیی و پیرۆزییەی بە خوێنی خۆیان و بە مردنی ناحەقی خۆیان دەستیان کەوتبوو، لێیان دەستێنینەوە. جلوبەرگی شەهیدی و سەروەری و مەزڵوومییان لێ دەستێنینەوە و بەرگی زۆرداری، یا ڕاستتر بەرگی مەنتیقی زۆردارییان لە بەر دەکەین. یا بە وێنەیەکی ڕوونتر بەرگی سووری شەهیدییان لە بەر دادەماڵین و بەرگی پەڵەپەڵەی عەریف یا بەعسییەکی دڕندەیان لە بەر دەکەین. لە پلەی شەهید دەیانهێنینە خوارەوە بۆ دەرەکی جەللاد، یا هەر نەبێ لە ڕیزی ئەواندا ڕایاندەگرین.

ئایا ئەم هەڵوێستە مەعنای ئەوەیە ئێمە ئەو کەسانەی خۆمانمان فەرامۆش کردوون و پشتمان بەرداون؟ بێگومان نا. ئێمە دەبێ هەمیشە باسی مەزڵوومیی ئەوان دووبارە و دەبارە و سەدبارە بکەینەوە، چونکە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی ئەوان کەسوکاری ئێمەن و خوێن و جەرگ و دڵی ئێمەن/بوون، بەڵام هاوکاتیش لەبەر ئەوەی ئێمە بەرگری لە مەسەلەیەکی ڕەوا و مرۆڤانە دەکەین. ئەم بەرگریکردنە لەو ڕابوردووە خوێناوی و ناڕەوا و چەوساوە و زۆرلێکراوە، ڕادەکێشین و فراوانی دەکەینەوە و دەیکەینە ئەو ئاڵایەی کە لە سێبەرەکەیدا ڕەوایەتی و ڕاستی و حەقانییەت دەدەینە بیر و هەڵوێست و داواکارییەکانی ئەمڕۆمان. بەمە ئێمە چەکێکی دیکەیشمان دەست دەکەوێ کە شەڕی پێ بکەین؛ شەڕی بەرگری لە خۆمان، لە مەسەلەی ڕەوای خۆمان و لە بندەستی و زۆرلێکراویی خۆمان، دیارە لەگەڵیشیدا لە هەموو زۆرلێکراو و چەوساوەیەک. بەمە ئێمە تەنانەت دوژمنەکانیشمان ناچار دەکەین، پێ لەو ڕاستییە بنێن کە ئێمە بەرگری لە حەق و ڕاستی دەکەین، نەک مەسەلەیەکی کاتەکی و دەستکردی کۆڵۆنیالیستان و ئیمپەریالیستان. کە باسی ڕابوردوو دەکەین بەڕاستمانە و گاڵتە ناکەین و چاوبەستەکی ناکەین. بەمە ئێمە ئەو چەکەیش لە دەستی کۆنەدوژمنەکانمان دەردەکەین کە ڕابوردووی خۆیانیان پێ پاساو دەدا و ئێستایشی پێ پینە دەکەن. کە ئەوان ئەم هەڵوێستەی ئێمە ببینن و ببیستن ئیدی ناتوانن هەر وا سووک و ئاسان بڵێن، ئەوەتا کوردەکان بۆ

سەرشۆڕیی ئێمە جەژن دەگێڕن، کەواتە دەستی سەددام خۆش بێت کە وای لێ دەکردن. هەر ئەو چاکی دەناسین، تەماشا بکەن کە ئەمڕۆ دەستیان دەڕوات، ئەویش بە پاڵپشتی ئەمەریکا، چۆن هەموو زۆرلێکراوی و مرۆڤایەتییان لە بیر چووەوە و لەگەڵ زۆردار و چەوسێنەردا هەڵپەڕکێ دەکەن. بەمە ئێمە بەڵگەیەکی مەنتیقی و عەقڵانی دەدخەینە دەستیانەوە، کە ئەو ڕابوردووەی ئێمەی پێ بسڕنەوە. یا هەر نەبێ بیخەنە چوارچێوەی هاوکێشەیەکەوە کە ئێمە و ئەوان وەکو یەکمان لێ دێت، جیاوازییەکەی نێوانمان دەسڕینەوە، زۆرلێکراو و زۆردار لە یەک خانەدا ڕادەگرین.

مەسەلەی دووەم دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان هەر وەک ئەمەیە، ڕووی دووەمیان پێچەوانەیە، ئەویش مەسەلەی کەرکووکە. ئێمە بە ئاشکرا دەبینین سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەم مەسەلەیەدا سازش دەکەن و هەڵوێستێک دەنوێنن کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ پاشخانی قانوونی و مێژوویی و جیۆگرافی و سیاسیی کورد و کەرکووکدا ناگونجێت و ناتەبایە. ئایا پێویستە ڕووناکبیری کورد لەگەڵ ئەوان هاوهەڵوێست بێت، بە بیانووی ئەوەوە کە ڕیزەکانمان یەکگرتوو بێت؟ ئایا بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان لەوەدایە کە وەک سەرکردەکان هەڵوێست بنوێنین، یا پێ لەسەر ڕەوایەتیی کوردستانیبوون و کوردبوونی کەرکووک دابگرین؟ ئایا بە هەڵوێستێکی وا جێپێی خۆمان و جێپێی سەرکردەکان لەق دەکەین یا بەهێز و چەسپاو؟

ئەگەر ڕووناکبیری کورد لەم کاتەدا و بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبێت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەڵوێست و دادخوازیی سەرکردەی سیاسیی کوردیش. بێدەنگیی ئێمە سڕینەوەی شەرعییەت و ڕەوایەتیی داواکردنی کەرکووکە، سڕینەوەی هەڵوێستێکی مێژوویی و نەتەوایەتییە کە سەرکردەیەکی ئەفسانەئاسای وەک مەلا مستەفای بارزانی بەرگریی لێ کردووە و ئەو هەڵوێستە بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراوە.

ڕووناکبیری کورد، تەنانەت ئەگەر ئەندامی پارتییەکی سیاسیی کوردیش بێت، نابێ چاو لەوە بپۆشێت کە مەسەلەی کەرکووک هیی ئەوە نییە سازشی لەسەر بکرێت. هەڵوێستی خۆیشی دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچنێت کە پێش هەموو شتێک کوردە و ڕووناکبیرێکی کوردە. ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دەیان کۆسپ و تەگەرەی لە پێشدایە، بەڵام کەرکووک گرنگترین بڕگەی پرۆژەی کوردایەتیی ئەم سەردەمەیە. ئێمە دەبێ ئەوەمان زۆر چاک لا ڕوون بێت کە کەرکووک مەسەلەی تێکڕای نەتەوەی کوردە، نەک تەنیا بەشێکە لە هەلومەرجی کوردستانی باشوور. تێکشکانی پرۆژەی گێڕانەوەی کەرکووک بۆ ناو جیۆگرافیای سیاسی و کارگێڕیی کوردستان دەبێتە تێکشکانی هەموو بڕگەکانی دیکەی کوردایەتی.

ڕوویەکی دیکەی باسەکە ئەوەیە کە بەرگریکردن لە کەرکووک بەرگریکردنە لە مەسەلەیەکی ڕەوا، کە ڕەنگە نموونەی لای

گەلانی دیکەیش هەبێت، بۆ نموونە فەلەستینییەکان. ئێمە کە بتوانین پشتگریی مەسەلە ڕەواکانی دیکەی دنیا بکەین، دەبێ چاکتر بتوانین ببینە پشتیوانی ئەم مەسەلەیەیش، بەتایبەت کە لە نزیکەوە ئاگامان لە ورد و درشتی باسەکە و پاشخانە سیاسییەکەی هەیە. ئەوجا ئەگەر بۆ ڕووناکبیرێکی ئەندامی پارتییەکی سیاسی ئەم هەڵوێستگرتنە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەک، دەبێ ئەو بێ دوودڵی لایەنی ڕاستی و داد ونرخەکانیان هەڵببژێرێت. ئەو دەتوانێت لەناو حیزبەکەی خۆیدا و بە ڕێگا و بنەما سیاسییەکانی خۆی ڕەخنە لە هەڵوێستی حیزبەکەی بگرێت، بەڵام هەر کاتێک کار گەیشتە ناکۆکییەکی وەها کە دەبوو لایەنێک هەڵبژێرێت، ئەگەر لایەنی ڕاستیی هەڵنەبژارد، بێگومان دەبێتە ڕووناکبیرێکی هەڵوێستباز و ترسنۆک.

## ٣. هەڵوێست و هەڵوێستبازی

نووسەری کورد، مەبەستم نووسەری جیددی و خۆماندووکەری کوردە، دەکەوێتە بەردەم دووڕێیانێکی زۆر سەخت و پشووچکێن: ئایا هەر دڵسۆزی هونەر و ئەدەب و نرخەکانی خۆی، دڵسۆزی بنەما ئێستێتیکی و ئەخلاقییەکانی خۆی بێت، یا لەپێناوی خوێنەر و بەرژەوەندی گشتیدا سەر بۆ "هەندێ" مەرج دانەوێنێت، کە ڕەنگە زۆربەی خەڵک هەر فەرقیشی پێ نەکەن؟

ئەگەر ڕێگای یەکەم هەڵبژێریێت لەوەیە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەر و خوێنەواری کورد لێی بتەکێنەوە و زۆر لەو پلە و پایە ڕەسمی و کۆمەڵایەتی و مادديیانەی نووسەرێکی سەرکەوتوو دەیبێت، ئەو بیدۆڕێنێت. لەوەیە هەست بە ئارامییەک بکات کە لەگەڵ خۆی و باوەڕ و پێوەرەکانی خۆیدا ڕاستگۆ بووە و پشتی بەر نەداون. ڕەنگە تاکوتەرایش خوێنەری نرخناس و بەویژدان هەبن کە هەڵوێستەکەی بەرز بنرخێنن و ئەویش ئەو کەمە پشتگرییەی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرنگتر بێت. ڕەنگە وا بیر بکاتەوە کە ئەمەی ئێستا کەفوکوڵێکی نەزانانە و عەوامانە و ناشییانەیە، ڕۆژێک هەر دێت خەڵک نرخی هەڵوێست و کارەکانم بزانن. ئێمە هەر لە وەختی خانییەوە ئەم دەردکێشانەمان بینیوە و تۆمار کراوە. ئەگەر ڕێگەی دووەم هەڵبژێریێت، دەبێتە یەکێک لە نووسەر و ڕووناکبیرە (بە ڕەسمی) ناسراو و ناودارەکانی گەلەکەی. نەک هەر هەزاران کۆلکەخوێندەوار شاباشی دەکەن، بگرە تەنانەت هەزاران نەخوێندەواریش بە بەژنوباڵای نووسین و شیعر و بیرەکانیدا هەڵدەدەن. کە دەڵێم نەخوێندەوار مەبەستم پلارگرتن نییە، هەر بەڕاستی مەبەستم کەسانێکە کە بە هەموو ژیانیان دوو کتێبیان نەخوێندووەتەوە، یا هەر هیچ خوێنەوارییان نییە. من خۆم نموونەی وام بینیوە. کەچی لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی ڕەسمی، حیزبی فەرماندە، سەرۆکی باڵا، سەرۆکی نەتەوە و دەستگاکانی بەردەستیان و هەموو میرزابنووس و کاتب و سێکرێتێرەکانیان ئەم نووسراو و ئەدەب و فەرهەنگەیان

قەبووڵ کردووە، کەواتە گەلیش قەبووڵی دەکات و دەبێ قەبووڵی بکات (الناس علی دین ملوکهم). هەر بە دوای ئەوەیشدا لەقەب و نازناوی "شاعیری گەورەی گەلەکەمان و نووسەری هەرەناوداری گەل و باوکی ئەدەب و ڕێبەری ڕۆشنبیری" و زۆری لەو بابەتەیش وەردەگرن. هەنگاوی دوای ئەوەیش سەرخستنی ئەو نازناوە ڕەسمییانەیە، ڕێک وەک پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندان. ئەگەر چوار ساڵ وەک شاعیری حیزب کاری کرد، دەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ پلەی (شاعیری گەلەکەمان)، چوار ساڵ دواتریش مافی ڕەوای خۆیەتی بکرێتە (شاعیری گەورەی گەلەکەمان) و هێندێ جاریش (نەتەوەکەمان) و هێندێ جاریش (هەرەگەورە). هاوکات لەگەڵ ئەو قۆناغانەیشدا، جاروبار مەدالیا دەکرێ بە بەرۆکیدا وخەڵاتی بەناو فەرهەنگی و بە ناوەڕۆک سیاسیی پێ دەبەخشرێت. بەوەیش ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە باوکی فەرهەنگ و نووسینی نەتەوە و پلەی پیرۆزی و نەمریی پێ بدرێت. ئەمە هەر ئەو دیمەنەیە کە لە سیستێمی وڵاتە سۆسیالیستەکانی جاراندا دەبینرا. تەنانەت کابرایەکی دەبەنگی وەک (لیۆنید برێژنێڤ)یش مەدالیایەکی ئەدەبیی وەرگرت. لە نزیکی خۆیشمانەوە ڕێژیمی بەعس هەر ئەو کارەی دەکرد و خەڵات و مەدالیاکانی هێندە زۆر بوون کە تەنانەت کۆمەڵێ نووسەر و ڕووناکبیری هەڵوێستبازی کوردیش بەریان دەکەوت.

هەموو لە بیرتانە، کە ساڵی ١٩٧٤ دیوانی (تاریک و ڕوون)ی مام هێمن دەرچوو، ڕەحمەتیی دۆکتۆر ئەوڕەحمانی قاسملوو بە چ ئاو و تاوێک پەسنی داوە و کردوویەتی بە شاعیری گەل، چونکە ئەودەم حیزب لێی ڕازی بوو. کەچی هەر دوای هەشت ساڵ لە کۆڕێکی گشتیدا، لە ستۆکهۆڵم، دەڵێ "هێمن بووەتە جاش و ئەوەتا لە ورمێ دانیشتووە." باسی لایەنەکانی دیکەی گرتن و ڕاونان و چوونەسەر ماڵی مام هێمن ناکەم، ئەوەیش چیرۆکێکی دیکەیە. بەڵام نە مام هێمن ئەو شاعیرە حیزبییە بیرتەسکە بوو کە هەر لە خۆڕا بە بەژنوباڵای حیزبەکەیدا هەڵبدات، نە حیزبی دێمۆکرات و سکرەتێرەکەیشی ئەو دەستگا و دەستەڵاتە بوون کە مەدالیا و خەڵات بدەنە شاعیر یا لێی وەربگرنەوە (یادی هەموویان بە خێر).

ئایا ڕێژیمی سیاسی/دەستەڵاتی سیاسی کارێکی باش دەکات کە نووسەر و هونەرمەند دەستەمۆ دەکات و لەناو ئەوانیشدا هێندێکیان دەکڕێت؟ ئایا ئەمانە تا چەند دڵسۆزن بەرانبەر ناندەرەکانیان؟ ئەی تا کەی دەتوانن بە دڵسۆزی بمێننەوە؟ دیارە لە گۆشەنیگای مرۆڤایەتی و هونەر و بیر و ئەخلاق و داهێنانەوە ئەمە تاوانێکە بە هیچ کلۆجێک پاساو نادرێت، چونکە دەستەمۆکردنی داهێنان، واتە ڕیشەکێشکردن و گواستنەوەی لە ژینگەی خۆیەوە بۆ ژینگەیەکی ناسروشتی، هەر وەک گۆڕینی ئاقاری ڕۆیشتن و گەشەکردنی هونەر و داهێنانە. بێجگە لەوەیش ئەمە بەکارهێنانی پێویستییە مرۆڤانە و ڕۆژانە و بنەڕەتییەکانی

مرۆڤێکە لەپێناو بەرژەوەندی سیاسیدا، چونکە ئەگەر هونەرمەند پێویستی ناچاری نەکات، ئامادە نییە خۆی بخاتە بەردەستی دەستەڵات، کە دیارە بە هیچ جۆرێکیش لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی و هونەریی ویدا ناگونجێت کە خۆی بفرۆشێت. ڕەنگە لە گۆشەنیگای حیزبی و سیاسی و تەکتیکی و تەنانەت بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و نەتەوەوە، بەو چاوەی کە دەستەڵات و ئیدیۆلۆگی دەیبینێ، ئەمە کارێکی باش بێت، بەڵام ئەزموونی سەدان ساڵ ئەوەی پێشان داوە کە سەرەنجام و ئاکامی ئەم بازرگانییە زیانی هونەرمەند، نەتەوە، نیشتمان و هونەری تێدایە. ئەمانە ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتدا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بە کەڵکی هێزێکی سیاسی بێن، بەڵام لە مەودای دووردا دڵسۆزی ئەو ئاغایانەیش نابن کە تا دوێنێ دەسندەخۆریان بوون. ئەگەر چاوێک لە شێوازی کاری حیزبی بەعس یا تەنانەت حیزبە کوردییەکان بکەین بە دەیان و سەدان نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیر هەن، کە ماوەیێک لە خزمەتی یەکێک لەم هێزانەدا بوونە، کەچی لەبەر زۆر هۆی کەسی، یا لەبەر لاوازبوون یا ڕووخانی دەستەڵاتەکە، یا لەبەر ئەوەی لایەنێکی دیکە هەر وا سووک و ئاسان پارەیەکی باشتری داوە و نرخێکی باشتری داوە، ئەم ڕووناکبیر و هونەرمەند و نووسەرانە جێگۆڕکێیەکی خێرا و سەرسووڕهێنیان کردووە. سەیر ئەوەیە ئەمان لەم جێگۆڕکێیەدا هیچ بە شەرمی نازانن و پێیان وا نییە کارێکی خراپیان کردبێت، بەڵکە وای دەردەبڕن کە

ئەوان ڕێگەی ڕاستیان دۆزیوەتەوە و گەیشتوونەتە ڕاستی. تەنانەت ئەو ڕق و کینە و دوژمنایەتییەی لەگەڵ تۆ هەیانبووە، ئێستایش هەر لەسەری دەڕۆن و زۆریش لەوە دڵنیان کە ئەودەم تۆ هەڵە بوویت و ئێستایش هەر تۆ هەڵەیت و هەر ئەوان لەسەر حەق بوونە و لەسەر حەقن.

شاعیر و نووسەری حیزب (و ئێستا هیی نەتەوە) تازە ناتوانێت دەسبەرداری ئەو هەموو ناز و نیعمەت و نازناو و خێر و خۆشییە ببێت. ئەگەرچی دڵنیام هیی وایان تێدایە لە ناوەوە هەست دەکات کە چۆن پشتی کردووەتە نرخە مرۆڤانە وهونەری و جوانەکانی کە هەر نەبێ ڕەنگە لە تەمەنی لاوێنیدا باوەڕی پێیان بووبێت و ئێستا هەست دەکات پشتی تێ کردوون و پشتی کردووەتە ئەو سەدان گەنجە دڵگەرم و تازەخوازانەی کە ئەوانیش وەک جارانی خۆی تازە دەستیان داوەتێ و باوەڕیان بە زۆر نرخ و بنەما هەیە و ئامادە نین هێندەی سەرەموویەکیش وازی لێ بێنن. ئەگەر بەختیان هەبێت و نەتەوەکەیان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان و فەرهەنگی مرۆڤایەتی بەختی هەبێت ئەمانە ناکەونە بەردەستی ئەو هێز و دەستەڵاتانەی کاریان دەستەمۆکردنی ئەم بەهرە کێوی و ڕەسەن و پاکانەیە.

# ڕۆژاوا

ناسینی ڕۆژاوا بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ڕۆژاوا ئەو ئاوێنەیەیە کە ئێمە وێنەی خۆمانی تێدا دەبینین؛ هەم وێنەی خۆمان وەک هەین، ئەگەر بوێرین تەماشای بکەین، هەمیش وێنەی خۆمان، یا ئەو وێنەیەی خۆمان، کە ئەوان دەیبینن و دەیانەوێ نیگاری بکێشن. ئێمە لە ڕۆژاوا زیاتر دەرفەتمان هەیە کە خۆمان بناسین، چونکە لێرە دوو شێوەی دژبەیەک، دوو دیاردەی ناکۆک، دوو فەرهەنگی جیاواز و دوو ڕەنگی ناتەبا بەرانبەر یەکتر ڕادەگرین و بە راوردیان دەکەین.

ڕۆژاوا ئەمڕۆ ناوەندی فکر و تەکنۆلۆگی و زانست و سیاسە تیشە. ناوەندی جڵەوکێشی و بڕیاری سیاسییە. لە زۆر بواردا ڕۆژاوا پێشەنگ و سەرکردەی دنیای ئەمڕۆن. ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە هەموو شتێکی ڕۆژاوا چاکە یا دەبێ ئێمە بە چاکی بزانین و پێمان خۆش بێت و قەبووڵی بکەین. زانست وفکر و تە کنۆلۆگی خۆیان نوێنەری خراپە نین، بەڵام سیستەمی سەرمایە داری هەموو شتێکی کردۆتە کاڵایەکی بازرگانی و لەپێناو قازانجدا بە کاری دەهێنێت، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ نرخێکی مرۆڤایەتی بدات، بێ ئەوەی لە هیچ تاوان و خراپییەک بپرینگێتە وە. هەر بۆ ئەوەیش ئەم کاڵایانە چاکتر برەو پەیدا بکەن و بازاڕەکانی دنیا بتەنننەوە و مێشک و ئاوەزی مرۆڤی دنیای ئە مڕۆ داگیر بکەن، سەرمایەداری بە جۆرێک پێشکەشیان دەکات کە لەگەڵ لایەنە نزم و ماددی و شەڕانییەکانی دەروون و ڕۆحی مرۆڤدا بگونجێت.

سەردەمێکی دووردرێژ ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەندی فکر و زانست و زانیاری بوو، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانەتی بوو، بەڵام لە ڕێنێسانس بە دواوە ئەوروپا بۆتە پێشەنگ. لەوساوە ڕۆژهەڵات، بە تایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە پاشەکشێدایە و ڕۆژبەڕۆژ بۆ دواوە دەچێت. لەم سی چل ساڵەی دواییدا ژاپۆن تەکانێکی باشی داوە و لە هەندێ بواردا شان لە شانی ڕۆژاوا دە دات، بەڵام پێشەنگایەتی دیسان هەر بە دەست ڕۆژئاواوەیە. ڕۆژاوا خاوەنی شارستانەتییە، بەڵام شارستانەتییەکی ماددی،

بێداد، زۆردارانه، ناڕەوا و نامرۆڤانه. بەکارهێنانی ئەم چوار ئاوه ڵناوەی دوایی، دەمخاتە سەر ئەو گومانەی کە ئەگەر وا بێت، ئایا دەکرێ ئەمە بە شارستانەتی دابنێین؟

هەڵوەدابوونی ڕۆشنبیرێکی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ڕۆژاوا هەمیشە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی زانست نەبووە، بەڵکە زۆر جار هه ڵخەڵەتانە بە زریقوباقی ئەوروپا و ڕۆژاوا. بەڵام هۆکارێکی یه کجار گرنگی پەڕەوازەبوونی مرۆڤ، لە پێش هەموویشیانەوە ڕووناکبیران، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا ئەوەیە کە ڕۆژهه لات لە ڕووی ئازادیی بیروباوەڕەوە، لە ڕووی سینگفراوانی و ته حەممولەوە، لە ڕووی پێکەوەژیانی بیری جیاوازەوە، لە ڕووی دادی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی دیمۆکراسییەوە، له ڕووی مافی هەڵبژاردنەوە و لە سەدان ڕووی دیکەیشەوە قوڕی پێوە دراوە و وێرانەیەکە بۆ خۆی. لە بارێکی ئاوا تەسکدا کە ده رفەتی هەناسەدانی تێدا نەبێت، بە سەیری نازانم خەڵکانێکی زۆر ملی ڕێ بگرن و خۆیان بگەیێننە ڕۆژاوا. سیاسەتمەدار و دەسته ڵاتدارانی ڕۆژهەڵات دەیانەوێ تۆ نیشتیمانپەروەر بیت و ملکه چی یاسا و بنەماکان بیت و خۆت بۆ نیشتمان بەخت بکەیت، به ڵام ڕێگەت نادەنێ لە ڕازاندنەوەی ڕەنگوڕووی ئەو نیشتمانەدا تۆیش قسەیەک بکەیت، ڕێگەت نادەنێ لە دانان و هەڵوەشاندنەوه ی قانوون و بنەماکاندا دەنگت هەبێت. ڕێگەت نادەنێ لە هه ڵبژاردنی سەرکردەکان و لابردنیاندا تەنانەت لە ناو دڵی خۆیشتدا بیری لێ بکەیتەوە. بەناوی نیشتمانەوە هەزاران و میلیۆنان

مرۆڤ به کوشت دەدەن، بێ ئەوەی پرسێ به خەڵک بکەن و بزانن ئەوان چی دەڵێن و چییان دەوێ. ئەم نەریتە تەنیا لای پاشا و سەرۆکە (ڕەسمییەکان) نەبۆتە باو، بەڵکە تەنانەت سه رکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش وا بیر دەکەنەوە و هه ڵسوکەوت دەکەن. ئەوان کە گوایە دژی زۆرداری و چەوساندنه وەن و لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، کەچی لەناو ڕێکخراوه کانی خۆیاندا هەر یەکەیان فەرخەدیکتاتۆرێکه. کە دەسته ڵاتیشیان گرتە دەست ڕێک لاساییی داگیرکار و دوژمنەکانیان ده کەنەوە.

زۆر ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی هەن کە دەگەنە ڕۆژاوا، خۆیان ده گونجێنن و، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، دەبنە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە و لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی. دەبێ ئەوه یشی بخەمە سەر کە ڕۆژاوا لەم ڕووەوە یەک شتی پتەو و یه کپارچە و یەکڕەنگ نییە. ئەمەریکا وەک ئەورووپا نییە و وڵاتانی ئه ورووپایش خۆیان پلەی جیاوازیان هەیە.

ڕووناکبیری جیددی هەڵوەدای ئاڵووالا نییە و بە شتی سووک و سەراوی دڵی ئاو ناخواتەوە، بەڵکە عەودالی وەرامی قووڵ و ڕاستگۆیانەیە بۆ پرسیارەکانی. ڕووناکبیرێکی لەم جۆرە ڕەنگه کە لە سەرەتادا دێتە ڕۆژاوا تووشی ماتی و حەپەسان ببێت، چو نکە لەپڕ دەکەوێتە ناو سیستێمێکی یەکجار جیاوازەوە. ماوەیەکی دەوێ تا بتوانێت مێشکی خۆی و سیستێمی بیرکردنەوەی سه رلەنوێ ڕێک بخاتەوە. لەوە بەدوا دەتوانێ سوود لە دیسیپلین و

میتۆده زانستییەکانی ڕۆژاوا وەربگرێت، بەڵام بە بیرێکی ڕەخنە گرانەوە لە بەشەکانی زانست و فەرهەنگ نزیک ببێتەوە. دەبی زۆر وریا بێت و چۆن دەست بۆ دووپشک دەبات، ئاوایش دە ست بۆ زانستی ڕۆژاوا ببات. خەڵک هەیە زۆر بە ئاسانی دە توانێ دووپشک بگرێت بێ ئەوەی بهێڵێ پێیەوە بدات. مەرجێکی دیکەی گرنگیش بوێرییە. ڕووناکبیر دەبێ هێندە بوێر بێت کە ئە گەر ڕاستیی بینی، چاوی خۆی دانەخات، بوێرێ باسی بکات.

سۆڤییێتی جاران لە ڕووی زانستەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو نەبوو. ئەوەی ئازادی بێت لەو وڵاتەدا نەبوو. پڕ بوو لە نموونەی ناڕە وایی و بێدادی و درۆ. هەمووومان دەزانین کە دەیان خوێندکاری کورد چوونە ئەو وڵاتە بۆ خوێندن. ئەمانە کە دواتر دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، چەند کەسیان ڕاستیی ئەو وێرانەیە و ئەو زیندانە یان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە؟ زۆربەیان نەک هەر ڕاستییەکەیان دە شاردەوە، بەڵکە کە باسی سۆڤییێتیان دەکرد، دەتگوت باسی بەهە شت دەکەن. من ئەمە بە نموونەی ترسنۆکی دادەنێم. ترسنۆکییش یەکێک لە کۆڵەکە هەرە پتەو وگرنگەکانی ڕووناکبیری دەڕووخێنێ.

# ڕۆژهەڵاتناسان

ئەم ڕۆژهەڵاتە بەدبەخت و سەرلێشێواوەی ئێمە بە دەست هەزاران دەردەوە دەناڵێنێت. دەڵێی هەرچی شەڕخواز و تاڵانکاری دنیا هەیە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کردووە، هەلێکیان دەست بکەوێت هەڵکوتنە سەری و خاکی بە توورەکە بپێژن.

تا ئەو کاتەی لە کوردستان دەژیام، بەڕاستی زۆر شارەزای کار و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان نەبووم، لەبەر ئەوەیش هە ڵوێستێکی ڕوون و دیاریکراوم لەبارەی خۆیان و بەرهەمیان و نیازیانەوە نەبوو. هەندێ کتێب کرابوونە کوردی و عەرەبی، بە

لام ئەمە وێنەیەکی تەواوی ڕۆژهەلاتناسی، یا ڕاستتر بڵێم، کوردناسی نەبوو. وەک خوێنەرێک زۆرم پی خۆش بوو کە دە مدیت کابرایەکی ئەمەریکایی یا ئینگلیز یا فرانسی کتێبی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە و خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەیدانە دا تەرخان کردووە.

لەناو ئەو نووسراوانەدا جاروبار هەستم بە جۆرە ناڕەوایی و ناهەقییەک دەکرد، هەستم دەکرد ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەو ڕاستییە نییە کە ئێمە لێی تێگەیشتووین. بەڵام ئەم هەستەی من هێندە ڕوون نەبوو کە گومانم لە دڵدا بەرانبەر کاری ڕۆژهە لاتناسان پەیدا بکات.

یەکەمین ڕۆژهەلاتناس و کوردناسێک لە نزیکەوە ناسیبێتم مارتین ڤان برونئەسسێنی هۆلاندی بوو[Martin van Bruinessen]، کە ئێستاکەیش هەر ناسیاومە و زۆر جار لێرە و لەوێ چاومان بە یەکدی دەکەوێت. مارتینم ساڵی ١٩٧٦ لە کوردستانی سووریا چاو پێ کەوت. ئەودەم ئینگلیزییەکەی من ئەو باشە نەبوو کە هە موو قسە و باسێکی پێ بکەم، ناچار ئەو دوو سێ سەعاتەی پێکەوە بووین بە ئینگلیزی و بە کوردییش قسەمان دەکرد. بەڵام کە هاتمە ئەورووپا و دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەشێکی باشی ئەو سەرچاوانەی بە ئینگلیزی لە بارەی کوردەوە نووسراون، جار لە دوای جار باشتر تێدەگەیشتم کە ڕۆژهەلاتناسان و کوردناسان، با بڵێین بەشی هەرە زۆریان، نەک هەموویان، چە ندە بێویژدان و ناڕاست و نازانستین و هەڵوێستێکی چەند

دوژمنانەیان بەرانبەر بە کورد و ڕۆژهەڵات و ئیسلام هەیە. دیارە ئەوان نایێن هەروا بەئاشکرا دوژمنایەتیت بکەن، بەڵکە بە ناوی کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادێمییانەوە گومان دەخە نە سەر هەموو شتێک و کۆمەڵێ تیۆریی درۆ و ناڕەوا دادەمە زرێنن، بۆ پووچاندنەوەی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوویشت.

لە ماوەی بیست بیستوپێنج ساڵی ڕابوردوودا لە کۆمەڵێ کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و ئەکادێمیدا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و کەنەدا و تورکیا بەشداریم کردووە. بەم هۆیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری کوردناسەکاندا هەیە و زۆر جاریش تووشی گفتوگۆ و دەمەقاڵ و کێشە هاتووم لەگە ڵیاندا.

ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان کە بە ناوی زانست و کاری زانستییەوە زۆربەی ڕاستییەکان دەشێوێنن و مێژوو ئاوەژوو دە کەنەوە، لەبەر نەزانی و ناشارەزایی نییە کە وا دەکەن. ئەمانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکن لە بیرکردنەوە و پرۆژە و نەخشەیەکی سیاسیی ئیمپەریالیستانە کە ئامانجەکەی ناسینی ڕۆژهەڵاتە بە نیازی ڕێخۆشکردن بۆ دەستەمۆ و ڕاوکردنی.

ڕەنگە جاروبار وا هەڵبکەوێت کە هەندێکیان بە هۆی ئەوەوە کە تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ کورد و کوردەواریدا پەیدا دەکەن، هە ستی مرۆڤانەیان ببزوێت و دەکەونە ژێر تەئسیری ئەو هەموو بەدبەختی و ماڵوێرانییەوە کە بەسەر کورددا هاتوون و، بەو پێیە یش هەڵوێستیان دەگۆڕێت و ڕاستگۆیانەتر لە کورد دەدوێن و

دۆستایەتییەکی بێفرۆفیلتری دەکەن، بەلام ئەمە زۆر دەگمەنە. لە نووسینەکانی (مینۆرسکی)دا، بۆ نموونە، هەست بە جۆرێ ویژدان و هەندێک دۆستایەتی دەکرێت. هەروەهایش تا ڕادەیەک، (فرەدریک بارت)ی نۆروێژی و (هێننی هارالد هانسن)ی دانمارکی.

ئەمڕۆ دەیان ڕۆژئاوایی هەن وەک کوردناس ناسراون و لەو بوارەدا چالاکانە کار دەکەن. بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ باری سیاسیی کوردستاندا خەریکن. هەندێکیش هەن کە خەریکی زمان، کۆمەڵناسی، مەسەلەی ژن و ئەنترۆپۆلۆگین. کوردناسە کانی سەردەمی ئەمڕۆ لە هیی نەوەکانی پێشوو زۆر هێرشبەرتر و شەڕانیترن (Aggressive). ئەمانە بە ڕۆژی نیوەڕۆ دوژمنایەتیی کورد دەکەن و هەوڵ دەدەن پارچە پارچەی بکەن و گومان بخە نە سەر هەرچییەکی هەیە و نییە. تۆ ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنەرە وە کە لەم ١٥ ساڵەی ڕابوردوودا نووسراون، دەبینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گومان لە بوارە جیاوازەکانی بابەتەکانی سەر بە کورد و کوردەواریدا هەر بەرەو زیادبوون دەچێت. ئێستا کابرای کوردناس زۆر بە ڕاشکاوی پێت دەڵێت کوردیی باشوور و کوردیی باکوور دوو زمانی جیاوازن، هەورامی و زازایی و لوڕی زمانی سەربەخۆن و کوردی نین، یەزیدی کورد نین، شەبەک کورد نین، کورد یەک نەتەوە نییە چونکە زمان و جیۆگرافیا و مێژوویەکی هاوبەشی نییە، ئەوەی ئەحمەدی خانی باسی کردووە بیری نەتەوایەتیی کوردی نییە، بەڵکە داخوازێکی

فیۆدالآنەیە. شەڕی یەکێتی و پارتی شەڕی سۆران و بادینانە، یا شەڕی قادری و نەقشبەندییە و دەیان بەیت و بالۆرەی لەم بابە تە. هەر ئەمانن زۆر بەگەرمی پشتگریی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بۆ یەزیدی و عەلەوی و بۆ زازا و بۆ گرۆی دیکە دەکەن. هەر ئەمانن لە ئەوروپا و لە کوردستانیش دەیان و سەدان دامەزارو و دەستگای بەناو فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زانستی دادەمەزرێنن و خەباتێکی بێوچان دەکەن بۆ تێکدان و هە ڵوەشاندنەوەی ئەو بنەما ئەخلاقی و دینی و سیاسی و فەرهە نگییانەی بوونەتە کۆڵەکەی خۆڕاگرتنی کورد و مانەوەی وەک نەتەوەیەک. مەرج نییە ئەم پڕۆژە ئیمپەریالیستییە هەمیشە لەژێر چەتری کوردناسیدا بکرێت. زۆر جار دەیان ڕووپۆشی دیکە دە دۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی نیازەکانیان. بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوە ناحوکوومییانەی NGO بە دنیادا بڵاو بوونەتەوە و بە ڕوواڵەت یارمەتیی خەڵکی لێقەوماو دەدەن، بۆ مەبەستێکی ڕووتی سیاسی لەوێن و بە جۆرێک زیان بە کورد، یا بەو گەلانە ، دەگەیێنن کە ڕەنگە داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن بەو چە شنە تێی بسرەوێنن. داگیرکارەکە چونکە دوژمنێکی ئاشکرایە، تۆ دەتوانی خۆتی لێ بپارێزی، بەڵام ئەم بە ناوی دۆستایەتی و کۆمەککردنەوە دێتە ماڵەکەت.

هەندێک ڕۆژهەڵاتناس لە ترسی ئەوەی نەوەک لەو چوارچێوەیە دەرچن یا شتێک بڵێن لەگەڵ باوەڕ و بۆچوونە باوەکەدا نە گونجێت و دواجاریش کارەکانیان بە نازانستی دابنرێت، ناچارن

بکەونە دوای قسەی باو و لەگەڵ تەوژمەکەدا مەلە بکەن. من ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپایی دەناسم کە کاتێ وەک تاکەکەس پێکە وە دادەنیشین، دەڵێ ڕاستە دەزانم ئەو باوەڕانەی کە گومان دە خەنە سەر هەندێ لایەنی مێژوویی و فەرهەنگیی کورد، باوەڕی سیاسین. کەچی ناوێرێ بەئاشکرا و لە بەردەم ڕۆژهەڵاتناسە کانی دیکەدا ئەم قسەیە بکات یا بنووسێت، چونکە دەترسێت. لە وە دەترسێت بەوە تاوانبار بکرێت کە نازانستییانە بیر دەکاتەوە. دیارە ئەوەیش هەیە ئەگەر کەسێکی ئەکادێمی بە تەواوی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوان قسە بکات و بنووسێت، ئەوان بە ئاسانی ئەفەرۆزی دەکەن، دەیان تاوانی درۆی بۆ هەڵدەبەستن و زیانی پێ دەگەیێنن. نموونەیەکی زۆر زەق ئەو نووسینەیە کە کاتی خۆی مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆ وەرامدانەوەی مەکینزی نووسیبووی. هیچ گۆڤار و ژۆرناڵێکی زانستی و ئەکادێمی بەرهە مەکەی مامۆستا وەهبییان بڵاو نەکردەوە، چونکە دەیویست بە رپەرچی ئەو باوەڕانەی مەکینزی بداتەوە کە دەیوت بنەچەی کورد مادەکان نییە. مامۆستا وەهبی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی لە بواری کوردناسیدا نووسیون بە ئینگلیزی، بەڵام ئێستا و ئێستایش نەیانهێشت دانەیەکی لە گۆڤارە بەناو ئەکادێمی و زانستییەکانی زانستگەکانی ئەوروپادا بڵاو بکرێتەوە. مامۆستا جەمال نەبەزیش زۆر جار ڕێی لێ گیراوە و نەیانهێشتووە لێکۆڵینەوەکانی لە ژۆرناڵە زانستییەکاندا بڵاو ببنەوە. نموونەی دیکەیش زۆرن. کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین ئەگەر یەکێک

شتێک لەسەر زازا، عەلەوی یا یەزیدی بنووسێت، یا لێکۆڵینەوە کەی گومان بخاتە سەر یەکێتیی زمانی کوردی، یەکسەر بۆی ڕێک دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە.

لەناو ڕووناکبیرانی گەلانی ئازادیخوازدا زۆر دەمێکە کەسانیک هەبوونە کە بەتەوسەوە و بەگومانەوە تەماشای کاری ڕۆژهە ڵاتناسانیان کردبێت. ڕەنگە ئەم هەڵوێستە نەخرابێتە چوارچێوەی تیۆرییەوە و دەربڕینەکەی زیاتر بە شێوەیەکی سیاسی بووبێت. بەڵام بیریاری فەلەستینی – ئەمەریکایی ئیدوارد سەعید بە نووسینی کتێبی (*ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism*)، ئەم هەڵوێستەی خستە چوارچێوەیەکی زانستییەوە و لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و سیاسییەوە، بە شێوەیەکی نوێ، ڕۆژهەڵاتناسیی شی کردەوە و خوێندەوە. ئێستا ڕێبازەکەی سەعید بۆتە بەشێکی گرنگ لە دنیای لێکۆڵینەوەدا و لەناو تیۆرییەکانی ئەدەبدا وەک تیۆریی پۆستکۆلۆنیالیزم Postcolonialism ناو دەبرێت.

لێکۆڵینەوەکەی ئیدوارد سەعید لەسەر ڕۆژهەڵاتناسییە بە گشتی. من پێم وایە ڕووناکبیرانی کورد هەر بەو مێتۆدەی سەعید دە توانن لە بواری کوردناسیدا کارێکی لەو بابەتە بکەن، بۆ ئاشکراکردن و بەدرۆخستنەوەی زڕەتیۆری و زڕەزانستی کوردناسەکان و ئەو ئەنجامگرییانەی لەبارەی زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە نووسیویانە و دەینووسن. ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە تەنیا بە یەک کەسیش نەکرێت. تەگەرەیەکی یەکجار گەورە لەم ڕێگەیەدا خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد

خۆیەتی. من گەلێ جار لەگەڵ هەندێ ڕووناکبیری تەنانەت گەورە و ناسراوی کورددا کەوتوومەتە باس و گفتوگۆ. دەردەکە ئەوەیە ئەمانە ئەو هەڕەشەیە نابینن و لە میکانیزمی شێواندنی فەرهەنگ و زمان و مێژووی کورد نەگەیشتوون. ڕەنگە بەشێک لەم ڕووناکبیرانەی کورد لەبەر نەزانی، لەبەر سافیلکەیی، لەبەر بێئەزموونی ئەوەندە خۆشباوەڕ بن، بەڵام، بێگومان، هەندێکیشیان لەبەر ئەوەیە کە هەلپەرستن، ئۆپۆرتونیستن. ئەمانە ئەو زرەڕووناکبیرانەن کە سی ساڵ لەمەوپێش چەپڵەیان بۆ یەکێتیی سۆڤییێت لێ دەدا کاتێ تانکەکانی بریژنێڤ لادێکانی ئەفگانستانیان وێران دەکرد، کاتێ ڕێژیمی ژەنەراڵ یارۆزالیسکی کرێکارانی پۆڵۆنیای دەدایە بەر گوللە و کاتێ هەموو بلۆکی سۆسیالیست سەددام حوسەینی بە ڕێبەرێکی سۆسیالیست دادەنا. ئەمڕۆیش هەر ئەو زرەڕووناکبیرانەن کە چەپڵە بۆ دەبەنگێکی وەک جۆرج بوش لێ دەدەن و ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی بە ڕزگارکەری گەلان دەزانن.

ڕۆژهەڵاتناسان بە خواستی ئێمە واز لەو یارییە دزێوەی خۆیان ناهێنن، چونکە ئەوان، بەشی زۆریان، بۆ ئەو ئەرکە ئامادە کراون. گرنگ ئەوەیە دەستەڵاتی سیاسیی کوردستان و دەستگا فەرهەنگی و زانستییەکانی کوردستان هێندە هۆشیار و ئەوەندە دووربین بن کە خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد بە جۆرێک ئامادە بکەن کە نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیان بناسن و بزانن و بتوانن لە چوارچێوەیەکی زانستیدا و بە ئاخاوتەیەکی زانستییانە

فەرهەنگ و شارستانەتیی نەتەوەکەیان پێشکەش بکەن و بناسێنن.

# ئێمە لەوانەیە بتوانین مێژوو بگۆڕین، بەڵام ناتوانین جیۆگرافیا بگۆڕین

**پرسیاری یەکەم: بە تەماشاکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراق، چ ئاسۆیەکی تازە لە بەردەم کوردی ناو عیراق و دەرەوەی عیراقدا پەیدا دەبێت؟**

شاکەلی: کورد، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، لەم کاتەدا لە ڕەوشێکی ناسکدان لە عیراقدا. ڕاستە ئەمەریکاییەکان یارمەتیی گەلیان دا، عەرەب و کورد و ئەوانی دیکە، بۆ ڕووخاندنی سەدام حوسەین و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی، بەڵام ئەو داهاتووە پرشنگدارەی کورد بە دڵگەرمییەوە چاوەڕێی بوو، تا

ئێستایش دیار نییه. بەڵێنێکی زۆر دران، بەڵام کەمیان، یەکجار کەم، بە جێ هێنراون.
هەڵبژاردن هەلێکی نایاب بوو بۆ گەلی کورد بۆ پیشاندانی ویستی خۆی و پلە و پایەی خۆی لە عیراقدا. هاوپەیمانیی کوردستانی ئێستاکە هێزی گەورەی دووەمە لە پارلەمانی عیراقدا. پارتییە سیاسییەکانی کورد هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە بە ڕەسمی گشتپرسییەکیان (ڕیفراندوم) پێک نەهێنا، تا گەلی کورد بە ڕاشکاوی قسەی خۆی لەبارەی پاشەڕۆژەوە بکردایە. گەلی کورد دەیتوانی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەڵبژێرێت. ئەمە دەبوو بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لەسەر داهاتووی کوردستان.
ئەم سەردەمە تازەیەی زڕەدیمۆکراسی لە عیراقدا، لەوانەیە ماوەیەک بەردەوام بێت، بەڵام من زۆر ڕەشبینم لەبارەی هاوکاری لەگەڵ پارتی و گرۆ عیراقییەکاندا لە داهاتوودا. مەسەلەیەکی دیکە کە نیگەرانم دەکات مەسەلەی پێوەندیی هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستانە: پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. من دڵنیا نیم ئەم "مانگی هەنگوین"ەی نێوانیان ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت یا نە.

**پرسیاری دووەم: هەڵوێست و هەستی ئێستای گەلی کورد لەبارەی تێرۆریزم و ڕووداوەکانی ناوخۆی عیراقەوە چییە؟ بۆچوونی کەسەکیی خۆت چییە لەو بارەیەوە؟**

شاکەلی: ئاسان نییە بزانی خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە و هەستیان چۆنە. لە کوردستاندا هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن؛ ڕۆژنامە، تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، لەلایەن حوکوومەت و دوو حیزبە گەورەکەوە کۆنترۆڵ کراون. شەپۆلی زانیاری کە دەگاتە خەڵک لەلایەن ئەم پارتییانەوە سانسۆر دەکرێت. من نموونەیەکی سادەت دەدەمێ: کاتێک چەند حەفتەیەک لەمەوپێش ژنەڕۆژنامەوانێکی ئیتالیایی لە عیراق ڕزگار کرا و پاسەوانێکی ئیتالیایی لەو پێوەستەدا بە "گوللەی دۆستانە"ی ئەمەریکاییەکان لەو کردارەدا کوژرا و ڕۆژنامەوانەکە خۆیشی بریندار کرا، دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کورد یەک دانە وشەیان لەو بارەیەوە نە باس کرد و نە نووسی. تەنیا ئەوەیان نووسی کە ئەو خانمە گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا. نە کەمتر و نە زیاتر! زۆر سەیرە، ئەمەریکاییەکان خۆیان ناتوانن ڕووداوەکە ئینکار بکەن، کەچی لای کورد زۆر گرنگە ڕاستییەکە بشارنەوە و هیچ شتێک بە خەڵکی نەڵێن، نەوەک ئەمە زیان بگەیێنێت بە ناوبانگی ئەمەریکا. ڕاستییە سادەکە ئەوەیە کە زانیاری سانسۆر دەکرێت و هەڵمەتێک هەیە بۆ مێشکشۆردنەوەی خەڵک.

تیرۆریزم دەبێ شەڕی لەگەڵ بکرێت و ببەزێنرێت، ئەمە شتێکە هەر کەسێک حەزی لە ئازادی بێت، دەبێ لێی تێبگات. بەڵام ئەوەیش گرنگە کە تێبگەین تیرۆریزم مەسەلەی چەند ڕووداوێکی تاکەکەسی نییە. تیرۆریزمی دەوڵەتیش دەبێ بە فراوانی ناو بهێنرێت و قسەی لەسەر بکرێت. کرداری تیرۆریستانە لە لایەن ئەمەریکا، تورکیا و ڕووسیاوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەمەیان لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا وا وێنا دەکرێت وەک بڵێی شەڕێکە بۆ ڕزگاری و بۆ ئاسایشی وڵات. ئەوەیش گرنگ و گەوهەرییە کە "کاغەزەکان تێکەڵ نەکرێن" وەک لای ئێمە لە سوێد دەگوترێ. ئیدیۆلۆگیی ئەمەریکایی وا باسی تیرۆریزم دەکات وەک بڵێی کارێکە بەتایبەت هیی موسڵمانانە. ئەوان هەموو شتێکی ئیسلام و موسڵمانان بە ڕەش پێشان دەدەن. ئەمە پرۆپاگاندەیەکی ناڕەوایە و ئامانجەکەی بڵاوکردنەوەی ئیدیۆلۆگیی ئیمپەریالیستانەیە.

وا دیارە هەموو کەسێک دەیەوێ قەناعەت بە هەموو کەسێکی دیکە بکات کە داهاتووی عیراق، وڵاتێکی یەکگرتوو، فرەفەرهەنگ، فرەئەتنیک و دیمۆکرات دەبێت. من باوەڕم بەمە نییە. من باوەڕ ناکەم ئەمە سەر بکەوێت. تەنانەت ئەمەریکاییەکان، کە وا پێشان دەدەن دەیانەوێ وڵاتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن، ئەوانیش بە جیددییان نییە. بەڕاستی من وای دەبینم کە ئەمەریکاییەکان هیچ نەخشەیەکی جیددی و ستراتیگییەکی جیددییان بۆ پاشەڕۆژی

عیراق و ناوچەکە نییە. ئەوان سیاسەتی ئەزموونگەرایی پێڕۆ دەکەن، کە هیچ سەرکەوتنێک دەستەبەر ناکات.

**پرسیاری سێیەم: هەڵوێست و هەستی ئێستای گەلی کورد لەبارەی شەڕی ئەمەریکا و داگیرکاریی هێزەکانی ئەمەریکا (و ئەوروپا)وە چییە؟ ئەی بۆچوونی کەسەکیی خۆت لەو بارەیەوە چییە؟**

شاکەلی: ئەگەر وا باوەڕ بکەین کە پارتییە سیاسییەکانی کورد نوێنەرایەتیی گەل دەکەن، کەواتە دەبێ بڵێین گەلی کورد سەربازی سەرلەپێناون لە سوپای ئەمەریکادا. هەر نەبێ ئێمە ئەوە لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی کوردستاندا دەخوێنینەوە و لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا دەبینین. ڕاستە خەڵکێکی زۆر هەن وا دەزانن ئەمەریکاییەکان بۆیە لەوێن تا ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی دابمەزرێنن. بەڵام ئەمە ڕەوشێکی کاتەکییە و زوو بێت یا درەنگ، تێدەگەن کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەمەریکاییەکان نەوت و سەردەستیی سیاسی و بەرژەوەندیی ئابووری و عەسکەرییە.
ئەمەریکاییەکان ڕەوشێکی وەهایان دروست کردووە کە وەک هێزی ڕزگاریهێن دیار بن و خەڵکیش ئەوە دەزانن کە هێزەکانی داگیرکار پێویستن بۆ ئەوەی بیانپارێزن. بەڵام دەبێ ئەوەیش بگوترێت و ڕوون بکرێتەوە کە هەر ئەمەریکاییەکان خۆیان

بوون که سەددام حوسەین و ڕێژیمە خوێنڕێژەکەی ئەویان دروست کرد، ئەوان بوون کە بە هەموو شێوەیەک پشتی سەددامیان گرت کە دژی ئێران و دژی گەلی کورد و گەلی عیراق شەڕی دەکرد. هەم ئەوان و هەم ئەوروپاییەکانیش بوون کە چەکی کۆکوژییان دا بە سەددام حوسەین بۆ پلیشاندنەوەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانەی کورد و بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە.

**پرسیاری چوارەم: بە بۆچوونی خۆت، گەورەترین مەترسیی چاوەڕوانکراو بۆ گەلی کورد و گەلی عیراق لە قۆناغی مێژوویی پاش سەددامدا چییە؟**

شاکەلی: من پێم وایە ئەم هەلومەرجە ئاژاوەئاسایەی ئێستای عیراق تا ماوەیەکی تریش لە داهاتوودا بەردەوام دەبێت. لەوەیە حوکوومەتێکی تازە دابمەزرێنرێت و دەستبەکار بێت، بەڵام کێشە سەرەکی وگەوهەرییەکانی وڵاتەکە هەروا بێ چارەسەر دەمێننەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەی دەوێت. ئەوان وڵاتێکی ئارام و سەقامگرتوو و ناوچەیەکی ئارام و سەقامگرتوویان ناوێ. سنووری تەماع و بەرزویستییە سیاسیەکانی ئەوان تەنیا عیراق و کوردستان نییە.
ئەوان باسی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەکەن و باسی دیمۆکراتاندنی ناوچەکە دەکەن. ئەوان دەیانەوێ

ڕێژیمەکانی ناوچەکە بگۆڕن. ئەوان دەیانەوێ شەڕی ئیسلام بکەن و فەرهەنگی ئیمپەریالیستانەی ئەمەریکایی بڵاو بکەنەوە. گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گەلی کوردیشەوە، شتی هاوبەشیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکادا یەکجار کەمە.
من زۆر جار ئەوەم گوتووە کە ئێمە لەوانەیە بتوانین مێژوو بگۆڕین، بەڵام ناتوانین جیۆگرافیا بگۆڕین. ئێمە، وەک کورد، سەر بەو ناوچەیەین و پاشەڕۆژیشمان بە توندی بەستراوە بە ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکەوە. ئەوە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە ببینە بەشێک لە ستراتیژیی ئەمەریکا یا ئەورووپا. ئەمانە هێزی بێگانە و سوپای بێگانەن و ئێستا بێت یا دواتر هەر دەبێ ناوچەکە بە جێ بهێڵن.
ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو گەلانەن کە سەر بە ناوچەکەن و دەبێ خۆیان بڕیار بدەن بە چ شێوەیەک دەیانەوێ پێکەوە بژین. چاکترین هەلومەرج ئەوە دەبێت کە کورد بڕیاردانی چارەنووس بە کار بهێنن و دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن ( چاکتریشە ئەگەر دوو یا سێ دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن) و بە ئاشتی لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بژین. بەڕاستی جێگەی داخە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بێشکەی فەرهەنگ و شارستانەتی و دینی جۆراوجۆرە، بکەوێتە ڕەوشێکی وا ناخۆشەوە. گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەب، جوولەکە، تورک، کورد، فارس...هتد) دەبوو بتوانن ڕێگەی چارەسەری

کێشەکانیان بدۆزنەوە و دواڕۆژی خۆیان دروست بکەن بێ دەستتێوەردانی ئەوانەی لەودیوی زەریاکانەوە دێن.

ئەم هاوپەیڤینە بە زمانی ئیتالیایی لەم سەرچاوەیەدا بڵاو کراوەتەوە:

"Maitardi" Periodico dell'Istituto storico della Resistenza Senese n.2: 2005
(Magazine of the Institute of History of Resistance in Siena)
"Iraqi Kurds: a people without peace" Debate edited by Silvia Folchi

# فەرهەنگی خۆڕووخێنی
# The Culture of Self-destruction

نەخشەی فەرهەنگی کوردی لەم سەردەمەدا هێندە ئاڵۆز و شێوێنراوە کە بوارێکی یەکجار تەسک و ڕەقەنی بۆ گوتوبێژێکی زانستی و مەنتیقی هێشتۆتەوە. ئەمەی دەیڵێم دەکرێ لەبارەی هەر ڕۆژنامە یا گۆڤار یا وەستگەی تەلەڤیزیۆن و ماڵپەڕی ئینتەرنێت و دەستگایەکی فەرهەنگییەوە، کە سەر بە کورد بێت، بگوترێت. ڕادەی ڕەخنەگرتن و لێپرسینەوە پێوەندییەکی ئاشکرای بەو گیانی بەرپرسایەتییەوە هەیە کە ڕەنگە لای

دەستگایەک بە دی بکرێت و لای یەکێکی دیکە وای دابنێیت کە هاوتای سفرە (مەبەستم ژمارەی سفرە). بەرەی فەرهەنگی شێوێنراوی کورد هێندە بەرین و گشتگرە کە لە هەر لایەکەوە هێرشی بکەیتە سەر هەر ڕووبەڕووی ئەو وێرانکاری و نیازی خۆڕووخێنییە (خۆڕووخێنی: Self-destruction) دەبیتەوە کە بوونەتە نیشانە و تایبەخۆی ئەو فەرهەنگەی تۆ چاوەڕوانی ئەوە بوویت بەرەو ئاسۆیەکی دیکە بڕۆیشتایە.

ئەو وێنە مەیلەو ڕەشبینانەیەی سەرەوە دەکرێ بخرێتە چوارچێوەیەکەوە کە ڕەنگە هێندەی تر تاریک بێتە پێش چاو، بێ ئەوەی ئەمە کاردانەوەی گیانی خۆڕووخێنیی فەرهەنگەکە خۆی بێت، یا بەشداریکردنێک بێت لەو وێرانکارییەکەدا. چوارچێوەکە ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و تەکنیکییەیە کە دەکرا تا سنووری ڕینێسانسێکی (renaissance) فەرهەنگی سوودی لێ وەربگیردرێت و تا داوێنی بووژانەوە و خۆدروستکردنێکی ڕاستەقینەی سیاسی و نەتەوەیی بخرێتە کار. کەچی ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەیبینین شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت کە تا ڕادەی بێئومێدی لە تەرازووی هۆشیارییەوە دوورە و لەگەڵ بنەماکانی ئەزموونگەری و بەو پێیەیش سەرخستنی ئاستی زانیاری، بەتایبەت زانیاریی ناوکۆی نەتەوایەتی، ناتەبایە.

من کارم بەسەر ئەوەوە نییە ئامارە ڕەسمییەکانی دەستەڵات چیمان پێ دەڵێن و دەستگاکانی ڕاگەیاندن چۆن هۆش

و بیری بەشی هەرە زۆری ئەوانەی تەماشایان دەکەن و گوێیان لێ دەگرن و دەیانخوێننەوە لە خشتە دەبەن. ئەمە نە پەسندان و پێداهەڵدانی لێوەشاوەیی و زیرەکیی ئەو دەستگایانەیە و نە بەڵگەی دەبەنگی و کەمهۆشیی خەڵکە. دەستەڵات، لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا، هەر چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەی لێوە دەکرێت و زۆربەی خەڵکی ئەم جیهانەیش لەو بابەتەن کە بە شێوەی جۆراوجۆر فریو دەدرێن. من لەم ڕووەوە و لێرەدا هەرچییەک بڵێم ناگاتە چمکێکی ئەوەی کۆمەڵناسی گەورەی فرانسی گوستاڤ لیبۆن (Gustave Le Bon 1841-1931) لە کتێبی (سایکۆلۆگیی حەشامات: جەماوەر)دا، کە ساڵی ١٨٩٥ بڵاو کراوەتەوە، نووسیویەتی. ڕەنگە ئەگەر تۆزێک گەشبینانە لە مەبەستی نووسینەکەم بڕوانم، ئەو مافە بە خۆم بدەم بە لێکدانەوەیەکی هەندێ لە بیروباوەڕەکانی بیریاری کۆچکردووی کورد مامۆستا مەسعوود محەمەد (٢٠٠٢- ١٩١٩)ی دابنێم.

چ لەم نووسینەدا و چ لە بەشێکی زۆری نووسینەکانی پێشوومدا، من زیاتر پەرۆشی زمان و فەرهەنگی کوردیم. ڕەنگە جێی خۆیشی بێت لێرەدا ئەوە جەخت بکەمەوە کە من وشەی فەرهەنگ بەرانبەر (Culture)ی ئینگلیزی (و ئەوروپایی) و (ثقافة)ی عەرەبی بە کار دەهێنم. کە ئەمە دەڵێمەوە هەر هێندەم مەبەستە ئەو ڕاستییە وە بیر بهێنمەوە کە وشەی باوی (ڕۆشنبیری، ڕووناکبیری) هەرگیز ناکرێ و ناتوانێ بەرانبەر (کەلچەر،

کولتوور و ثەقافە) بوەستێت و ئێمە لە وشەی (فەرهەنگ) چاکترمان نییە. ئێستا بواری ئەوەم نییە کارنامەی ئەردەشیر (ئەرتەخشیر)ی پاپەکان ڕابکێشمە ناو باسەکەوە، یا بە تەنگ ئەوەوە بم سوپای لەبننەهاتووی دۆست و لایەنگرانی وشەی ڕۆشنبیری تێک بشکێنم. هەر کاتێ دەرفەتی ئەو بەسەرکردنەوەیەم بۆ ڕەخسا، دیارە شتێکم هەر پێیە بۆ گوتن و ڕاگەیاندن.

کێشەکانی زمانی کوردی بەتایبەت و فەرهەنگی کوردی بەگشتی بە ڕووالەت پێبەستی بابەتەکانی زمانەوانین و سەر بە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوانەیش بەرهەمی پلەی شارستانەتی و هۆشیاریی نەتەوایەتی و ویستی سیاسیی ئەمڕۆی کوردن. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەندێجار کێشەکان زۆر ڕوون دێنە پێش چاومان و بەو پێیەیش دەبوو دۆزینەوەی چارەسەر ئاسان و بابەتی بەردەست بووایە، کەچی نەک هەر پەی بەوە نابەین کە ئێمە وەک نەتەوە و وەک فەرهەنگ ڕووەو تێکشکان و هەڵوەشانەوە دەچین، بەڵکە زۆریش شێلگیرانە دەچینە پیریی مەترسی و ئاگربارانەوە، وایش دەزانین بەمە دەتوانین بە پلەکانەی فەرهەنگ و شارستانەتیدا سەر بکەوین. ئەم جۆرە ڕەخنە و توانجە دەکرێ بدرێ بە ڕووی هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا، یا هەر دەستگایەکی فەرهەنگی و زانستیی کوردستاندا. پێشتر لە هەندێ دیمانەدا ئەم باوەڕانەم

باشتر پێشکەش کردووە. لە یەکێک لەو دیمانانەدا گوتوومە: "ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێت." ئێستایش ناتوانم لەوە کەمتر بڵێم. ئەم نیگەرانییە، ئەم ترسە و ئەم ڕەشبینییە کرۆکی بەشێکی زۆری ئەو باوەڕانەن لەو دیمانانەدا دەرمبڕیون و جار لە دوار جار جەختم کردوونەتەوە.

ناوەڕۆکی دیمانەکانی ئەم دە پانزدە ساڵەی دوایی کە داومن بە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکان، بەشێکی گرنگ و گەوهەرینی نیگەرانی و بایەخپێدان و خەونەکانی ڕووناکبیرانی وریا و جیددی و دووربینی ئەمڕۆی کوردستان بە سەر دەکاتەوە. ڕووناکبیر لەم ڕستەیەدا هەرگیز بەو مەعنا نەریتانە پانوپۆڕە بە کار نەهاتووە کە ڕەنگە لە سەردەمێکی دیکەی مێژووی کوردستاندا، تەنانەت مێژووی زۆر نزیکیشدا، پێناسەمان کردبێت. پێناسەکردنی ڕووناکبیری کورد لە هیچ سەردەمێکی دیکەی مێژووی تازەی کوردستاندا، هێندەی پێناسەکردنی پلەی وریایی و دووربینی و جیددیبوونی ڕووناکبیری ئەمڕۆی کوردستان، ناچاری ئەوەی نەکردووم بنەڕەتەکانی جیۆگرافی و دووری و نزیکی لە دەستەڵاتەوە بکەمە مەرجێکی پێویست و گرنگ بۆ دامەزراندنی ئەو پێناسەیە. بە خوێندنەوەی دیمانەکان سەرچاوەی ئەو گومان و ناباوەڕییەی من ڕوونتر دەبێتەوە.

وردبوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواری لەم پانزدە ساڵەی ڕابوردوودا ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم قۆناغە چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ بە شێوەیەکی تەواو بگێڕدرێتەوە، هەم بە شێوەیەکی سیاسی و هەمیش بە شێوەیەکی هونەری. یەکەمین ڕێگر لە بەردەم گێڕانەوەیەکی سەرتاسەریدا ئەوەیە کە ئێمە دوو چیرۆکی جیاوازمان هەیە، دوو گێڕانەوەی جیاوازمان هەیە، کە ناکرێ وەک چیرۆکی تاکە نەتەوەیەک و تاکە نیشتمانێک بگێڕدرێتەوە. هەر ئەم ئەنجامگرییە پرسیارێک بە دووی خۆیدا دەهێنێت: کێ چیرۆکی ئەم سەردەمەی کورد دەگێڕێتەوە؟

من پێم وایە ئەرکی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ڕووناکبیران. ئەوانن کە دەبێ ڕاپۆرتی سەردەمەکەیان بنووسن و بیدەنە دەست مێژووەوە و بیدەنە دەست نەوەی داهاتووەوە. بەڵام ڕووناکبیر تەنیا یەکێک لەو دوو چیرۆکە دەزانێت و تەنیا یەکێکیشیان دەنووسێتەوە. ئەو لە کوێ وەستابێت و چ کەسانێک بناسێت، هەر باسی ئەوێ و باسی ئەوانە دەگێڕێتەوە.

ڕەنگە پرسیارێکی ڕەوا لای خوێنەرەوەی ئەو دیمانانە ئەوە بێت کە بڵاوکردنەوەی ئەو دیدارانە چ سوودێکی هەیە؟ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یا فکریدا، من دەتوانم بە قووڵی لە گەوهەری بابەتێک نزیک ببمەوە و هێندەی شیکردنەوەیەکی زانستی ڕێگە بدات لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکالا بکەمەوە. لە

لێکۆڵینەوەدا تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی ستوونی لەگەڵ بابەتەکەدا خەریک ببیت و هەموو ئەو لایەنە لاوەکییانەیش کە پێبەستی ناوەڕۆکەکەن، بە جۆرێک تیهەڵکێش بکەیت کە ببنە پاڵپشت بۆ ڕاگرتن و بەهێزکردنی بابەتی سەرەکی. بەڵام چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکی زانستی و تەنانەت نیوچەزانستییش بواری ئەوەت پێ نادات دیسیپلینە زۆر و جیاوازەکان تێکەڵ بکەیت و هەموویشیان لە یەک پلە و لە یەک ئاستدا بخوێنیتەوە و شی بکەیتەوە. کۆسپێکی دیکەی نێوان لێکۆڵەرەوە و خوێنەر، میتۆدۆلۆگیی کاری زانستی و ئەکادێمییە کە دەبێتە هۆی قەتیسمانی زانیارییەکان لەناو کۆمەڵە چوارچێوەیەکدا، کە ڕێگە نادەن هەموو خوێنەرێک و هەموو خوێنەرەوەیەک لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەکردنی بابەتەکەدا بەشدار بن و سوود لە ئەنجامگرییەکانی وەربگرن. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا ئەوەندەی لێکۆڵەرەوە بە بیر و نرخاندنی خۆیەوە، بە عەقڵ و تیۆرییەوە ئامادەیە، هێندەیش و بگرە زیاتریش مێتۆدۆلۆگی و وردەکارییەکانی پێکهاتە و قەوارەی نووسین ئامادەیە. گرنگیی دیمانە [دیدار، چاوپێکەوتن، هاوپەیڤین Interview] بۆ خوێنەرێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێت. لە دیمانەیەکدا تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی ئاسۆیی بابەتی جۆراوجۆر بە سەر بکەیتەوە بێ ئەوەی ترسی ئەوەت هەبێت لە سنووری ئامانج و ئەنجامگرییەکان دوور بکەویتەوە. نووسەر، شاعیر، زانستکار یا بیریار کە دیمانەی لەگەڵ دەکرێت ئەو ئازادییەی هەیە

بیروباوەڕەکانی خۆی بەو شێوەیە دابڕێژێت کە هەم لەگەڵ سەرچاوە عەقڵی و مەنتیقییەکاندا بگونجێت و هەمیش نەهێڵێت کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی (Apparatus) ببنە ڕێگرێک لە بەردەم هەستی خۆیدا وەک مرۆڤێک و لە بەردەم خوڕاوگەی بیرەکانیدا، بێ ئەوەی ئەمە مەعنای ئەوە بێت لە دیمانەدا ناکرێت مەنتیقی زانستی بە کار ببرێت.

ئێمە گەلێ جار لە بیری خۆماندا چەندان هاوکێشەی فکری و سیاسی و زانستی هەڵدەبەستین و دەیانکەینە بنەما بۆ ئەو باوەڕ و بۆچوون و هەڵوێستانەی دەریاندەبڕین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانخەینە کار. ئەو هاوکێشانە دەکرێ بەرهەمی ئەزموونەکانی ژیانی تاکەکەس یا کۆمەڵگە بن و لەوانەیشە تیشکدانەوەی تیۆری و فەلسەفە و زانست و زانیارییە دامەزراو و چەسپیوەکان بن. لە هەردوو بارەکەدا ڕەنگە پێوەرێکی نەگۆڕی ڕاستی و ناڕاستیی هاوکێشە و هەڵوێستەکانیش تەنیا کات بێت. کە دەشڵێم کات، بە ڕادەی یەکەم مەبەستم کاتە وەک چەمکێکی مێژوویی، نەک وەک چەمکێکی فەلسەفی. من ئەو شانازییە بە خۆم ڕەوا دەبینم کە لە ماوەی ٢٠ تا ٢٥ساڵی ڕابوردوودا گەلێ لەو پێشبینییانەی هەستم پێ کردوون و دەرمبڕیون، بە تێپەڕینی کات هاتوونەتە دی و دەرکەوتووە کە چەند زوو ڕاستیم ناسیوەتەوە و دەستنیشانم کردووە. دیارە لەبەر ئەوەی من هەرگیز بەشێک نەبوومە لە دەستەڵاتی سیاسی، بیر و

بۆچوونەکانیشم هەرگیز نەگەیشتوونەتە پەراوێزی پیرۆزی مەملەکەتی دەستەڵاتداران. دوژمنایەتیی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە دەستەڵاتی سیاسیی کورد لەگەڵ ڕووناکبیری سەربەخۆ و ئازادەبیر و ڕەخنەگردا، بەئاشکرا لە چارەنووس و سەرئەنجامی ئەو دیمانانەدا بە دی دەکرێت.

# شەڕی شارستانەتییەکان یا لەیەکگەیشتنیان؟

## خوێندنەوە و بەراوردی هەندێ بیری ساموئیل هەنتینگتۆن و ئیدوارد سەعیدە لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە

یەکێک لە بۆچوونە سیاسی و ئیدیۆلۆگییە هەرە ناودار و تەشەنەکردووەکانی ئەم ساڵانەی دوایی (پێکدادانی شارستانەتییەکان – The Clash of Civilisations)ی ساموئیل پ. هەنتینگتۆنە (Samuel P. Huntington) [١٩٢٧–٢٠٠٨] کە بە هۆی وتارێکەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣دا بڵاوی کردەوە. ئیدوارد سەعید (١٩٣٥–٢٠٠٣) پێی وایە بەشێکی زۆری بایەخپێدانی

وتارەکە و ئەو کتێبەیش کە ساڵی ١٩٩٥ بە دوایدا هات لەبەر کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەیە، نەک ئەوەی کە چی دەڵێ.

تێزەکەی هەنتینگتۆن بەردەوامی و تازەکردنەوەی شەڕی ساردی نێوان دوو قوتبی دنیایە؛ ئەگەر ئەو شەڕە جاران دژی کۆمونیزم بوو، ئەمڕۆ بەرەی بەرانبەر لە بڕوادارانی کۆنفۆشیۆس و ئیسلامدا دەبینێ. بێگومان لای ئەو، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانەتیی دنیایش ئەمەریکا و ڕۆژاوایە و دەبێ هەر ئەوانیش لەم ململانێ و کێشەیەدا سەر بکەون. ئەو پێی وایە ئەم ناکۆکییە و بە دوایشیدا پێکدادانە دوا بڕگەی گەشەکردنی ناکۆکییە لە دنیای مۆدێرندا. ئەم بیرکردنەوەیە بە زمانێکی دیکە، کە زۆریش پێویستی بە لێکۆڵینەوە نییە، دەیەوێ بڵێ کە سەرکەوتنی ڕۆژاوا و نرخەکانی ڕۆژاوا بەسەر کۆنفۆشیانیزم و ئیسلامدا سەرکەوتنی یەکجارەکییە و دەبێ ئەو شارستانەتییانە لە ڕەگەوە دەربهێنرێن و سەر بۆ ڕۆژاوا و نرخ و ڕوانین و بیرەکانی ڕۆژاوا شۆڕ بکەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە خەیاڵییە، بە دڵنیابوونێکی لەسەر شۆڤینیزم هەڵچنراوەوە، کۆمەڵێ بیر و پێشنیازی تەکتیکی و ستراتێگی دەخاتە بەردەست و بەرچاوی بڕیاردەرانی ڕۆژاوا (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) وەک ڕێنوێنییەک بۆ بردنەوەی شەڕەکە. ئەم پێشنیاز و بیرانە ڕاستییەکەی پەیامێکی ڕاستەوخۆیشن بۆ نەخشەکێشانی پێنتاگۆن و سی. ئای. ئەی. (Pentagon, CIA) و سەرمایەدارانی پیشەسازیی جەنگ و چەک و

تفاقی شەڕ و وێرانکاری، کە بێئومێد نەبن و دڵنیا بن کە دنیای ئەمڕۆیش، وەک سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو زلهێزەکەی جاران، ئەوەندەی ناکۆکی تێدایە کە ئەوان بتوانن هەمیشە لە کاردا بن و پەکیان نەکەوێت.

تێزەکەی هەنتینگتۆن لە ناوەڕۆکدا دووبارەکردنەوەیەکی هەندێ باوەڕ و بۆچوونی پێشترە کە هەر هەموویان هەوڵی ئەوەیان داوە وێنەیەکی جیهانی دوای شەڕی سارد بکێشن و کۆڵەکەیەک بۆ ئیدیۆلۆگی و سیاسەتی ئیمپەریالیستانەی ئەمەریکا دابمەزرێنن: تێزی (کۆتاییی مێژوو The End of History)ی فرانسیس فوکویاما (Francis Fukuyama)، ڕێکخستنی نوێی جیهان (New World Order)ی جۆرج بوشی باوک. کرۆکی ئەم بیرکردنەوانە ئەوە بووە کە لە لایێکەوە ڕەواپێدانێک بێت و لە لایێکی دیکەیشەوە کەرەستەیەک بێت بۆ پەروەردەکردنی هەزاران و میلیۆنان مرۆڤی ئەم سەردەمە کە خۆیان توانستی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیان نییە و ناچارن کاڵای ئامادەی فکری و سیاسی بە کار ببەن. ئەم زنجیرە یەک لە دوای یەک و نەبڕاوەی بازاڕی ئیدیۆلۆگیی ڕۆژاوا، لە بازنەی زەمانیی تێزەکەی هەنتینگتۆندا ڕانەوەستا و هیی دیکەیشی بە دوادا هاتن؛ میحوەری خراپە (Axis of evil)ی جۆرج بوشی کوڕ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە (The Larger Middle-East)ی دواتری بوش هەندێکن لەم تێز و بۆچوونە سیاسییانە. میحوەری شەڕ ئەو تێرمە بوو کە جۆرج

بوش لە وتاری ٢٩-١-٢٠٠٢دا ئاشکرای کرد و سەرەتایەک بوو بۆشەڕهەڵگیرساندنێکی ناڕەوا و بێبنەما.

دەستەواژەی (بەیەکدادانی شارستانەتییەکان) داهێنانی هەنتینگتۆن خۆی نییە، بەڵکە پێشتر لە نووسینێکی بیرنارد لیویس (Bernard Lewis)دا هاتووە، کە ساڵی ١٩٩٠ لە گۆڤارێکدا پەخش کراوە. ئەم لیویسەیش یەکێکە لە دوژمنە سەرسەختەکانی عەرەب و ئیسلام و ڕۆژهەڵات. ئەو خۆی لە بنەڕەتدا بە ڕۆژهەڵاتناس ناوی دەرکردووە و بواری لێکۆڵینەوەکانی، ئیسلام و تورکیایە و تورکناس و تورکیزانێکی ناسراوە. لیویس لە کتێبە تازەکەیدا (*قەیرانەکانی ئیسلام: شەڕی پیرۆز و تێرۆری ناپیرۆز* *The Crisis of Islam; Holy War and Unholy Terror*)، کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوی کردەوە، جەختکردنی دوو بۆچوونی بە لاوە گرنگە: ئەم ناکۆکی و قەیرانەی لە دنیای ئەمڕۆدا هەیە ناکۆکییەکی مێژوویی و مێژووکردە لەنێوان ئیسلام لە لایەک و دنیای شارستانەتیی جوولەکە و مەسیحییەت لە لایەکی دیکەوە و دووەمیش ئەو شەڕەی ئەمەریکا لە باتیی ڕۆژاوا و شارستانەتییەکەی (و مرۆڤایەتییش!) دەیکات، شەڕێک نییە دژی عەرەب یا ئیسلام، بەڵکە شەڕێکە دژی تێرۆریزم و دەبێ گەلانی عەرەب و موسڵمانیش بدەنە پاڵ "ئەوان".

هەنتینگتۆن نەک تەنیا دەستەواژە و تێرمەکانی لە لیویسەوە وەردەگرێت، بگرە چەمکە بنەڕەتییەکانیشی هاوشێوەی سیستێمی بیر و لێکدانەوەی ئەون. لای هەنتینگتۆن، وەک لیویس،

شارستانەتییەکان مۆنۆلیتیک (Monolithic) و هاوچەشنن. ئەو هەروەها ئەو بیرە بنەڕەتییەیش دووبارە دەکاتەوە کە دەیەوێ هەموو دیاردە و ڕاستییەکان وەک دووبەرەیی و دوولایەنەیەکی نەگۆڕی (ئێمە) و (ئەوان) پیشان بدات. ئەم بیرە شەڕخوازانەیە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر ترسناک لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاواوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و وەک ڕاستییەکی مەنتیقی هەوڵی چەسپاندنی دەدرێت. هەوڵێکی وەها لە پرۆسەی مێشکشۆردنەوەی میلیۆنان خەڵکدا بێگومان کارکردێکی ڕووخێنەرانەی دەبێت و بەشێک لە ئامانجە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکانی دەستەڵاتدارانی ڕۆژاوا بە دی دەهێنێت. سیاسەتی پاوانخوازی و داگیرکردن و شەڕهەڵگیرسێنانەی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی، بەتایبەت لە سەردەمی جۆرج بوشدا، ڕەنگدانەوەیەکی، یا وێنەیەکی، ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانەیە کە لە سەرەتای قۆناغی دوای شەڕی ساردەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت و کۆڵەکەی گرنگی ئیدیۆلۆگیی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بوون.

سەردەمی دوای شەڕی سارد و جیهانێک کە هاوکێشەی دووقوتبیی تێدا نەماوە، ژینگەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە و ئەو تیۆری و تەنانەت پێشبینییانەیش کە دەیانەوێ نەخشەیەکی دنیای داهاتوو بکێشن و شتێک لەبارەی ناوەڕۆک و پێکهاتەکەیەوە بڵێن. نوختەی دەرچوونی ئەم بۆچوونانە، بێگومان، ئیدیۆلۆگی و جیهانبینیی ئەو کەسەیە کە

دایدەڕێژێت. ئەو لە ڕوانگەی سیاسی و فەلسەفیی خۆیەوە ئەو پاشەڕۆژە دەبینێت و هەر بەو پێیەیش دەرئەنجامەکانی دیاری دەکات، یا هەر نەبێ هیواداره کە بەو شێوەیە بن کە ئەو چاوەڕێی دەکات.

هەر ئەو ژینگە سیاسی و ئابووری و عەسکەرییە تازەیەی جیهان خەڵکێکی زۆر ناچار دەکات کە بیر لە پاشەڕۆژ بکەنەوە و خوازیاری ئەوە بن وێنەیەکی ڕوونیان دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی بۆچوون و دیتنی خۆیانی لەسەر هەڵچنن. ئەم خواستە لە خۆیدا هاندەرێکە کە ڕووناکبیران، بەتایبەت ڕووناکبیرانی سیاسی و ئیدیۆلۆگی، تێزەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و بە جۆرێک نەخشەی ئەو داهاتووە بکێشن کە هەندێ جار تەنانەت لە پێشبینی و پەرجووی پەیامبەرانی دینەوە نزیکترە تا بیرێکی سیاسی و فکریی ئەم سەردەمەی مێژوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەمجار وا ڕوو دەدات بیریاران و ڕووناکبیران خۆیان خەرمانەیەکی پیرۆز و دینئاسا بە دەوری تێزەکانیاندا بکێشن. ئەمە خوێنەر و گوێگر و گوتارنووسانن کە دێن ئەم بیرانە بەرز دەکەنەوە و دەیانگەیێننە پلەیەکی وای پیرۆزی کە کەس نەوێرێت بە ئاسانی توخنیان بکەوێت یا گومانێکیان لەبارەوە دەرببڕێت. پەراوێزنووسە دیماگۆگەکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا ڕۆڵێکی چەواشەکارانە و بێڕەوشتانە دەبینن. ئەوە ئەمانن کە دێن تێزێک یا بیرێکی یەکتوێژە بە جۆرێک شی دەکەنەوە و لێک دەدەنەوە کە دەیان

تویژی دیکەی دەخەنە سەر و تەفسیرێکی وای دەکەن لەگەڵ بنچینەی بیرەکەدا یەک نەگرێتەوە.
هەنتینگتۆن سەرتاپێی تێزەکەی لەسەر بیرێک هەڵچنیوە کە وای دادەنێت شارستانەتی و فەرهەنگەکان کۆمەڵێ یەکەی چەسپیو و نەگۆڕ و یەکشێوە و هاوئاهەنگن. هەر لەبەر ئەوەیش هیچ ڕێگەیەک ناهێڵێتەوە بۆ بینینی جیاوازییەکانی ناوخۆ یا لەیەکچوون و پێوەندیی نێوان فەرهەنگی جۆربەجۆر لە دنیای ئەمڕۆدا. ئەم بۆچوونە هەر وەک بۆ ئەمڕۆ پەیامی دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگیی پێیە، بۆ ڕابوردوویش لێکدانەوەیەکی پێیە کە دەیەوێ مێژوویش ببێتە کەرەستەیەک بۆ خزمەتی ئامانجی شەڕخوازانە و ڕەگەزپەرستی.
بۆ پەرچدانەوەی تێزەکەی هەنتینگتۆن، ئیدوارد سەعید دوو بیری بنەڕەتی دەکاتە ڕێپێشاندەر و وەک زانایەکی ڕاستەقینە و بیریارێکی وردبین، دوای ڕانانی بەشێکی باوەڕەکانی هەنتینگتۆن، هەردوو لایەنی ناوەکی و دەرەکیی شارستانەتی و فەرهەنگ لە ڕووی پێکهاتەی مێژوویی و لە ڕووی دینامیزمی گەشەکردن و کارکردیانەوە شی دەکاتەوە. دواتریش بی ئەوەی خۆی بە وردەکارییەکانی دیکەی تێزەکەوە خەریک بکات ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پەیامی هەنتینگتۆن دژی ئەو پرۆسێسەیە کە ئەمڕۆ لە زۆر جێگەی جیهاندا بە دی دەکرێت بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاری لەنێو کۆمەڵگە و فەرهەنگ و شارستانەتییە

جۆراوجۆرەکاندا؛ پەیامێکە بۆ توندبوونی ناکۆکییەکان و بەهێزکردنی شۆڤینیزم، کە مرۆڤایەتی پێویستی بەوانە نییە.
فەرهەنگ و شارستانەتییەکان ڕەنگە بە ڕووالەت وەک قەوارەیەکی یەکڕەنگ و یەکگرتوو دیار بن، بەڵام کاتێ کە ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدا دەکەیت و لە نزیکەوە لێیان ورد دەبیتەوە، دەبینی لە ناوەڕۆکدا وا نین. کۆمەڵێ هۆی چینایەتی و سیاسی و جیۆگرافی بوونەتە هۆی ئەوەی لە سنووری یەک فەرهەنگ و یەک شارستانەتیدا ڕەنگی جیاواز و دەنگی جیاواز هەبن. ئیسلام، بۆ نموونە، شارستانەتییەکە کە لە ماوەی هەزاروچوارسەد ساڵی ڕابوردوودا بەشێکی گەورەی دنیای گرتووەتەوە و بووەتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، هەر ئەو دینەی کە ئەمڕۆ بووەتە ڕەنگرێژ و ناسنامەی فەرهەنگیی لە ملیاردێک زیاتر مرۆڤ، ئەوەندە گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە کە ناتوانین وەک باوەڕێک و فەرهەنگێکی یەکگرتوو باسی بکەین. ئەم جیاوازییە هەموو لایەنەکانی دینەکەی گرتووەتەوە؛ لە تەفسیر و لێکدانەوەی تێکستە بنەڕەتییەکانەوە (قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەر ـ درودی خوای لێ بێت ـ) تا دەگاتە پۆشاک و خۆراک و بیناسازی و هونەر و داهێنان و تەنانەت ڕێوشوێنی خواپەرستی و نوێژ و ڕۆژوو. ناکرێ ئیسلامی ئیندونیسیا و ئیسلامی ئێران و ئیسلامی میسر یا مەغریب وەک یەک فەرهەنگی هاوشێوە تەماشا بکەین. ئەم پێناسەکردنەی ئیسلام کە ئەمڕۆ لە ڕۆژاوا

دەبیبستین و دەیخوێنینەوە، بەشێکە لە ئاخاوتەی (ڕۆژهەڵاتناسی) کە دەیەوێ خەڵک بێنێتە جۆش و هەستی دوژمنایەتی و ناحەزییان لا دروست بکات دژی بەشێکی ئەم دنیایە کە وەها ڕێک کەوتووە بایەخێکی ستراتێگیی هەبێت، چونکە نەوتی هەیە و لە ڕووی جیۆگرافییەوە نزیکییەکی هەرەشەئامێزی لە دنیای مەسیحییەتەوە هەیە و چونکە مێژوویەکی سەختی پێشبڕکێی لەگەڵ ڕۆژاوادا هەبووە. هەر لە جیهانی ئیسلامی خۆیدا بەربەرەکانێیەکی سەختی زۆربەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرێت و بەشێکی فراوانی زانا و ڕووناکبیر و لێکۆڵەران لەگەڵیاندا نە هاوڕان و نە هاوبیر.

هەنتینگتۆن لەو ڕاستییە هەڵدێت کە فەرهەنگ و شارستانەتییەکان، چ لە ڕابوردوودا و چ ئێستا، هەمیشە پێوەندییان لەنێو خۆیاندا دامەزراندووە و کارکردیان لەسەر یەکدی هەبووە. ئێمە کە باسی شارستانەتییەک یا فەرهەنگێک دەکەین، دەزانین کە مەبەستمان تۆپەڵێکی چەقبەستووی وشکهەڵاتوو نییە، بەڵکە مەبەستمان کۆمەڵێ نەتەوە و زمان و مرۆڤ و دەوڵەت و ناوچەیە کە لەژێر ناوێکی فەرهەنگیی تایبەتدا کۆیان دەکەینەوە. ئەم یەکە جیاوازانە هەمیشە لە بزووتنەوە و گۆڕان و هاتوچۆ و گەشەکردن و پێوەندیدان لەناو خۆیاندا و لەگەڵ یەکەی دیکەدا کە لەژێر چەتری ناوێکی فەرهەنگیی دیکەدا کۆ کراونەتەوە. ئەم پێوەندی و هاتوچۆیە دەکرێ لە ڕێگەی فەرهەنگی، سیاسی، سەربازی، ئابووری، دینی،

کۆمەڵایەتی یا هەر شێوەیەکی دیکەوە ڕوو بدات. پێوەندییەکان هەرگیز لە سنووری دەوڵەتێک، زمانێک، یا دینێکدا قەتیس نەماون، بەڵکە ڕایەڵێکیان پێک هێناوە لە سەرتاسەری دنیادا. تەنیا ئەگەر لە هەندێ لایەنی فەرهەنگی و زمانەوانی ورد ببینەوە دەبینین چۆن نەتەوە و فەرهەنگ و شارستانەتییەکان کاریان کردووەتە سەر یەکتر و دەیان و سەدان بەشی پێکهاتەیان لە یەکدی وەرگرتووە و ڕەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر یەکدی. مۆسیقای میللەتان بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە چۆن ئاواز وئامێرەکان لە هاتوچۆدا بوونە و جێگۆڕکێیان کردووە. هەروەهایش ئەدەب و زمان. بەرهەمەکانی گارسیا مارکێز یا کینزابورۆ ئۆیێ تەنیا گەلانی سپانیزمان یا ژاپۆنییەکان نایانخوێننەوە، بەڵکە گەنجینەیەکن بۆ هەموو مرۆڤایەتی. پاولۆ کۆیلۆی برازیلی کە ڕۆمانی (کیمیاگەر) دەنووسێت، لە ماوەیەکی کورتدا تەرجەمەی پەنجاودوو زمان دەکرێت و بیستوشەش میلیۆن دانەی لێ چاپ دەکرێت.

ئەم تێکەڵاوی و کارتێکردنە ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکادا زۆر ڕوونتر بەرچاو دەکەوێت. شەپۆلی نەبڕاوەی پەنابەر و هەڵهاتووان لەگەڵ خۆیشیاندا دەیان و سەدان نەریت و فەرهەنگ و باوەڕ دەهێننە نیشتمانە تازەکانیانەوە و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو وڵاتانە. خەڵکانی سەرووی ئافریقا لە فرانسا، خەڵکانی هیندی و کاریبی و ئافریقایی لە بریتانیا و کۆمەڵگاکانی ئاسیایی و ئەفریقایی لە

ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نموونەی ئەم هاوپێوەندی و تێکەڵاوییەن.

تەنانەت ئەوەی کە پێی دەڵێین نەریت (Tradition) شتێکی پیرۆز نییە کە ڕەگوڕیشەی چەسپ و بتەوی لە چەند سەدەی ڕابوردوو گیر کردبێت، بەڵکە زۆرجار شتێکی داهێنراو و تازەکوورەیە و بۆ سەرگەرمکردنی خەڵک هێنراونەتە ئاراوە. کاتێ لەو نەریتانە ورد دەبینەوە، دەبینین تەنانەت لەناو خۆیشیاندا ناکۆکی و دژبێژییەکی تەواو هەیە و لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، کەچی خەڵکی وا دەستیان پێوە دەگرن وەک بڵێی بەبێ ئەم نەریتانە ئیتر ژیان و مانەوەیان هەرەس دەهێنێت.

فەرهەنگی ڕەسمی، فەرهەنگی پیاوانی دینی، ئەکادێمیکاران و دەوڵەتە. ئەم فەرهەنگەیە کە پێناسە بۆ نیشتمانپەروەری، دڵسۆزی و سنووری شتەکان دادەنێت. فەرهەنگی ڕەسمییە کە بە ناوی هەمووانەوە دەدوێت، هەوڵ دەدات ویستی گشتی، ڕەوشت و بیری گشتی (ئێتۆس) دەرببڕێت، کە ڕابوردووی ڕەسمی، باوک و تێکستە دامەزرێنەرەکان، ئارامگای پاڵەوانان و تاوانباران دەگرێتەوە و دیاری دەکات و هەرچییەکی ڕابوردوویش کە بێگانە و جیاواز و نەویستراوە وە دەر دەنێت و دوور دەخاتەوە. هەر ئەم فەرهەنگەیە کە پێناسە دادەنێت بۆ ئەوەی دەکرێ بگوترێت و ئەوەی ناکرێ بگوترێت، ئەو قەدەغە

و ئەو ڕاسپێرییانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی فەرهەنگێک دەستەڵاتی هەبێت.
بەڵام بێجگە لەو فەرهەنگە باو و ڕەسمی و پیرۆزە، فەرهەنگی ناپیرۆز و زەندیقی سەرپێچ یا ئالتەرناتیڤیش هەن کە کۆمەڵە هێزێکیان تێدان لەگەڵ فەرهەنگی ڕەسمیدا بەربەرەکانێ دەکەن. دەکرێ بەمانە بگوترێت فەرهەنگی دژ و ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە بە هەڵسوکەوتی جۆری جیاوازی کەسانی دەرەکی ناو دەبرێن: هەژاران، پەنابەران، بۆهیمییانی هونەرپەروەر، کرێکاران، یاخیبووان و هونەرمەندان. ئەوە فەرهەنگی دژە کە ڕەخنە لە دەستەڵات دەگرێت و هێرش دەباتە سەر ئەوەی ڕەسمی و پیرۆزە. پێوەندیی نێوان ئەم دوو فەرهەنگە پێوەندییەکی کرژ و دیالێکتیکییە. ئێمە ناتوانین لە هیچ فەرهەنگێک بگەین بەبێ هەستکردن بەم سەرچاوە هەمیشە ئامادەیە، کە سەرپێچیکردنێکی داهێنەرانەیە لە لایەن ناڕەسمییەوە بەرانبەر ڕەسمی. ئەگەر ئەم هەستی بزۆزییە لە بەرچاو نەگیردرێت و وا دابنرێت فەرهەنگ و ناسنامە تەواو هاوچەشن و هاوئاهەنگن، ئەمە دەبێتە هۆی نەخوێندنەوەی لایەنێکی ژیاندار و بەبڕشت.
سەعید نموونەیەکی دیکە لە کتێبی (ئەسینای ڕەش ـ ی مارتین بێرناڵ Martin Bernal: Black Athena) دەهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پێناسەکان چەند بە هەڵە و چەواشەکارانە بە کار دەبرێن. تۆ کە ئەمڕۆ سەرچاوەکانی ڕۆژاوا سەبارەت فەرهەنگ و

شارستانەتیی کۆنی یۆنان دەخوێنیتەوە، بە شێوەیەکی وەها وێنای دەکەن وەک بڵێی هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووبێت لە فەرهەنگی ڕۆژاوا. ئەمە هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی شارستانەتییەک بە شێوەیەکی ڕابوردووبینانە (Retrospectively) و هێشتنەوەی وەک پێناسەیەکی سەهۆڵگرتوو (بەستوو)، بۆ ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ کەڵکی لێ وەربگیردرێت وەک بەڵگەیەکی تێکەڵاویی یۆنان و ئەوروپایش. سەرچاوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژاوا وێنەیەکی خەیاڵکردی کۆمەڵگەی ئەسینای کۆن دروست دەکەن؛ فەیلەسووفانی ڕۆژاواشێوەی وەک ئیفلاتوون و ئەرستۆ دەرسی ژیری و حیکمەت بە خەڵک دەڵێنەوە لەو جێگایەدا کە دیمۆکراسی لە دایک بووە و شێوەژیانێکی ئەوروپایی و ڕۆژاوایی لە هەموو شوێنێک دەبینرێت، دوور لە فەرهەنگ و شێوەژیانی ئاسیایی و ئافریقایی. بێرناڵ، کە پشت بە نووسەرانی ئەو سەردەمەی یۆنان دەبەستێت، زۆر بە وردی و بە نموونە ئەوە دەچەسپێنێت کە ئەسینای ئەو دەمە زۆر تێکەڵاویی لەگەڵ فەرهەنگی ئافریقا و گەلانی سامی، عەرەب و جوولەکە، هەبووە. تەنانەت یۆنان کۆلۆنیی میسر بووە. بازرگان و مامۆستایانی فینیقی و جوولەکە کاریان کردووەتە سەر شەکڵپێدانی فەرهەنگ و شارستانەتیی ئەسینای کۆن.

ڕەخنەی ئیدوارد سەعید لە تێزەکەی هەنتینگتۆن تەنیا ناوەڕۆکەکەی ناگرێتەوە، بەڵکە پەل ڕادەکێشێت بۆ میتۆدی نووسینەکە و شێوەی داڕشتنیشی. هەنتینگتۆن بێ ئەوەی خۆی

بەوەوە ماندوو بکات کە تێزەکەی لەسەر تیۆری و لێکۆڵینەوەی زانستی بنیات بنێت، هەندێ سەرچاوەی دەستی دووەم و سێیەمی ڕۆژنامەگەریی دیماگۆگیانەی بە کار بردووە، کە هەموویشیان، بۆ نموونە وتارەکەی بێرنارد لیویس، هەر پێشەکی پشتگیریی تێزی ناکۆکیی نێوان دوو جیهان و دوو شارستانەتی دەکەن. ئەم شێوە هەڵبژاردنەی سەرچاوە، خۆی هەڵوێستگرییەکە کە نیازی نووسینەکە دەردەخات. لیویس زۆر بە ئاسانی لەبارەی لە ملیاردێ زیاتر موسڵمانەوە دەڵێ: ڕقیان لە مۆدێرنیتیی ڕۆژاوایە، وەک بڵێی ملیاردێ مرۆڤ تاکەکەسێک بن و شارستانەتیی ڕۆژاوایش، بە هەموو ئاڵۆزییەکانیەوە، ڕستەیەکی سادە بێت. ئەو کە پێناسەکانی خۆی بەو جۆرە دادەڕێژێ، ئەم هۆیانە دەکاتە بەڵگە، کە گوایە ئیسلام:

<> هەرگیز تازە (مۆدێرن) نەبووەتەوە؛

<> هەرگیز مزگەوت و دەوڵەتی لە یەکتر جیا نەکردووەتەوە؛

<> توانستی ئەوەی نەبووە لە شارستانەتییەکانی دیکە بگات.

هەنتینگتۆن تەنانەت گوێ بەو بەڵگانەی لیویسیش نادات. لای ئەم ئیسلام و کۆنفۆشیانیزم و پێنج شەش شارستانەتییەکانی تر (هیندوو، جاپانی، سلاڤی - ئۆرتۆدۆکس، ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقا) لە یەک دابڕاون و لەگەڵ یەکدی ناکۆکن و دەبێ ئەو ناکۆکییە بە کار بهێنرێت، نەک چارەسەر بکرێت. ئەو کە دەنووسێت، مودیر (بەڕێوەبەر)ی قەیرانەکانە نەک خوێندکاری شارستانەتی و ئاشتکەرەوەیان. هەنتینگتۆن نەخشەیەکی سادە و

ساکاری دنیا دەکێشێت و دەیداتە دەست سوپاسالار و قانووندانەرانەوە، بۆ ئەوەی دەستبەکار بن، بۆ درێژەپێدان و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان.

بە بۆچوونی هەنتینگتۆن شەڕی سارد ئەمڕۆیش و سبەینێیش بەردەوام دەبێت، بەڵام لە گەوهەردا شەڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی نابێت، بەڵکە شەڕی ئیدیۆلۆگی دەبێت. شەڕێک دەبێت لە چەند بەرەیەکدا و دژی کۆمەڵێ سیستێمی جیدی و بنەڕەتیی نرخ و ئامانج (وەک ئیسلام و کۆنفۆشیانیزم) کە بۆ ئەوە خەبات دەکەن بەسەر ڕۆژاوادا سەردەست و زاڵ بن. لەبەر ئەوە هیچ سەیریش نییە کە ئەنجامگریی نووسینەکەی هەنتینگتۆن دەبێتە کورتەباسێکی ئەوەی کە ڕۆژاوا دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی خۆی بە بەهێزی بمێنێتەوە و دوژمنە دیارەکانی بە بێهێزی و پارچەپارچەیی بهێڵێتەوە: (دەبێ "سوود لە جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی کۆنفۆشی و ئیسلامی وەربگرێت؛ .. پشتگریی گرۆی دیکەی شارستانەتی بکات، ئەوانەی کە لایەنگری نرخ و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوان؛ .. ئەو دەستگا نێونەتەوەییانەی کە ڕەنگدانەوەی نرخ و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوان و ڕەوایەتییان پێ دەدەن بەهێز بکات و .. هانی دەوڵەتانی نارۆژاوا بدات کە لەو دەستگایانەدا بەشداری بکەن").

زمان و لۆگیک لە کردار و ئیدیۆلۆگیی کۆلۆنیالیستان و داگیرکەراندا نەخشێکی گرنگ و بنەڕەتانەی هەیە؛ لە ڕابوردوودا وەها بووە و ئەمڕۆیش هەر وایە. لە ناوەڕاستی سەدەی

نۆزدەیەمەوە و تا کۆتاییی ئەو سەدەیە، لە شەڕی داگیرکردنی ناوچە چۆڵەکانی ئافریقادا، فرانسا، بریتانیا، ئاڵمانیا و بەلژیکا نەک تەنیا هێز، بەڵکە زمانیش بە کار دەبەن و پەنا دەبەنە بەر تیۆری و ڕەوانبێژی بۆ پاساودانی تاڵان و داگیرکاری. لە هەمووی سەیرتر چەمکی (پەیامی شارستاناندن Civilizing mission)ـە کە فرانسییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. بڕوایەکی بنەڕەتیی ئەم چەمکە ئەو بیرەیە کە دەڵێ: هەندێ ڕەگەز و فەرهەنگ ئامانجی بەرزتریان لە هەندێکی تر هەیە، ئەمەیش، لەبەر ئەوە، ماف دەداتە ئەوانەی زۆرتر بەهێز و زۆرتر شارستانی و زۆرتر گەشەکردوون کە ئەوانی دی داگیر بکەن، نەک بە ناوی هێزی فیزیکی یا تاڵانی ئاشکراوە، کە هەردوویشیان بە کار هێنراون، بەڵکە بە ناوی ئامانجێکی پاک و شەریفانەوە.

پێناسەکردنی دیاردە و چەمک و بیروباوەڕ و پێکهاتە جۆربەجۆرەکان سەرەتایەکە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لەبارەیانەوە و ڕێنوێنێکیشە بۆ نەخشەکێشانی بیرێک یا تێزێک. ئیدوارد سەعید زۆر پێشتریش ڕەخنەیەکی توندی لە ڕووناکبیران و ئەکادێمیکارانی ڕۆژاوا گرتووە کە زۆر بە ئاسانی وشەی ئیسلام دەکەنە ئامانجێک بۆ تیرە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکانیان. لە زنجیرەوتارێکدا لەسەر "وێنەکانی ڕووناکبیر" کە ساڵی ١٩٩٣ لە ڕادیۆی (BBC) ەوە پێشکەشی کرد، سەعید باسی ئەوە دەکات کە چەند بە ساکاری لە

ئاخاوتەی گشتیدا دەگوترێت "ئینگلیز، عەرەبەکان، ئافریقایی، ئەمەریکییەکان". هەر بەو پێیەیش باسی جیهانی ئیسلامی دەکرێت ـ یەک میلیارد مرۆڤ و دەرزەنێک کۆمەڵگەی جیاواز و نیو دەرزەن زمانی سەرەکی کە بە هەموویانەوە بە سێیەکی گۆی زەویدا بڵاو بوونەوتەوە ـ کەچی ئاکادیمیکار و ڕووناکبیرانی ئەمەریکی و بریتانی، سووکبینانە و نابەرپرسیارانە باسی شتێک دەکەن کە ناوی "ئیسلام"ـە. بە بەکارهێنانی ئەم تاکە وشەیە، سەعید دەڵێت، وا دیارە ئیسلام بە بابەتێکی ئاسان و سادە دادەنێن کە دەکرێ لەبارەیەوە گشتاندنی گەورەی وا بکرێت کە هەزاروپێنجسەد ساڵ مێژووی موسڵمانەتی بگرێتەوە، هەروەهایش دەکرێ بێشەرمانە داوەری پێشکەش بکرێت سەبارەت پێکەوەگونجانی ئیسلام و دیمۆکراسی، ئیسلام و مافی مرۆڤ و ئیسلام و پێشکەوتن. ئیدوارد سەعید هەر لەو وتارەیدا، کە پاشان ساڵی ١٩٩٤ وەک کتێب بڵاوی کردووەتەوە، ناوی کۆمەڵێ نووسینی خۆی دەبات، لەوانیشدا پێشتر ئەو باوەڕەی خۆی پێشکەش کردووە، کە ڕەنگە ناودارترینیان (*ڕۆژهەڵاتناسی* *Orientalism*) و *ناساندنی/پێشکەشکردنی ئیسلام* (*Covering Islam*) بن.

ئەگەر ئیمە بە دوای تیشک و ڕەنگدانەوەی بیر و تیز و بۆچوون و ئیدیۆلۆگییەکانی دنیادا بگەڕێین، زۆرجار بە دەستی چۆڵوهۆڵەوە دەگەڕێینەوە. هۆکار زۆرن، ئەگەر بمانەوێ پاساو بۆ ئەو حاڵەتی مەیین و لەجووڵەکەوتنەی بیر و فەلسەفە

بدۆزینەوە. تەنانەت ئەو کەمە هاوپرسەکییانەیش کە ڕەنگە جاروبارێ لە ڕاگەیاندنی تێروتەسەل بەڵام پووچ و بێکاکڵی کوردستاندا دەورووژێنرێن، بە پلەی یەکەم خۆیان بە زاراوە گشتییەکان و ناکۆکییە ئیدیۆلۆگییە سیاسییەکانەوە، بەپێی پێناسەی باو و قەبوولکراوی دەستەڵات، خەریک دەکەن.

دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئەم حەڤدەساڵەی ڕابوردوودا لە ڕووی سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەی فکری و دەستەبەرکردنی ئازادیی بیر و دەربڕینەوە، هەر بەردەوامییەکی ئاوساو و خۆخەملاندووی ڕاگەیاندنی سەردەمی بزووتنەوەی چەکداری و خەباتی شاخن. ئەو دوو جەمسەرییەی لە شاخ هەبوو، بە هەموو ڕەنگدانەوە سیاسی و ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگییەکانیەوە، ئەمڕۆیش وەک خۆی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە کارکردی خراپ و زیانبەخشی ئەمڕۆی لە هیی ئەو سەردەمە زۆر زیاتر و قووڵترە. جاران، کە هێزە سیاسییە چەکدارەکان لە شاخ بوون، ڕووبەری کارکردیان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زۆر سنووردار بوو. بەڵام ئەمڕۆ، بە هۆی پێشکەوتنی یەکجار خێرای تەکنیکی زانیارییەوە، زۆر بە ئاسانی دەستیان و دەنگیان دەگاتە میلیۆنان مرۆڤی کورد. هۆکارێکی بەهێزتری ئەو کارکردە ئەوەیە کە ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکان دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و دیپلۆماسیی کوردستانیان بە دەستەوەیە. تەفسیرێکی سادەی ئەم دەستەڵاتەیش ئەوەیە کە کلیلی ژیان و گوزەرانی گەل

بەوانە. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئیدوارد سەعید لەبارەی فەرهەنگی ڕەسمییەوە باسیان دەکات، نموونەی هاووێنە و هاوشێوەیان لە کوردستاندا ڕوون و ئاشکرا دیارە. ئەگەر فەرهەنگی ناڕەسمی، دژەفەرهەنگ، لە ڕۆژاوادا بوارێکی پەراوێزشێوەی بۆ خۆڕانان و خۆدەربڕین دەست کەوتبێت، ئەو پەراوێزە لە کوردستاندا هێندە تەسک و باریک کراوەتەوە کە دەبێ زۆر وریایانە بە دوایدا بگەڕێی تا شۆپێکیت لێ وە گیر بکەوێت.

گۆڕانە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان، وەک زۆر جێگەی دیکەی دنیا، هێندە خێرا و بەپەلە ڕوو دەدەن کە زۆر ئاسان نییە دوویان بکەویت و لە چوارچێوەی مێژووکردی خۆیاندا دایانبنێیت. ئەوەی بیست ساڵ لەمەوبەر بە خەونیش بیرمان لێ نەدەکردەوە، ئێستا کاری کردووەتە سەر تەنانەت ناوچە هەرە دواکەوتووەکانی کوردستان. لە ڕووی تەکنیکییەوە دەتوانین ئەمە ئاسان بە دی بکەین و سەرنج بدەین، بەڵام بە لێوردبوونەوەیەکی ڕاستگۆیانە تۆ دەزانی ئەمە دیاردەیەکی ڕووکەش و دەستکردە، هیچ پێوەندیی بە پێشکەوتنی هۆش و ئاوەزی مرۆڤی کوردەوە نییە و نەبووەتە هۆی فراوانبوونی ڕووبەری ئازادییەکانی کۆمەڵ و تاکەکەس. گەشەکردنێکی سروشتی و مێژووکرد دەیتوانی دوو لایەنی گرنگ لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستاندا بچەسپێنێت: سیستێمێکی سیاسیی دیمۆکرات وفەرهەنگێکی ئازاد (لەم ڕووەوە

ڕاگەیاندنێکی ئازاد و بەرنامەیەکی نیشتمانپەروەرانە و زانستییانەی پەروەردە دەیانتوانی گۆڕانی قووڵ لەو کۆمەڵگەیەدا بە دی بهێنن). شتێک کە مایەی پرسیار و ڕامانە ئەوەیە کە بۆچی دەستەڵات و تاکەکەسەکانیش دەتوانن هەر زۆر خێرا لەگەڵ تازەترین ئامێر و کەرەستەکانی تەکنیک ڕابێن و فێری بەکارهێنانیان ببن، ئەی چۆنە کە ناتوانن فێری بنەماکانی دیمۆکراسی و ئازادیی دەربڕین و بیرکردنەوەی لیبراڵ ببن و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بیانخەنە گەڕ؟
لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانە خێرا و کاریگەرەدا، گۆڕانێکی گەورە لە شێوەی پێشکەشکردن و داڕشتنی پێناسەکاندا ڕووی داوە. ئەگەرچی دەکرێ بڵێین نزیکەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبارەی بەشی هەرە زۆری پێناسەکانەوە کۆکن، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم یەکبیرییە بەرهەمی لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی سیاسی و عەقڵی و فکری نییە و لە ئەنجامی گوتوبێژێکی ڕووناکبیرانەی ئاشکرا و ئازاددا نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکە هەڵوێستێکی هەلپەرستانەیە کە ناکرێ تەنانەت بە پراگماتیسمیش ناودێر بکرێ. سەرتاسەری پێناسە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکان ئەوانەن کە کۆلکەنووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیر و کۆلکەسیاسەتمەدار لە بازاڕی ئیدیۆلۆگیی ڕەسمیی ڕۆژاواوە وەریاندەگرن، بەڵام بەزۆری لە ڕێگەی دەستی دووەم و سێیەمەوە. قامووسی پێناسەکان تەنیا بۆ تێگەیشتنی مەسەلەکانی ئەمڕۆ بە کار نابرێت، بەڵکە دەکرێتە سەرچاوەیەک

بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی ڕابوردوویش، واتە داڕشتنەوەی مێژوو، یا پێداچوونەوەی مێژوو. هەندێ پێناسەیش هەن کە بەرهەمی خۆماڵین و پێویستیی بازاڕی سیاسیی ناوخۆ بەرهەمی هێناون. ئەمانەیش، وەک پێناسە هاوردەکان، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی هەلپەرستانەن، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ئەم بەشە تەنیا خەڵکانی بازاڕی ڕەسمیی سیاسی و فەرهەنگیی کورد بە کاری دەهێنن و مەرج نییە لە دەرەوەی کوردستان کەس بایەخی پێ بدات، یا بە هێندی وەربگرێت.

پێناسەکان بە شێوەی جیاواز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. بەشێکیان ئەوانەن کە وەردەگیرێن و قەبووڵ دەکرێن بێ ئەوەی گومانێکیان لێ بکرێت یا هەر نەبێ بخرێنە ژێر پرسیارەوە: تێرۆریزم، عەولەمە، پرۆژەی دیمۆکراتاندنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، فوندامێنتالیزم. بەشێکیش ئەوانەن یا جێگۆڕکێیان پێ کراوە؛ بۆ نموونە کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی، یا هەر بە جارێک لە کار خراون و چیی دی لە چوارچێوەی باسە ئیدیۆلۆگی و سیاسییەکاندا جێگەیان پێ نادرێت؛ بۆ نموونە ئیمپەریالیزم یا ناکۆکیی چینایەتی.

سێکولاریزم یەکێکە لەو پێناسانەی کە تا ڕادەی ئەتککردن سووکایەتیی پێ دەکرێت، نەک هەر لە کوردستاندا، بگرە لەبەشێکی یەکجار فراوانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. ئەم زاراوەیە، ئەم پێناسەیە تەنیا یەکلایەنە تەفسیر دەکرێت، بە واتای دژایەتیکردن و تەنانەت قەدەغەکردن و لەناوبردنی دین، کە لە

پلەی یەکەمدا مەبەست ئیسلامە نەک دینەکانی تر. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەر ئەم زاراوەیە لە ڕۆژاوا مەعنایەکی دیکەی جیاوازی هەیە و بەو پێیەیش لە پراکتیکدا دەرئەنجامی جیاوازی هەیە. بەڵام بە هۆی دەستەڵاتی سیاسی و فەرهەنگیی ڕۆژاواوە (بەتایبەت ئەمەریکا) لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەو شێوە یەکلایەنەی باس کرا، دەخرێتە گەڕ.

ئەو گوتوبێژە گەرمانەی لە ڕۆژاوا دەکرێن لەسەر بابەت و ڕووداوە فکری و سیاسییەکان، بە هیچ جۆرێک لە میدیای کوردیدا، تەنانەت بە شێوەیەکی تەماوییش بە دی ناکرێن. ئەگەر جاروبار باسێکیان بهێنرێتە ئاراوە ئەوە تەنیا بۆچوون و بینینی لایەنی هەرە کۆنسێرڤاتیڤە کە پێشکەش دەکرێت و بە خوێنەری کورد دەناسێنرێت؛ بۆ نموونە هەڵوێست و بیر و بۆچوونی دەستەڵاتدارانی ئەمەریکا. دەنا کامە ڕاگەیاندنی کوردی تەنانەت نیو لاپەڕەیش بە بیریارانی وەک نوعام چۆمسکی و ئیدوارد سەعید ڕەوا دەبینێت...؟

بابەتێکی وەک تێزەکەی هەنتینگتۆن و وەرامەکەی سەعید شتێک نییە کە ڕۆژنامەی کوردی بیەوێ بیخاتە بەردەستی خوێنەرانی، چونکە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندیی دەستەڵاتدارانی کوردستاندا ڕێک ناکەوێت. من دڵنیام ئەمەریکییەکان هەرگیز بە دستەڵاتدارانی کوردیان نەگوتووە ئەو جۆرە باوەڕ و دەنگانە دەمکوت بکەن و نەخەڵەتێن بهێڵن باسی ئێمە بە خراپە بکرێت. ئەوە ئەوان خۆیانن هێندە دڵسۆزی ڕۆژاوان، لەبەر بەرژەوەندیی

خۆیان، بیری پەرچدانەوەی تیۆریستەکانی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکا نەک هەر بە نووکی قەڵەم یا زمانی خەڵکدا نابێ بێت، ناکرێ بە دڵێ کەسیشدا ڕاببوورێت.
ڕەنگدانەوەیەکی باوەڕەکانی کەسانی وەک هەنتینگتۆن و بێرنارد لیویس و فەرید زەکەرییا بە شێوەیەکی زۆر کاڵەوەبوو، وەک نوێترین و ڕاستترین بەرهەمی فکریی ڕۆژاوا لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا پێشکەش دەکرێن، بێ ئەوەی بوار بدرێ خوێنەر بیر و تێزە دژەکانیش بناسێت و بیانخوێنێتەوە. چەمک و بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە کۆنسێرڤاتیڤانە تەنانەت بێ ناسینی بناغە تیۆری و ئیدیۆلۆگییەکانیان دەبنە ڕێنوێنی دەیان وتاری بێپێز و بێناوەڕۆک لە چاپەمەنیی کوردستاندا. ڕۆژنامەنووس و نووسەری مووچەخۆری دامەزراو لە هەوڵی ئەوەدایە برەو بەو ئاخاوتەیە بدات کە لەگەڵ سیاسەتی باو و سەردەستی دەستەڵاتی کوردی و دەستەڵاتی ئەمەریکاییدا دەگونجێت. ئەم ئاخاوتەیە هەموو ڕاستی و نرخە چاکەکان لە کرداری دەستەڵاتی ئەمەریکاییدا دەبینێت و پێی وایە دژایەتیکردنیشی دەبێتە هاوواتای تێرۆریزم.
ئەوەی دژی ئەمەریکا ڕاوەستێت مەرج نییە تێرۆریست بێت و ناکرێ هەروا بە ئاسانی مۆری تێرۆریزمی پێوە بنرێت. لە بەرەی دژی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکادا هەزاران تێکۆشەری پاک و بێگەرد و ئازادیخواز و ملیۆنان خەڵکی چەوساوە و ستەمدیتوو هەن. بێگومان لەناو کەسانی دژ بە ئەمەریکادا

کەسانی تێرۆریست هەن، کە بە مەبەستێکی نامرۆڤانە دژی ڕاوەستاون، بەڵام تەنیا دژایەتیکردنی ئەمەریکا نابێتە بەڵگەی تێرۆریستی. ئەوجا کێ ئەم بەڵگەی بێگەردی و فریشتەسرشتییەی داوە بە ئەمەریکا؟ مێژووی سیاسی و عەسکەریی ئەمەریکا لە دوای جەنگی گێتیگری دووەمەوە مێژووی خوێنڕێژی و تێرۆریزم و تالان و داگیرکردنە (ڤییێتنام، کەمبۆچیا، ئەمەریکای لاتین، ئێرانی موسەددەق ومەهاباد، تورکیای جەنەراڵەکان و هتد). پێش ئەوەیش مێژوویەکە بە خوێنی ملیۆنان سوورپێستی دانیشتووی ڕەسەنی ئەو سەرزەوییە و بە خوێنی سەدانهەزار کۆیلەی ڕەشی ئافریقایی و هەزاران زەردپێستی ژاپۆنی و کۆریایی سوورە.
ڕاگەیاندنی کوردی تەنانەت تاوانەکانی ئەمەریکایش دەشارێتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەک سەرۆک بوش دڵی لە هاوپەیمانە کوردەکانی بڕەنجێت. ئەم ڕاگەیاندنە کە دەنگوباسیش دەگێڕێتەوە ڕێک ئەو گێڕانەوەیە پێشکەش دەکات کە لاساییکردنەوەیەکی ساویلکەی ئاخاوتەی ئەمەریکای ڕەسمییە. سەربازێکی ئەمەریکی و کچەکەی هاوڕێی (لیندی ئینگلاند) زۆر دڕندانە و بێشەرمانە کۆمەڵێ زیندانیی عیراقی ڕووت دەکەنەوە، ئەشکەنجەیان دەدەن و هەموو سووکایەتییەکی نامرۆڤانەیان پێ دەکەن و وێنەکانیان بڵاو دەکەنەوە. ئەم دەنگوباسە لە ئەمەریکا دەبێتە کەتنێکی وا کە خۆیشیان ناتوانن بیشارنەوە. ڕید برۆدی، ڕۆژنامەوان، ئەو کردارە نامرۆڤانەیە مەحکووم دەکات.

سەیموور هیرش ئاشکرا و ڕیسوای دەکات و ئەوە جەخت دەکات کە ئەمە ڕووداوێکی تاک و تەنیا نییە، بەڵکە بەپێی ڕێنوێنیی فەرماندەرانی سەرووتر ئەنجام دراوە. بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی یەک وشەی ڕاستی لەم بارەیەوە نادرکێنێت.
جوولیانا سگرینا، ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی ئیتالیا بوو و تێرۆریستان لە عیراق گرتبوویان. دوای دانوستاندنێکی ژێربەژێر ڕۆژی چواری مارتی ٢٠٠٥ ئازاد کرا. لەو کاتەدا کە بەرەو ناو شاری بەغدا دەچوون، سەربازانی ئەمەریکی دەستڕێژیان لێ کرد؛ پاسەوانەکەی ئەو خانمە، نێوی نیکۆلا کالیپاری بوو، کوژرا. ڕاگەیاندنی کوردستان دیسان یەک وشەی ڕاست چییە لەم بارەیەوە دەرنەبڕی. سەیر ئەوەیە کاتێ سگرینا گەیشتەوە ئیتالیا و بە برینداری و لاوازی لە فڕۆکەکە دابەزی، ڕۆژنامەکانی کوردستان وێنەکەیان وا بڵاو کردەوە کە بە سەلامەتی و خۆشی گەیشتەوە وڵاتی خۆی، بێ ئەوەی پاشخانی چیرۆکەکەی باس بکەن. ئەم هەڵوێستە ترسنۆک و هەلپەرستانە و دوور لە ڕەوشتەی ڕاگەیاندنی کوردی لە مەسەلەی هەڵخلیسکان و کەوتنی فیدەل کاسترۆ و نەخۆشکەوتن و کۆچکردنی یاسر عەرەفاتیشدا دووبارە دەبێتەوە.
ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم بۆچوونە ئاخاوتە (دیسکۆرس)یەکی هەلپەرستە کە خۆی بە دروشمی ڕۆژانەی بازاڕیدا هەڵدەواسێت و تەنیا ئەوەی بە لاوە مەبەستە چۆن لە بازاڕی ڕۆژدا خۆی بباتە پێشەوە، لەسەر حیسابی نرخەکانی ڕەوشت و پاکی و

ڕاستگۆیی و داد و مرۆڤایەتی. ئەنجامی ئەم سیاسەتی ڕاگەیاندنە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی داخراو و لەرزۆک و ڕاستینەناسی وەک یەکێتیی سۆڤییێتی جاران و هەموو ڕێژیمە تۆتالیتارەکانە.

پەتای دژایەتیکردنی عەرەب و ئیسلام تا ئەو ڕادەیە تەشەنەی کردووە کە دەبێ بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، واتە **ڕەگەزپەرستی**، ناودێر بکرێ. ئەم باوەڕە نامۆ و نامرۆڤانەیە کاردانەوەی ئەو زۆرداری و چەوساندنەوەیە نییە کە لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عیراقەوە بە شێوەیەکی سیستێماتیک پیادە دەکرێت، چونکە لە سەردەمی کارەساتە گەورەکاندا هیچ کاتێک باوەڕی وەها پەیدا نەبوون، بەڵام ئێستا کە پانزدە ساڵیشە ئێمە پێوەندییەکمان بەو ڕێژیمەوە نەماوە و دەستەڵاتێکی لە کوردستاندا نەبووە، باوەڕی ڕەشی وا سەر هەڵدەدات. سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەڵگرانی ئەم باوەڕانە هەر بەوە ناوەستێن کە ڕێژیمی ڕەگەزپەرست و فاشیستی بەعس تاوانبار بکەن، بەڵکە هەڵوێست و هەڵسەنگاندنەکانیان بە شێوەیەکی (ڕێترۆئاکتیڤ) دەبەنە دواوە بۆ تاوانبارکردنی هەموو مێژووی ئیسلام. بێگومان مەبەستی یەکەم و بنەڕەتیشیان هەر ئەمەیە. لەناو هەر ئەم نووسەرانە خۆیاندا کەسانێک هەن کە تا دە دوانزدە ساڵ لەمەوپێش دڵگەرمترین دەهۆڵکوتی برایەتیی گەلان و بیری کۆسمۆپۆلیتانەی نێونەتەوەیی بوون، کە بەشی

کورد تێیدا تەنیا خزمەتکاری و نۆکەری و چاولەدەستی بوو. ترکزەی ئەم باوەڕانە هەر ئەوە نییە کە ئەمڕۆ مێشکی نەوەیەکی تازەپێگەیشتوو و ناشارەزای فەرهەنگی کوردەواری و ڕۆژهەڵاتی تێک دەدەن و بەم باوەڕە بۆگەن و دژەمرۆڤانەیە دەیئاخنن، بەڵکە ئەو کارکردە خەتەرناکەیە کە لە لایێکەوە هەوڵ دەدات ڕابوردوو بشێوێنێت و بەپێی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بینووسێتەوە و وێنای بکات، هەروەها دەیەوێ ڕێگەی دواڕۆژیش بەم شێوەیە خۆش بکات بۆ ئەوەی ئەو دواڕۆژەیش بەم ڕەشاوە ڕەنگڕێژ بکرێت. ئەم باوەڕانە ئەگەر هەر وا بەردەوام بن، بێگومان دەبنە گەرای پرۆگرامێکی سیاسیی دڕندە و ڕەگەزپەرستانەی کوردستانی، کە هەر کاتێک دەستەڵاتی بکەوێتە دەست، سیستێمێکی فاشیستی بە هەموو دەستگا سەربازی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانیەوە دادەمەزرێنێت. ئێمە لەم ڕووەوە نموونەیەکی زۆر ئاشکرامان لە پێش چاودایە کە دەبێ زۆر لەوە بترسین نەوەک لە کوردستانیشدا دووبارە ببێتەوە و کۆپی بکرێت؛ مەبەستم نموونەی فاشیزمی تورکیایە. لەوێیش دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، ڕێک وەک ئەمڕۆی کوردستان، بیروباوەڕی ئەنتیعەرەبیزم و ئەنتیئیسلامیزم، گەڕانەوە بۆ ڕابوردوویەکی درۆینە و دەستهەڵبەست (Fabricated)، لەپاڵ خۆهەڵواسین بە هەموو فەرهەنگ و سیاسەت و شارستانەتیی ڕۆژاوادا، بوو بە گەرای ئەو فاشیزمەی کە هەشتاساڵە وەک سەرەتانێک لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەڵتۆقیوە. فاشیزمی تورکی نەک هەر بوو بە دەستکەلایەک بە دەست ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی و ناتۆ و سەرمایەداریی ئەوروپاوە، بەڵکە کرایە پۆلیسێکی خوێنڕێژ و بەردرایە گیانی گەلانی تورکیا و لە پێش هەموویشیانەوە گەلی کورد. کرایە پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا بەرانبەر بلۆکی سۆڤییێت و پەیمانی وارشۆ و بەرەی سۆسیالیست و کۆمونیست و دواتریش دژی ئیسلام و سەرهەڵدانی بیروباوەڕی بووژاندنەوەی ئیسلامی. هەر وەک چۆن لە تورکیای دوای داتەپینی دەوڵەتی عوسمانیدا هێزی دەرەکی ڕۆڵێکی یەکجار بنەڕەتی و کاریگەریان هەبوو لە دامەزرانی تورکیای تازەی مۆدێرندا و لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی فاشیزمی تورکیدا و لە ڕەنگڕێژکردنی سەرلەبەری ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگ و دەستگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتی تورکیای تازەدا، ئەمڕۆیش لە کوردستاندا هەر ئەو ڕۆژاوایەیە کە لە هەموو بوارە فکری و فەرهەنگی و سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. ئەم پرۆژە ئیمپەریالیستییە ڕەگەزپەرستانەیە ئەگەر سەر بکەوێت، ئەنجامەکەی ڕێک ئەوە دەبێت کە بەسەر نەتەوەی تورکدا هات. کورستانیش دەبێتە داردەستێکی بێنرخی ڕۆژاوا و دەبێتە پێگەیەک بۆ هێزە سەربازی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ڕۆژاوا، بێ ئەوەی کورد خۆی هیچی بەر بکەوێت یا ڕێگەی بدرێت پرۆژە و پرۆگرامەکانی بەپێی بەرژەوەندی نەتەوایەتیی خۆی دابڕێژێت و جێبەجێ بکات. فەرهەنگی هەزاران ساڵەی

کورد لە ناو دەبرێت و کورد دەبێتە نەتەوەیەکی بێفەرهەنگی بێناسنامەی وەک ئەمڕۆی خەڵکی تورکیا؛ نە ئەوەیە وەک نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی بمێنێتەوە، نە ئەوەیشە ببێتە ئەوروپایی. کوردیش، وەک تورک، دەبێتە ئەو مەلەی ویستی لاساییی ڕەوتی کەو بکاتەوە، بەڵام ئەوەیان فێر نەبوو و ڕەوتەکەی خۆیشی لە بیر چووەوە. کە دەڵێم بێفەرهەنگ و بێناسنامە، مەبەستم ئەوە نییە لەو وڵاتەدا فەرهەنگ نییە. هەیە، بەڵام ئەو فەرهەنگە ڕەسمییە فەرهەنگێک نییە هیی خۆی بێت و بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی کردبێت و گەیشتبێتە ئەو پلەیە و ڕەگوڕیشەی لە قووڵاییی مێژووی نەتەوەدا ڕۆچووبێت و گرانی و پتەویی خۆی لە نرخە ڕۆحی و مرۆڤایەتییەکانی ئەو نەتەوەیەوە هەڵێنجێنێت. فەرهەنگێکی ساختە و دەستکرد و دروستکراوە. تورکی ئەمڕۆ، گەلانی تورکیا بە گشتی، وەک ئەو ئەکتەرە وان کە لە فیلمێکدا یا شانۆگەرییەکدا ڕۆڵێک دەبینێت، دەبێتە پادشا، دەبێتە وەزیر و گزیر، دەبێتە سواڵکەر، دەبێتە جەنگاوەر یا هەر شتێکی دیکە، بەڵام ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە دەزانیت ئەوەی دەیبینی مرۆڤە ڕاستەقینەکە خۆی نییە، ئەوەی دەیکات و دەیڵێت کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەو نییە. کابرای ئەکتەر دوای تەواوبوونی فیلمەکە یا شانۆگەرییەکە دەچێتەوە سەر دۆخ و بارەکەی خۆی و کەسایەتییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، بەڵام نەتەوەی تورک و تا ڕادەیەکی زۆریش هەموو گەلانی ناو سنووری تورکیا، دیارە بە کوردیشەوە، واز

لەو ڕۆڵەی دراوە پێیان، ناهێنن. کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان ئەو نەخشەی لە فیلم و شانۆگەریی ڕۆژاواییدا سپێردراوە پێیان، لایان بووە بە ڕاستی و وازی لێ ناهێنن و تازەیش ناتوانن ببنەوە بە مرۆڤەکەی جاران، ناتوانن کەسایەتیی جارانی خۆیان وەربگرنەوە.

لای زۆربەی مرۆڤی سادەی کورد و تەنانەت خوێنەر و ڕووناکبیرانیش، دەزووە باریکەکانی ئەم داوە شەیتانکردە پێچپێچە دیار نین و بە چاو نابینرێن. مرۆڤی کورد کە سەدان ساڵە تووشی دڕندەترین چەوسانەوە و زوڵم و زۆر هاتووە و وڵاتەکەی تاڵان و خاپوور کراوە، تاکە تروسکەیەکی ڕووناکیی بەرچاو بکەوێت شاگەشکە دەبێت و پێی وایە فریشتەی چرابەدەستە و هاتووە ڕزگاری بکات، تەنانەت ئەگەر ئەمە دزی چرابەدەست بێت و هاتبێت بۆ تاڵانکردنی ماڵەکەی و ئەتککردنی خۆی و هەرچییەکی هەیە.

ئایا هەلومەرجی دنیای ئەمڕۆیش هەر وەک سەرەتای سەدەی ڕابوردووە؟ جێگای دڵخۆشییە کە ڕۆژاوا ئەو قەوارە بەهێز و یەکگرتووە نییە، گەلانی ڕۆژهەڵاتیش لە جاران هۆشیارترن، ئەگەرچی لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە لە ئەوپەڕی داهێزران و پەرتەوازەییدان. ئیمپەریالیزم ئەگەرچی بە ڕواڵەت لە لووتکەی هێز و دەسترۆیشتندایە، بەڵام هاوکات نیشانەی داتەپین و ڕووخانیشی لێرە و لەوێ دەردەکەوێت. جاران بە هۆی سیستێمێکی زۆردار و سەرکوتکەر و پاوانخوازی وەک

یەکێتیی سۆڤییێتەوە زۆر لە عەیبەکانی ڕۆژاوا داپۆشرابوون، بەڵام ئەمڕۆ ناوەڕۆکی ڕەش و نامرۆڤانەی سەرمایەداری و ئیمپەریالیزم زیاتر دەکەوێتە بەرچاو.
کاتێ مرۆڤ لە ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، ورد دەبێتەوە وا هەست دەکات کوردستان بەشێکە لە فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژاوا و ئەندامێکی گەورەی ناتۆیە. ئەم خۆساغکردنەوەیەی کورد، دیارە هەر بە خەیاڵ، ئەگەرنا هیچ پێگەیەکی فکری و ئابووری و سیاسیی نییە، بە لایەکی دیکەیشدا کە دژایەتیکردنی هەموو فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی دیکەیە، یا هەر نەبێ بە شێوەی خۆتێنەگەیاندن، هەر ئاشکرایە. ئاخاوتەی کوردی، وەک ئاخاوتەی ئەمەریکایی، بە چاوێکی سووکەوە دەڕوانێتە فەرهەنگ و شارستانەتییەکانی ڕۆژهەڵات و ئافریقا. لەناو سەدانهەزار لاپەڕەی چاپەمەنی و سەدانهەزار سەعاتی پەخشکردنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردیدا، دوو لاپەڕەت بەرچاو ناکەوێت و دوو سەعاتت بەرگوێ ناکەوێت کە بۆ شارستانەتی و فەرهەنگی چین و ژاپان، عەرەب و هیندستان یا ئێران وئافریقا (و ڕەنگە ئەمەریکای لاتینیش) تەرخان کرابێت، بەڵام تازەترین دەنگوباسی ڕۆژاوا، نەک تەنیا سیاسی و فەرهەنگی، بگرە شەخسی و تایبەتیش (پێوەندیی جۆرج و لاورا بوش، یا شووکردنی ژنێکی ئێرانی بە یۆشکا فیشەر) دەچێتە ناو هەموو ماڵەکانی کوردستانەوە.

ئێمە لە کاتێکدا هەڵوێست بەرانبەر سیاسەتی هێرشبەرانەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا وەردەگرین زۆر گرنگە دوو ڕاستی جەخت بکرێن و بۆ مرۆڤی کورد و بە تایبەت بۆ ڕووناکبیران و خەڵکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن ڕوون بکرێنەوە:
<> دژایەتیی سیاسەتی ڕۆژاوا هەرگیز نابێ وەک دژایەتیی گەلانی ڕۆژاوا یا ڕەدکردنەوەی سەرلەبەری فەرهەنگ و شارستانەتیی ڕۆژاوا لێک بدرێتەوە، چونکە هەم دانیشتووانی ڕۆژاوا و هەم شارستانەتی و فەرهەنگەکەیش جۆرێ تێکەڵاوی و مۆزاییکن، ناکرێ وەک یەکەیەکی هاوچەشن تەماشا بکرێن و دووەمیش <> هەڵوێستی تێگەیشتن و هاودەردی لەگەڵ شارستانەتی و فەرهەنگەکانی دیکەی دنیا نابێ بە هیچ جۆرێک وەک پشتیوانیی دەستەڵاتە سیاسی و سەربازییە دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست و گەندەڵەکان، یا وەک قەبووڵکردنی بەشە بۆگەن و نائینسانی و شۆڤینیست و دواکەوتووەکانی ئەو شارستانەتی و فەرهەنگانە لێک بدرێتەوە. ئەم هەڵاواردن و ڕوونییە بنەڕەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاخاوتەی کوردی ببێتە بەشێک لە ئاخاوتەیەکی سەرتاسەری و گێتیگری وا کە نرخ و دەستکەوتە مێژوویی و فەرهەنگی و هونەری و ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی بکاتە پرۆژە و ڕێنوێنی خۆی بۆ ئەوەی نەبێتە ئاخاوتەیەکی تەسکبیرانە و ڕەگەزپەرستانە و دواکەوتوو.

# سەرچاوە:


Huntington, Samuel P.: *The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order*, New York, Simon & Schuster 1996.

Lewis، Bernard: *The Crisis of Islam; holy War and Unholy Terror*، Phoennix, London 2004.

Said, Edward W.: *Orientalism*, Penguin Books, London 1987.

Said، Edward W.: *Covering Islam; How the Media and the Experts Determine How We See the Rest of the World*, Vintage Books, USA 1997.

Said، Edward W.: *Representations of the Intellectual*; The 1993 Reith Lectures, Vintage, London 1994.

Said، Edward W.: *Reflections on Exile* (and other literary and cultural essays), Granta Books, London 2001.

# تۆزێکیش سیاسەت

دوو حەفتەی تر ئیدی هەموو دنیا دەزانێت سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ماوەی چوار (یا هەشت) ساڵی داهاتوودا کێ دەبێت. ئەمە نهێنییەکی گەورە نییە من ئاشکرای بکەم، زانینیشی زیرەکییەکی زۆری پێویست نییە. ئەوەی دەبێتە سەرۆک یەکێکە لە دوو کەس: یا جۆن مەککەین یا باراک ئۆباما. لە ڕووی هۆش و بیر و ژیری و گەلێ بەهرەی کەسەکییەوە ئۆباما زۆر لە مەککەین لەپێشترە، بەڵام ئەوەی بڕیاری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەدات زۆر لەو پێوەرانەوە دوورە. ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا کەسێکی ڕەشپێست دەبێتە کاندیداتی یەکێک لە دوو پارتییە سیاسییەکە. ئەگەرچی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا ئاشکرای ناکەن، بەڵام شەپۆلێکی یەکجار بەهێزی ڕەگەزپەرستی دژی ئۆباما پەیدا

بووه و کۆسپێکی وای دروست کردووه کە ناکرێ لە بەرچاو نەگیردرێت.
من وەک تاکەکەسێک، وەک هاووڵاتێکی ئەم سەردەمە و ئەم دنیایەی ئەمڕۆ، زۆرم پێ خۆشە باراک ئۆباما بیباتەوە و ببێتە یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێستی ئەمەریکا، ئەگەرچی زۆر چاکیش دەزانم سیاسەتی ئەمەریکا لە ئێستای چاکتر نابێت و ئەو سیستەمە ناڕەوا و بێداد و شەڕخواز و دژەمرۆڤایەتییە بە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی ڕەش ناگۆڕێت.
ئۆباما ئەگەریش سەر بکەوێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو هەموو هێزە شەڕانی و پاوانخواز و دەستەڵاتدارە ڕابوەستێت و سیستەمی سیاسی و ئابووری و عەسکەریی ئەو وڵاتە بگۆڕێت. ئەو تەنیا دوو ڕێگەی لە بەردەمدایە:
١. یا ئەوەیە دەبێ هەوڵی گۆڕینێک لە شێوەی کوودەتایەکدا بدات، کوودەتا لەناو کۆشکەوە، بەڵام کوودەتایەکی فکری و سیاسی و کارگێڕی، نەک کوودەتای سەربازی، کە پێم وا نییە هیچ سەرکەوتنێک بە دەست بهێنێت، چونکە ئۆباما خۆی کەسێکی بیریار و ڕووناکبیرێکی قووڵ و بەئەزموون نییە و لەناو کۆمەڵی ئەمەریکا و لەناو کاربەدەست و کارمەندانی ئیدارەکەیدا ئەوەندە خەڵکی هاوبیری لەگەڵ نییە پشتیان پێ ببەستێت و گۆڕانێکی قووڵ جێبەجێ بکات. ئەگەر ئۆباما خەونی گۆڕینێکی وەها بە بیر و مێشکیدا ڕاببوورێت، بە دووری نابینم

دەستگای جاسووسیی ئەمەریکا (CIA) زۆر بە شێنەیی بیکوژن و دوای چەند ساڵێک کەسێکی نەخۆش و سەرشێت وەک بکوژەکەی بە دنیا بناسێنن. پێش ئۆباما، کەسانێک هەبوون خاوەنبیر و ڕیفۆرمخواز، دەیانویست سەرەتای گۆڕانێک دابمەزرێنن، بەڵام هەر زوو لە ناو بران، بۆ نموونە مارتین لوتەر کینگ (١٩٢٩-١٩٦٨) و مالکۆلم ئێکس (١٩٢٥-١٩٦٥). ڕاستییەکەی ئەوەیە ئۆباما، تا ئێستا، نە بەرنامەیەکی وای هەیە و نە خەونیشی پێوە دەبینێت؛

٢. ڕێگەی دووەمیش ئەوەیە ئەو سیستەمە ئیمپەریالیست وسەرمایەدار و شەڕانی و پاوانخواز و نامرۆڤانەیە قەبووڵ بکات و دڵی خۆی بەوە خۆش بکات وەک یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا ناوی لە مێژوودا تۆمار بکرێت.

ئەوەی لە ئەمەریکا حوکم دەکات و بڕیار دەدات سەرکۆمار نییە. هەر لەبەر ئەوەیشە کە تەنانەت کاتێک کەسانێکی دەبەنگ و ناشارەزا و نەزان و گەمژەیش دەبن بە سەرۆک (بۆ نموونە ئەم جۆرج و. بوشەی ئێستا)، کەس خۆی تێک نادات و بەرنامە سیاسی و عەسکەرییەکانیش گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت. تەنیا گۆڤار و ڕاگەیاندنە گاڵتەجاڕەکانە کە دەرفەتێکیان دەست دەکەوێت بۆ گاڵتەکردن بە سەرۆک و ڕابواردن پێی، ئەوەیش دیسان خزمەتی سیستەمەکە دەکات.

جۆرج و. بوش، وەک سەرکۆمارێکی دەبەنگ و گەوج، لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتیدا نەیتوانی خزمەتێکی جیددی و

ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بکات: ئەو لەجێی ئەوەی دژایەتیی تێرۆریزم بکات، هات شەڕێکی ناڕەوا و ڕەگەزپەرستانەی دژی ئیسلام هەڵگیرساند. لەباتیی ئەوەی هەڵەی سەرکردەکانی پێش خۆی ڕاست بکاتەوە و ژمارەی دوژمنەکانی کەم بکاتەوە، بەشی زۆری گەلانی دنیای کردە دوژمنی ئەمەریکا.
بوش کۆمەڵێ بەڵێنی دا بەڵام درۆی کرد: ئوسامە بین لادن و قاعیدە، کە لە سەرەتادا هەر خۆیان دروستیان کردن، ئێستا لە جاران بەهێزتر و ئازادترن، ئەفغانستانی وێران کرد، بەڵام دروستی نەکردەوە، ئێستایش سەرۆک کەرزەی بە بێ پاسەوانی ئەمەریکی ناتوانێ بچێتە دەرەوە و دەست بە ئاو بگەیێنێت. بوش، سەددام حوسەینی هاوڕێی هەرە خۆشەویستی ئەمەریکا و ڕۆژاوای ڕووخاند، بەڵام لە ترسی ئاشکرابوونی نهێنیی هاوکاری و هاوپەیمانیی خۆیان و عیراقی بەعس، هەر زوو سەددامیان هەڵواسی و عیراقێکی دیمۆکراتیشیان دانەمەزراند. سەرکردەکانی عیراقیش، وەک کەرزەی، ناتوانن تەنانەت بەناو شاری بەغدادا بە ئازادی بسووڕێنەوە. جۆرج بوش بەڵێنی دا لە سەردەمی خۆیدا چارەسەری دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین جێبەجێ بکات، بەڵام لەم ڕۆژانەدا، بۆ پاساودانی درۆکەی، داوای لێبووردنی لە ئەبوو مازنی سەرۆکی فەلەستین کرد.

هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا هەرەسێکی ئابوورییش لەو وڵاتەدا دەستی پێ کرد و دواتر سیستەمی دارایی و بانکیی زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارەکانی گرتەوە. دەستەڵاتدارانی ئەمەریکا و بە دوای ئەوانیشدا دەستەڵاتدارانی وڵاتە گەورەکانی سەرمایەداری و پیشەسازی هەزاران میلیارد دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ چارەسەری ئەم هەرەسە، بەڵام هەموو نیشانە و پێشبینییەکان وای نیشان دەدەن کە ئەم هەنگاوانە هیچیان دەردی سیستەمی کرمۆڵی سەرمایەداری تیمار ناکەن و ڕەنگە ئەمە ببێتە سەرەتای ڕووخان و هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە بۆگەن و نامرۆڤانەیە. ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ بووەتە گەورەترین کێشەی ڕۆژاوا، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی زۆر کەس چاوێک بە هەڵوێست و بیرکردنەوەی خۆیاندا لەبارەی ڕۆژاواوە بگێڕنەوە. دەزانم زۆربەی خەڵک هەر ئاگایشیان لەوە نییە چی ڕووی داوە و چی ڕوو دەدات، بەڵام من بە ڕادەی یەکەم مەبەستم ئەوانەیە کە ڕۆڵی ڕووناکبیریان لە شانۆگەرییەکی بێتامدا پێ سپێردراوە و باشیش دەڕۆستی هاتوون. ڕەنگە سیاسەتمەدارانیش پێویستیان بە جۆرێک خۆخوێندنەوە و پێداچوونەوە هەبێت، ئەگەرچی ئەوان هەمیشە پەرژینێکی خۆکردی شکۆ و پیرۆزییان بە چواردەوری خۆیاندا هەڵچنیوە، کە لە شیر و تیر و چاوەزار دەیانپارێزێت.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە نموونەی دڕندەترین و نامرۆڤانەترین ئیمپەریالیزمە لە مێژوودا، کارنامەیەکی هەیە پڕە

له خوێن و دڕندایەتی و کوشتن و داگیرکردن و ڕەگەزپەرستی. تاوانەکانی ئەمەریکا بەرانبەر هیندییە سوورپێستەکانی دانیشتووی کەونارا و دێرینەی وڵاتەکە پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوانی سیستەمە زڕەدیمۆکراتەکەیانەوە. هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستانە دژی ڕەشەکان و چەوساندنەوەیان پەڵەیەکی ڕەشترە. مێژووی ئەمەریکای لاتینی لە دوای شەڕی دووەمی گێتیگرەوە تا نەوەدەکانی سەدەی بیست، مێژووی دەستێوەردانی ئەمەریکایە لە چارەنووسی کیشوەرێک و پشتگریکردنی هەموو جەنەراڵ و دیکتاتۆر و خوێنڕێژ و مافیا و قاچاخچی و مرۆڤکوژەکان. لێدانی ناگازاکی و هیرۆشیما بە بۆمبی ئەتۆمی، داگیرکردن و داپڵۆسینی گەلانی ڤێتنام و لاوس و کەمبۆچیا و وەرامدانەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەو گەلانە بە کوشتن و وێرانکردن، پشتگریی ڕێژیمی خوێنڕێژی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ئێران، پشتگریی ڕێژیمە فاشیست و مرۆڤکوژەکانی تورکیا، پشتگریی ڕێژیمی جونتای یۆنانی، گەمارۆدانی گەلی کووبای ئازادی و ئاشتیخواز، کوشتنی ئەرنیستۆ چێ گێڤارا، پشتگریی ڕێژیمی سەددام حوسەین، پشتگریی بێسنووری دەوڵەتی ئیسرائیل دژی گەلی ئازادیخوازی فەلەستین، فریودانی گەلی کوردستان و هەرەسپێهێنانی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٥ و پشتگریی دەیان ڕێژیمی کۆنەپەرست و بێداد و خوێنڕێژ، هەموو ئەمانە بڕگە بە بڕگەی مێژووی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکایە.

ساڵی ١٩٨٦، بە سەردان چووبوومە یەکێتیی سۆڤییێت. ئێوارانێک لەگەڵ کۆمەڵێ دۆستی کورددا، کە لەوێ دەیانخوێند، دانیشتبووین، باسی سیستەمی سۆڤییێتمان دەکرد. من وتم هیوادارم ڕۆژێک بێت ئەم سیستەمە بۆگەنە بڕووخێت و گەلانی سۆڤییێتیش ئازاد ببن. هەموویان پێکەنینیان بە قسەکەم هات و پێیان وا بوو ئەوەیش بەشێکە لە بیروباوەڕی ماویستانەم. بەڵام هەر پێنج ساڵ دواتر، سۆڤییێت بە جۆرێک هەڵوەشایەوە و ڕووخا، کە شوێنەواریشی نەما. بەو هیوایەی ڕووخانی سیستەمی ئیمپەریالیست و سەرمایەداری ئەمەریکایش ببینین. بەڕاستی لە دڵەوە پێم خۆشە سیستەمی سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و عەسکەریی ئەمەریکا سەروژێر ببێت و بە جۆرێ هەرەس بهێنێت و بڕووخێت کە داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێت و جارێکی دیکە لەو ڕووخانە زیندوو نەبێتەوە و هەڵنەستێتەوە. دەزانم هەندێ ڕووناکبیری هەلپەرست و ترسنۆک هەر بە بیستنی قسەیەکی وەها لەرزیان لێ دێت، چونکە نانبڕاو دەبن و ناز و نیعمەتیان لێ تێک دەچێت. بەڵام دڵنیایشم سبەینێ هەر زلهێزێکی دیکە جێگەی ئەمەریکا بگرێتەوە، ئەو ڕووناکبیرە زیت و زرنگانە پێش هەموو کەسێکی دیکە خۆیان دەگەیێننە نزیکترین بارەگای ئیمپەریالیزمی تازە و خۆیان ناونووس دەکەن.

# ڕێنوێنی ناو و چەمکەکان

ئەم ڕێنوێنە بەپێی ئەلفوبێی کوردی ڕێک خراوە. ناوی کەسەکان بەپێی یەکەم تیپی ناسناو (پاشناو)ەکانیان دەدۆزرێنەوە، بۆ نموونە شەمسی تەبریزی لە تیپی (ت)دا، مەلای جەزیری لە (ج) و تاها حوسەین لە (ح)دا دەدۆزرێنەوە. ناوی دەستگا و چەمکەکان بەپێی تیپی یەکەمی ناوەکان دەدۆزرێنەوە؛ ستیریۆتایپ لە (س) و شەڕی سارد لە (ش)دا. ئەو چەمکانەی کە لە بنەڕەتدا لە ڕۆژاوا داڕێژراون، لەناو جووتبەستێکی وەهادا [...] ناوە ئینگلیزی یا ئەوروپاییەکانیان دەنووسم، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی لە فەرهەنگ یا ئەنسیکلۆپیدیایەکدا، بە زمانێکی ئەوروپایی، بیاندۆزێتەوە. هەروەها بۆ ناوی

کەسەکانیش، ئەوانەی ڕۆژاواییی، دیسان لەناو ئەو جۆرە جووتبەستەدا بە شێوە بنەڕەتییەکانی خۆیان نووسراون.

## ئـ

**ئاخاوتە** [دیسکۆرس Discourse]: لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا (بە ڕەچاوکردنی کارەکانی میشێل فووکۆ)، ئاخاوتە وا دەناسێنرێت کە شێوە بیرکردنەوەیەکی دامەزراوئاسایە دەکرێ لە ڕێگەی زمانەوە ئاشکرا بکرێت، یا سنووریێکی کۆمەڵایەتییە ئەوە دیاری دەکات لەبارەی بابەتێکی تایبەتییەوە دەکرێ چی بگوترێ، یا، وەک جودیس بەتلەر ناوی لێ دەنێت: "سنوورەکانی قسە و ئاخاوتنی قەبوولکراو" یا ڕاستیی گونجاو. وا چاو لە ئاخاوتە دەکرێ کە کار دەکاتە سەر ئەوەی ئێمە هەموو شتەکان چۆن دەبینین؛ ناتوانین لە دەست ئاخاوتە ڕزگارمان ببێت. بۆ نموونە دەکرێ دوو ئاخاوتەی تەواو جیاواز لەبارەی بزووتنەوەی جۆراوجۆری پێشمەرگایەتییەوە بە کار ببرێت، کاتێ کە وەک "جەنگاوەرانی ئازادی" یا وەک "تێرۆریست" وەسف دەکرێن. بە مەعنایەکی دیکە ئاخاوتەی هەڵبژێردراو ئەو وشەگەل، دەربڕین و لەوانەیشە ئەو شێوازەی بۆ ڕاگەیاندن پێویستن پێشکەش دەکات. ئاخاوتە زۆر لە نزیکەوە بەستراوە بە تیۆرییەکانی دەستەڵات و دەوڵەتەوە، بە لای کەمەوە تا ئەو کاتەی کە دیاریکردنی ئاخاوتە وا چاو لێ دەکرێ کە پێناسەکردنی واقیع خۆی دەگەیێنێت. ئاخاوتە یارمەتیی هەندێ لە گەورەترین

بیریارەکانی جیهانی داوە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بەو جۆرە دەرببڕن کە ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین زمانداریی گشتی.

**ئاگری/گوللەی دۆستانە** [Friendly Fire]: دەربڕینێکی سەلار و نەرمە بۆ ناساندنی ئاگر یا گوللەیەک کە بە دەستی لایەنەکەی خۆت یا هاوپەیمانەکانت بەرت بکەوێت. لە سەرەتادا لە لایەن لەشکری ئەمەریکاوە بە کار هێنرا. ئاگری دۆستانە بەوە دەگوترێ کە مەبەست ئەوە بێت زیان بە دوژمن بگەیەنرێ، بەڵام کەسێکی لایەنی خۆت بریندار بکەیت.

**حامید ئالگار** [Hamid Algar]، ساڵی ١٩٤٠ لە ئینگلستان لە دایک بووە. لە زانستگەی کامبریج خوێندوویەتی و هەر لەوێیش دۆکتۆرای وەرگرتووە. ئالگار لە تەمەنی لاوێنیدا ئاشنایەتیی لەگەڵ ئیسلام پەیدا کرد و بوو بە موسڵمان. لە ساڵی ١٩٦٥ بە دواوە لە زانستگەی کالیفۆرنیا، ئەمەریکا، کاری کردووە. پرۆفێسۆر ئالگار کۆمەڵێ کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بواری ئیسلام، تەسەووف و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا نووسیوە. ئالگار دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ ئیمام خومەینیدا هەبوو، گەلێ جار سەری لێ دەدا و بەشێک لە نووسینەکانی ئەوی کردووەتە ئینگلیزی. پرۆفێسۆر ئالگار یەکێکە لە زانا هەرە شارەزاکانی جیهان لە بواری تەسەووفدا و بە تایبەتیش لەبارەی تەریقەتی نەقشبەندییەوە و کۆمەڵێک

لێکۆڵینەوەی قووڵ و فراوانی ئەنجام داوە و لە زۆربەی ئەنسیکلۆپیدیا جیهانییەکاندا بابەتی نووسیوە.

**محەمەد ئەرکوون** [Mohammed Arkoun]: ١-٢-١٩٢٨ لە تەوریت میموون، لە جەزائیر، لە خێزانێکی بەربەردا لە دایک بووە. پرۆفیسۆر ئەرکوون زانا و ئیسلامناسێکی گەورەی جیهانە. لە نێوان سالانی ١٩٦٩-١٩٩٢دا ئەرکوون وەک پرۆفیسۆر لە زانستگەکانی لیۆن، پاریس و سۆربۆن کاری کردووە. هەروەها چەند ساڵێک لە زانستگەکانی ئەڵمانیا و ئەمەریکا پرۆفیسۆری میوان بووە. پرۆفیسۆر ئەرکوون دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر فەلسەفە و مێژووی ئیسلام نووسیوە و باوەڕەکانی بوونەتە هۆی لێدوان و دەمەتەقێیەکی زۆر لەناو زانایانی موسڵمان و ئیسلامناسانی جیهاندا.

**ماڵکۆڵم ئێکس** [Malcolm X] (١٩-٥-١٩٢٥ تا ٢١-٢-١٩٦٥): پێشتر ناوی ماڵکۆڵم لیتڵ بوو. دواتر وەک ئەلحاج مالیک ئەلشاباز ناسرا. موسڵمانێکی ئەمەریکاییی ئەفریقایی، ئاخێوەرێکی گەورە و چالاککارێکی مافی مرۆڤ بوو. لای پشتگرانی، ئەو پارێزەرێکی بوێری مافی ڕەشپێستەکان بوو. ماڵکۆڵم ئێکس وەک یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین ئەمەریکییە ئەفریقییەکان لە مێژوودا ناسراوە.

ماڵکۆڵم ئێکس لە ئۆماها، نیبراسکا، لە دایک بووە. لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا باوکی مرد و دایکی کەوتە نەخۆشخانەی عەقڵییەوە. لەوە بە دوا ژیانێکی زۆر سەختی بردە سەر و کەوتە ناو تاقمی تاوانکارانەوە لە بۆستۆن و نیوویۆرک. ساڵی ١٩٤٥ بە هەشت ساڵ بەندکردن حوکم درا. لە زینداندا بوو بە ئەندامی "نەتەوەی ئیسلام". کە ساڵی ١٩٥٢ ئازاد کرا بوو بە یەکێک لە سەرکردەکان و گوتەبێژی سەرەکیی نەتەوەی ئیسلام. لە ماوەی دوانزدە ساڵدا ڕوومەتی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوە بوو. گرژی و ناکۆکیی نێوان ماڵکۆڵم ئێکس و ئەلیجاهـ موحەممەدی سەرۆکی نەتەوە بوو بە هۆی دەرچوونی ئێکس لە ڕێکخراوەکە لە مارتی ١٩٦٤دا. ئەمجا ماڵکۆڵم ئێکس بوو بە موسڵمانی سوننی و چوو بۆ حەج. گەلێ سەفەری بۆ وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. نزیکەی ساڵێک دوای دەرچوونی لە نەتەوەی ئیسلام مالکۆڵم ئێکس لە کاتی قسەکردنێکدا لە نیوویۆرک کوژرا.

**ئیبن عەرەبی** [شێخ موحییددین ئەبو عەبدوڵڵاهـ موحەممەد ئیبن عەلی ئیبن موحەممەد ئیبن ئەلعەرەبی ئەلحاتمی ئەلتائی] (٢٨-٧-١١٦٥ تا ١٠-١٠-١٢٤٠): سۆفی و زانا و فیلۆسۆفێکی ناوداری موسڵمانی عەرەبە لە خوارووی سپانیا هاتووەتە دنیاوە. لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا وڵاتی خۆی بە جێ هێشت و ڕووی کردە مەککە. سێ ساڵ لەوێ ژیا و کتێبی ناوداری (الفتوحات المکیة)ی نووسی. پاشان ڕووی کردە ئەناتۆلیا و ساڵانێکیش لەوێ ژیا و

دواجار له دیمەشق گیرسایەوە و تا ڕۆژی کۆچکردنی لەوێ مایەوە. له بواری تەسەووفدا بە شێخی هەرەگەورە (الشیخ الاکبر) ناسراوە و خاوەنی تیۆریی ناسراوی (وەحدەت ئەلوجوود: وحدة الوجود)ە، کە تا ئێستایش بە قووڵترین و گرنگترین تیۆریی تەسەووف دادەنرێت. ئیبن عەرەبی نزیکەی ٤٠٠ کتێب و نامیلکەی نووسیون. ناوی هەندێ لە بەرهەمەکانی: فصوص الحکم، الفتوحات المکیة، ترجمان الاشواق، مشاهد الاسرار، مشکاه الانوار.

**ب**

**فرێدریک بارت** [Fredrik Barth]: تۆماس فرێدریک ڤێیبای بارت (١٩٢٨ لە دایک بووە) سۆسیال ئەنترۆپۆلۆگیستێکی نۆروێژییە، کۆمەڵێ کتێبی زانستانەی لە بواری ئەنترۆپۆلۆگیدا بڵاو کردوونەوە. بارت پرۆفێسۆرە لە زانستگەی بۆستۆن و پێشتریش لە زانستگەکانی ئۆسلو، بێرگەن، ئێمۆری و هارڤارد پلەی پرۆفێسۆریی هەبووە. لەناو زاناکانی ئەنترۆپۆلۆگیدا بە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دۆڵی سوات لە پاکستان و دارفور لە سوودان ناسراوە. یەکێ لە بەرهەمە ناسراوەکانی بارت کتێبێکە لەبارەی کوردستانی عیراقەوە کە ساڵی ١٩٥٣ بڵاوی کردووەتەوە: *بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی باشوور* *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan*. بارت

هاوسەری ئوننی ڤیکانە، کە پرۆفێسۆری سۆسیال ئەنترۆپۆلۆگییە لە زانستگەی ئۆسلو، کوڕی پرۆفێسۆر تۆم بارتە، پرۆفێسۆری جیۆلۆگی و برازای ئێدڤارد کاورین بارتە، پرۆفێسۆری ئاژەڵناسی.

**مارتین فان برونەسێن** [Martin van Bruinessen]: ئەنترۆپۆلۆگیست و ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسراوی هۆڵاندییە. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی تەرخان کردووە بۆ باسەکانی کورد و کوردستان، تورکیا، ئیسلام و ئیندۆنیسیا. ساڵی ١٩٤٦ لە شوونهۆفن، هۆڵاند، لە دایک بووە. مارتین ساڵانێک لە زانستگەی یۆگیاکارتا، ئیندۆنیسیا، مامۆستای کۆمەڵناسیی دین بوو، لە ساڵی ١٩٩٤یشەوە لە زانستگەی ئوترێختی هۆڵاند مامۆستای زمانانی کوردی و تورکییە. برونەسین بەرهەمێکی یەکجار زۆری زانستیی لەبارەی کورد و کوردستانەوە نووسیوە، کە ڕەنگە ناودارترینیان کتێبی "*ئاغا و شێخ و دەوڵەت* *Agha, Sheikh and State*" بێت.

**ئوسامە بین لادن:** ئوسامەی کوڕی محەمەدی کوڕی عەوەزی بین لادن، لە ١٠-٣-١٩٥٧، لە ڕیاز، عەرەبستانی سەعوودی، لە دایک بووە. ئوسامە لەناو خێزانێکی دەوڵەمەنددا گەورە بووە. باوکی لە بواری خانووبەرەدا کاری کردووە و دۆستایەتی و پێوەندیی نزیکی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایانی سەعوودیدا هەبوو.

محەمەد بین لادن ٢٢ ژنی هێناوە و ٥٤ منداڵی هەبووە. ئوسامە، دوای جیابوونەوەی باوک و دایکی، لەگەڵ دایکی و زڕبرا و خوشکەکانیدا ژیاوە. کۆلێژی ئەندازیاریی تەواو کردووە و دواتریش کۆلێژی ئابووریی تەواو کردووە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەم ژنی هێناوە و دواتر چوار ژنی دیکەی هێناوە و دەگوترێت کە ٢٤ منداڵی هەیە. لە کاتێکدا خوێندکاری زانستگە بوو، یەکیک لە مامۆستاکانی، عەبدوڵلا یووسف عەززام، لە ڕووی فکرەوە کاری تێ کردبوو.

ئوسامە بین لادن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا چووە ئەفغانستان و گرۆی موجاهیدینی دامەزراند بۆ شەڕی داگیرکارانی سۆڤییێتی و ئەمەریکایش کۆمەکی پێ دەدا. دواتر ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی دامەزراند. بین لادن لەلایەن ڕۆژاواوە بە تێرۆریست و دوژمنێکی گەورە دادەنرێت و زۆربەی ئەو تەقینەوە و وێرانکارییانەی دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا (و بەتایبەت ئەمەریکا) ڕوو دەدەن بە کاری ئەو و ڕێکخراوی قاعیدەی دەزانن. بەڵام خەڵکانێکی زۆریش لە جیهاندا هەن کە بین لادن بە شۆڕشگێڕ و ڕێبەر و جیهادکارێکی گەورە دەژمێرن و پشتیوانیی دەکەن.

## پ

**پۆستکۆلۆنیالیزم** [Postcolonialism]: ئاخاوتەیەکی تایبەتی پۆستمۆدێرنی ڕووناکبیرانەیە، کۆمەڵە تیۆرییەک دەگرێتەوە لەناو تێکست و لاتێکستەکانی فەلسەفە، فیلم، زانستی سیاسەت و ئەدەبدا بەرچاو دەکەون. ئەم تیۆرییانە کاردانەوەی کەلەپووری فەرهەنگیی کۆلۆنیالیزمن.

وەک تیۆرییەکی ئەدەبی (یا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە)، لەگەڵ ئەو ئەدەبەدا خەریک دەبێت کە لەو وڵاتانەدا بەرهەم دەهێنرێت، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆلۆنیی وڵاتانی دیکە بوون، بە تایبەت هێزی کۆلۆنیالیی ئەوروپایی وەک بریتانیا، فرانسا و سپانیا؛ لە هەندێ پێوەستدا، هەندێ وڵاتی دیکەیش دەگرێتەوە کە هێشتا لە حاڵی کۆلۆنیبووندایە. هەروەها لەگەڵ ئەو ئەدەبەیشدا خەریک دەبێت کە لە وڵاتانی کۆلۆنیالدا و لە لایەن هاووڵاتییانی ئەو وڵاتانەوە دەنووسرێت و خەڵکی کۆلۆنیکراوی کردووەتە مادەی بابەتەکەی. خەڵکانی کۆلۆنیکراو، بە تایبەت هیی ئیمپراتۆریی بریتانیا، کە لە زانستگەکانی بریتانیا خوێندوویانە، چونکە بۆ خوێندن هەر ئەو دەرفەتەیان هەبووە، ڕەخنەیەکی تازەیان داهێنا، کە زیاتر ئەدەبی بوو، بەتایبەتیش بە شێوەی ڕۆمان. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییێت لە دواسالانی سەدەی بیستەمدا، کۆمارەکانی جارانی سۆڤییێتیش بوون بە بابەتی ئەم

جۆره لێکۆڵینەوەیە. کتێبی "ڕۆژهەڵاتناسی"ی ئیدوارد سەعید بە کارێکی بنەڕەتی دادەنرێت لەم بوارەدا.

**پێنتاگۆن** [The Pentagon]: ناوی بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایە و لە ناوچەی ئارلینگتۆنی هەرێمی ڤیرجینیایە. ناوەکە وەک نیشانەیەک لەجێی هێزی لەشکر و وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا بە کار دەبرێت، نەک بارەگا و خانووەکە خۆی. ساختمانی پێنتاگۆن، کە وەک کۆمەڵە خانوویەکی پێنجگۆشە ناسراوە، لەلایەن ئەندازیاری ئەمەریکی جۆرج بێرگسترۆمەوە (١٨٧٦-١٩٥٥)نەخشەی کێشراوە و ساڵی ١٩٤٣ دروست کراوە. لە خانووەکانی پێنتاگۆندا نزیکەی ٢٣٠٠٠ کارمەندی عەسکەری و مەدەنی و نزیکەی ٣٠٠٠ کەسی یاریدەری ناعەسکەری کار دەکەن. ساختمانەکە لە پێنج نهۆمی سەرزەوی و دوو نهۆمی بنەڕەتیش پێک هاتووە. ڕۆژی ١١-٩-٢٠٠١، فڕۆکەیەکی فڕێنراوی ئەمەریکی خۆی کێشا بە لای خۆراوای پێنتاگۆندا و بوو بە هۆی کوشتنی ١٢٥ کەس.

## ت

**تالیبان:** لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەکە بە زمانی پەشتۆ واتە "خوێندکاران" و لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی پەشتۆوە. بزووتنەوەیەکی موسڵمانی سوننی، بە ڕادەی

یەکەم پەشتوون و سەختگر و دیندار بوون، کە لە ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١دا حوکمی ئەفغانستانیان دەکرد و سەرکردەکانیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانیی باکوور و ناتۆوە لە دەستەڵات دوور خرانەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە دیسان خۆیان ڕێک خستەوە و بە شێوەی پێشمەرگایەتی دژی حوکوومەتی ئێستای ئەفغانستان و و پاکستان و هێزەکانی ناتۆ دەجەنگن، لەناو ئەفغانستان و لە ناوچەکانی خێڵەکانی سەرسنووری پاکستان.

سەرۆکی بزووتنەوەی تالیبان مەلا موحەممەد عومەرە. پێکهاتەی هێزەکانی مەلا عومەر لە بنەڕەتدا فەرماندەری یەکەی بچووکی سەربازی و مامۆستاکانی مەدرەسە و پەنابەرانی ئەفغانی بوون کە لە پاکستان و خویندنگە ئیسلامییەکاندا دەیانخوێند. بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی تالیبان پەشتوونەکانی باشووری ئەفغانستان و ڕۆژاوای پاکستان بوون، هەروەهایش ژمارەیەکی کەمی کەسانی خۆبەخشی خەڵکی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سۆڤییێتی جاران.

ئەگەرچی بزووتنەوەی تالیبان لە ماوەی پێنج ساڵدا کابوڵی پایتەخت و بەشی هەرە زۆری ئەفغانستانی بە دەستەوە بوو و "ئەمارەتی ئیسلامیی ئەفغانستان"یان دامەزراندبوو، لە ڕووی دیپلۆماسییەوە تەنیا سێ دەوڵەت بە ڕەسمی ناسییان؛ پاکستان، عەرەبستانی سەعوودی و ئەمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب.

لە ڕاگەیاندنی وڵاتانی ڕۆژاوادا بە تایبەت زۆر دژی ئەوەن کە تالیبان شەریعەتی ئیسلامیان بە شێوەیەکی زۆر سەختگرانە

تەفسیر کردووە و توندوتیژییەکی بێسنووریان بەرانبەر ژن بە کار بردووە.

**شەمسی تەبریزی** [شەمس ئەلدین موحەممەد] (ساڵی ١٢٤٨ مردووە): سۆفییەکی ئێرانی بوو، لە شاری تەورێز (تەبریز)ی ئازەربایجانی ئێران لە دایک بووبوو. شەمس بوو بە هۆی ئەوەی کە مەولانا جەلوددینی ڕۆمی ئاشنایەتی لەگەڵ تەسەووفدا پەیدا بکات. مەولانایش دیوانێکی گەورەی بۆ پەسنی شەمس تەرخان کرد (دیوانی شەمسی تەبریزی). شەمس ساڵانێکی دوورودرێژ لەگەڵ مەولانا لە شاری کۆنیا (ئێستا لە تورکیایە) ژیا. ماوەیەکیش لە دیمەشق ژیاوە.
بە قسەی یەکێک لە دۆستانی مەولانای ڕۆمی، شەمس کوڕی ئیمام عەلائوددین بووە، لە تەورێز خوێندوویەتی و موریدی بابا کەمالوددین جومدی بووە. پێش ئەوەی مەولانا ببینێت، بە شاران و وڵاتاندا گەڕاوە، کەمەربەند (یا پشتێن)ی چنیوە و فرۆشتوویەتی و بەوە ژیاوە. لەبارەی ئاشنایەتیی شەمس و مەولاناوە، هەروەهایش لەبارەی مردنی شەمسەوە، گەلێ چیرۆک دەگێڕدرێتەوە. (مەقالاتی شەمسی تەبریزی) ناوی بەرهەمێکی ناوداری شەمسە، کە بە پەخشان نووسراوە و وا پێ دەچێت لە دواساڵانی ژیانیدا نووسیبێتی، چونکە باسی پیریی خۆی دەکات.

**تەوەری بەدکاری/تەوەری خراپە** [Axis of evil]: زاراوەیەکە سەرۆکی جارانی ئەمەریکا جۆرج و. بوش دایهێنا و یەکەم جار لە وتاری ساڵانەی خۆیدا، لە ٣٠-١-٢٠٠٢دا، بە کاری هێنا و مەبەستی ئەو وڵاتانە بوو کە یارمەتیی تێرۆریزم دەدەن و چەکی کۆمەڵکوژ پەیدا دەکەن. بوش لەو وتارەدا ناوی ئێران و عیراق و کۆریای باکووری هێنا. لە ٦-٥-٢٠٠٢دا، ناوی سێ دەوڵەتی دیکە: سووریا، لیبیا و کووبا، خرایە سەر لیستەکەی پێشوو.

## ج

**جامی** [نوورەددین عەبدورڕەحمان جامی] (١٨-٨-١٤١٤ تا ١٩-١١-١٤٩٢): یەکێکە لە شاعیر و سۆفییە گەورەکانی ئێران لە سەدەی پانزدەیەمیندا. لە دێی جام، لە ناوچەی خۆراسانی ئەو کاتەی ئێران، کە ئێستا بەشێکە لە ئەفغانستان، لە دایک بووە، بەڵام چەند ساڵێک دواتر باریان کردووە بۆ هێرات و لەوێ خوێندوویەتی. بۆ خوێندن چووەتە سەمەرقەندیش. لە تەسەووفدا سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە. جامی نزیکەی هەشتاوحەوت کتێب و نامیلکەی نووسیوە، لەوانە: ١. بەهارستان؛ ٢. نەفەحات ئەلئونس (بەرامەی هاونشینی) کە ژیننامەی سۆفییانە؛ ٣. هەفت ئەورەنگ (حەوت تەختی شایی)؛ ٤. لەوائیح؛ ٥. دیوان.

**مەلای جەزیری** [شێخ ئەحمەدی جەزیری]: شاعیر و سۆفییەکی ناوداری کلاسیکی کوردە، ساڵی ١٥٧٠ لە دایک بووە و ساڵی ١٦٤٠ لە جەزیرە، کوردستانی تورکیا، کۆچی کردووە و نێژراوە. وا باوەڕ دەکرێ لە سەردەمی میر شەرەفخانی کوڕی عەبدال خاندا ژیابێت و دۆستێکی نزیکی بنەماڵەی میرانی جەزیرە بووبێت. جەزیری دیوانێکی لە پاش بە جێ ماوە و بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی بۆ بابەتی تەسەووف تەرخان کراون. دوو موکالەمە (گوتوبێژی شیعری)ی هەیە لەگەڵ میر عیمادوددین و فەقێی تەیراندا. دیوانی جەزیری تا ئێستا نزیکەی دە جار چاپ کراوە.

## چ

**نوعام چۆمسکی** [Avram Noam Chomsky] (لەدایکبووی ٧-١٢-١٩٢٨): زمانەوان، فیلۆسۆف، چالاککاری سیاسی، نووسەر و دەرسبێژێکی ناوداری جوولەکەی ئەمەریکییە. لە بواری ئەکادیمی و زانستیدا بە باوکی زمانەوانیی تازە دادەنرێ. لە ١٩٦٠ەکانەوە زیاتر وەک دژکارێکی سیاسی، ئەنارکیست، ئەنارکۆ ـ سیندیکالیست، ڕووناکبیرێکی سۆسیالیست و ئازادیخواز ناسراوە. چۆمسکی لە هەڵوێستی سیاسیدا زۆر دژی سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

له شەستەکاندا دژی شەڕی ئەمەریکا له ڤییێتنام ڕاوەستا و دواتریش دژی پشتگیریی ئەمەریکا له ڕێژیمه دیکتاتۆرەکانی ئەمەریکای لاتینی. چۆمسکی تا ئێستا نزیکەی ٤٠ کتێبی له بواری زمانەوانی و ٨٠ کتێبی له بواری بیر و فەلسەفەی سیاسیدا بڵاو کردوونەوە.

## ح

**تاها حوسەین:** ڕووناکبیر و نووسەرێکی گەورەی میسره، له ١٨-١١-١٨٨٩ دا، له گوندی عیزبەت ئەلکیلوو، له میسر له دایک بووه و ٢٨-١٠-١٩٧٣ مردووه. له سەرەتادا له زانستگەی (ئەلئەزهەر) خوێندوویەتی و دواتر له فرانسا خوێندنی باڵای تەواو کردووه و هەر لەوێ (سوزان)ی ناسی، که بوو به هاوسەری و هاوکارێکی گەورەیشی له هوموو ژیانیدا. تاها حوسەین له تەمەنی سێ ساڵاندا هەردوو چاوی له دەست داوه. ساڵی ١٩٢٠، کتێبی (فی الشعر الجاهلی) بڵاو کردەوه که تێیدا گومانی ئەوەی کردووه که ڕەنگه شیعری کۆنی پێش ئیسلام ڕەسەن نەبن و دواتر نووسرابێتن. ئەم کتێبه بوو به هۆی کێشەیەکی فکری و سیاسیی گەوره له میسردا، چونکه ناڕاستەوخۆ گومانی له قورئانیش کردبوو. حوسەین دەیان کتێبی ئەدەبی و مێژوویی و زانستیی نووسیون، ڕەنگه له هەمووی ناودارتر بیرەوەرییەکانی خۆی بێت (الأيام: ڕۆژان).

حوسەین سالآنێک سەرۆکی زانستگەی قاهیرە بوو. ساڵی ١٩٥٠ کرا بە وەزیری خوێندن (پەروردە) و نەخشێکی یەکجار گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و تازەکردنەوەی سیستێمی خوێندن لە میسردا.

## خ

**ئەحمەدی خانی** (١٦٥١–١٧٠٧): شاعیر و سۆفی و زانایەکی ناسراوی کوردە. لە ناوچەی بایەزید لە دایک بووە و بەشێکی ژیانی لە جەزیرە بردووەتە سەر. خانی سێ بەرهەمی بە جێ هێشتوون: ١. مەم و زین: داستانێکی دڵدارییە، بێجگە لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە خانی بیر و باوەڕە فکری و فەلسەفی و سۆفی سیاسییەکانی خۆی تێدا دەربڕیوە. ئەو بیرانەی لە سەرەتای مەم و زیندا نووسیونی بە سەرەتا و بنەڕەتی بیری کوردایەتی دادەنرێن و بەو پێیەیش خانی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دەژمێردرێت؛ ٢. نووبارا بچووکان: فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە بە شیعر دایناوە؛ ٣. عەقیدا ئیمان: ڕوونکردنەوەی بنەماکانی ئیسلامە.

## د

**دایاکرۆنیک** [Diachronic]: پێوەستە بە، یا خەریک دەبێت لەگەڵ ئەو دیاردانەدا (بۆ نموونە زمان یا فەرهەنگ) کە لە ماوەی

قۆناخێکدا ڕوو دەدەن یا دەگۆڕێن. گۆڕان و ڕوودان بە تێپەڕینی کات.

## ڕ

**ڕابوردووبینانە** [Retrospectively]: تەماشاکردن و بیرکردنەوە و ئاراستەکردن بەرەو ڕابوردوو. خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی باری ئێستا بە پێداچوونەوەی پاشخانی ڕابوردوو، بە ئامانجی لێکدانەوەی ئێستا.

**سەلمان ڕوشدی [**Sir Ahmed Salman Rushdie**]**: ١٩-٦-١٩٤٧ لە بۆمبەی (ئێستا پێی دەگوترێت مومبای)، لە هیندستان لە دایک بووە. ڕۆماننووس و وتارنووسێکی بریتانی هیندییە. یەکەم جار بە هۆی ڕۆمانی دووەمیەوە: *Midnight's Children* (منداڵانی نیوەشەو)، ١٩٨١، ناوی دەرکرد. ڕۆمانی چوارەمی: *The Satanic Verses* (ئایەتە شەیتانییەکان)، ١٩٨٨، بوو بە ناوەڕۆکی ناکۆکی و هەرایەکی یەکجار گەورە، کاتێ موسڵمانان لە سەرتاسەری دنیادا ناڕەزاییان دەربڕی دژی ڕوشدی و هەڕەشەی کوشتنی لێ کرا، چونکە لەو ڕۆمانەدا سووکایەتی بە پەیامبەری ئیسلام و بنەماکانی دینی ئیسلامی کراوە. لە شوباتی ١٩٨٩دا، ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی، ڕێبەری ئەوکاتی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، فەتوایەکی دژی ڕوشدی دەرکرد. ڕوشدی ماوەی دە ساڵ

به نهێنی دەژیا و خۆی دەرنەدەخست. ڕوشدی کۆمەڵێ خەڵات و مەدالیای لەلایەن فرانسا و بریتانیا و ئەمەریکاوە پێ بەخشرا. سەلمان ڕوشدی، کە تا ئێستا چوار ژنی هێناوە و لە هەموویشیان جیا بووەتەوە، نزیکەی بیست کتێبی بڵاو کردوونەوە، زۆربەیان ڕۆمانن.

**مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی** (١٢٠٧-١٢٧٣): شاعیر و فەیلەسووف و سۆفییەکی ناسراوی زمانی فارسییە. لە (بەڵخ)ی ئەفغانستانی ئێستا لە دایک بووە. کە مەغۆلەکان ئەوێیان داگیر کرد، بەهائوددین وەلەدی باوکی بەماڵەوە کۆچی کرد، تا لە شاری کۆنیەی تورکیا گیرسانەوە. ڕووداوی هەرە گرنگ لە ژیانی مەولانادا ئاشنایەتی و ناسینی شەمسی تەبریزی بووە کە ژیانی لە بنەڕەتەوە گۆڕی و خستیە سەر ڕێگەی تەسەووف. مەولانا، وەک ڕینۆڵد نیکۆلسۆن دەڵێ، گەورەترین شاعیری سۆفییە لە هەموو جیهاندا و لە هەموو دەور و زەمانێکدا.
مەولانای ڕۆمی دوو جار ژنی هێناوە. ژنی یەکەمی گەوهەر خانم بوو، کە دوو کوڕی لێی بووە؛ سوڵتان وەلەد و عەلائەددین موحەممەد. دەگوترێ کە عەلائەددین دەستی هەبووە لە کوشتنی شەمسی تەبریزیدا. ژنی دووەمی مەولانا، کەیرا خاتوون، مەسیحی بوو. لەم خانمە کوڕ و کچێکی هەبوو: موزەففەروددین عەلەم و مەلیکە خاتوون. دوای کۆچی مەولانا، سوڵتان وەلەدی کوڕی تەریقەتی (مەولەوییە)ی دامەزراند. مەولانا لە دوای خۆی

"دیوانی شەمسی تەبریزی"، "مەسنەویی مەعنەوی" و "فیهی ما فیهی"ی بە جێ هێشتووە. زۆربەی شیعرەکانی مەولانا تەرجەمەی دەیان زمانی دنیا کراون.

**ڕێترۆئاکتیڤ** [Retroactive]: واتە ڕابوردووگرەوە. بڕیارێک، بیرکردنەوەیەک یا قانوونێک کە کارکردەکەی لە کاتێکی دیاریکراوی ڕابوردووەوە دەست پێ دەکات.

**ڕیالپۆلیتیک** [ڕەیالْپۆلێتیک Realpolitik]: وشەکە لە بنەڕەتدا ئەڵمانییە و لە ساڵی ١٩١٤دا پەیدا بووە. ئەو سیاسەتەیە کە لەسەر ڕاستییە پراکتیکی و ماددییەکان دادەمەزرێنرێت، نەک لەسەر ئامانجە تیۆری و ئەخلاقییەکان. سیاسەتێکی فراوانخوازانەی نەتەوایەتییە، تاکە بنەمایەک کە هەیەتی، پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیە.

## ز

**فەرید زەکەرییا** [Fareed Rafiq Zakaria]: لە ٢٠-١-١٩٦٤دا لە مومبای، هیندستان، لە خێزانێکی موسڵماندا لە دایک بووە. ڕەفیق زەکەرییای باوکی سیاسەتمەدارێکی سەر بە کۆنگرێسی نیشتمانیی هیندستان بوو، دایکیشی، فاتیمە، ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تایمس ئۆف ئیندیا" بوو. زەکەرییا لە

زانستگەکانی یەیڵ و هارڤارد، ئەمەریکا، زانستی سیاسەتی خوێندووە و قوتابیی ساموئیل هەنتینگتۆن بووە. زەکەرییا ئێستا وەک نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاسەتزانێکی شارەزا ناسراوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە هەرە گەورە و ناودارەکانی دنیادا دەنووسێت. زەکەرییا کۆمەڵێ کتێبی نووسیوە، لە هەموویان بەناوبانگتر: *داهاتووی ئازادی* *The Future of Freedom* (٢٠٠٣) و *جیهانی پاشئەمەریکا* The Post-American World (٢٠٠٨)ن.

## س

**بریتنی سپیرس** [Britney Jean Spears] (لەدایکبووی ٢-١٢-١٩٨١): گۆرانیبێژ و سەماکارێکی ئەمەریکییە. سپیرس هەشتەمین هونەرمەندی ژنە کە لە ئەمەریکا زۆرترین ئەلبوومی فرۆشتووە: ٣٢ میلیۆن. تا نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ لە سەرتاسەری دنیادا ٨٣ میلیۆن دانە لە ئەلبوومەکانی فرۆشراون. لەم ساڵانەی دواییدا بەوە ناسراوە کە لە کاتی سەماکردندا خۆی ڕووت دەکاتەوە و خۆنواندنی سێکسئامێز پێشکەش دەکات.

**ستیریۆتایپ** [Stereotype]: دەستەواژەیەکە کە هەموو ئەندامانی چینێک یا دەستەیەک دەگرێتەوە. ئەم تێرمە بە گشتی واتایەکی نەرێیانەی هەیە کاتێ بە مەبەستی سادەکردنەوە، یا زێدەڕۆیی یا ڕوانینێکی نزمبینانە بە کار دەبرێت؛ کە گوایە تاکەکەسێک هەر

ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە چینەکەی هەیەتی، هەر لەبەر ئەوەی ئەم ئەندامێکی ئەو چینەیە. ستیریۆتایپ لەوەیە بە کار ببرێت بۆ ئینکارکردنی ڕێز یا شەرعییەتی تاکەکەس لەبەر ئەوەی ئەندامی گرۆیەکن. ستیریۆتایپ زۆرجار دەبێتە بناخەی پێشبڕیار و بە کار دەبرێت بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی ڕاست یا خەیاڵکرد، بە هۆی ڕەگەز، جنس، دین، نەتەوە، چینی ئابووری و کۆمەڵایەتی، سەقەتی، پیشە و شتی دیکەوە. وشەکە لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە: ستێریۆس، واتە "ڕەق، قایم، چەسپیو" و توپۆس، واتە "وێنە، نیشانەیەکی هەڵکۆڵراو". وشەی ستیرۆتایپ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩٨دا پەیدا بوو.

**ئیدوارد سەعید** [ئیدوارد وەدیع سەعید Edward W. Said]: ١-١١-١٩٣٥ لە قودس، فەلەستین، لە خێزانێکی عەرەبی مەسیحیی پرۆتێستانتدا لە دایک بووە. تیۆریستێکی ئەدەبییات و ڕەخنەگرێکی فەرهەنگی و فەیلەسووف و بیریارێکی فەلەستینی ئەمەریکی بوو. دامەزرێنەری تیۆریی پۆستکۆلۆنیالیزم بوو. سەعید پرۆفێسۆری زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی بەراوردکاری بوو لە زانستگەی کۆلومبیا. سەعید خۆی وەک "مەسیحییەکی بە فەرهەنگی ئیسلامی پێچراوە" باس دەکرد و پارێزەرێکی دڵگەرمی گەلی فەلەستینی بوو. ناودارترین کتێبی ئیدوارد سەعید "ڕۆژهەڵاتناسی (*Orientalism*)ـە. سەعید ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠٠٣ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە نەخۆشیی شیرپەنجەی خوێن کۆچی کرد.

**سۆکرات** [سۆکراتێس] (٤٦٩ی پێش مەسیح تا ٣٩٩ی پێش مەسیح): فیلۆسۆفێکی کلاسیکی یۆنانییە و بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژاوا دادەنرێت. سۆکرات زیاتر بە هۆی بەرهەمی شاگردەکانیەوە ناسراوە، ئەگەرنا هیچ بەرهەمێکی خۆیمان لە بەردەستدا نییە. دیالۆگەکانی پلاتۆ (ئەفلاتوون) سەرچاوەی گرنگن کە دەنگوباس و بیرەکانی سۆکراتیان پاراستووە. سۆکرات بەوە تاوانبار کرا کە باوەڕی بەو خوادایانە نییە کە دەوڵەتی ئەتێن بڕیاری پیرۆزبوونیانی داوە و لاوەکان فریو دەدات. دادگای ئەتێن بڕیاری کوشتنی سۆکراتی دەرکرد و ناچاریان کرد پەرداخێک ژار (زەهر) بخواتەوە.

**سی ئای ئەی** [CIA: The Central Intelligence Agency]: دەستگای ناوەندیی زانیاری و هەواڵگریی [جاسووسیی] وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، ساڵی ١٩٤٧ بە فەرمانی سەرۆکی ئەوکات هاری ترومان دامەزراوە. یەکێکە لە گەورەترین و کاراترین دەستگا جاسووسییەکانی جیهان.

**سینکرۆنیک** [Synchronic]: ئەوەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات. ئێمە کە لە دیاردەیەک ورد دەبینەوە، دوو ڕێگەی بنەڕەتی هەن بۆ ئەم تەماشاکردنە: وەک هەیە لە کاتێکی تایبەت

و دیاریکراودا (لێکۆڵینەوەی سینکرۆنیک) یا بەو جۆرەی کە گەشە دەکات و دەگۆڕێت بە تێپەڕینی کات (لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنیک).

## ش

**مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری** (١٧٧٩–١٨٢٧): ڕێبەرێکی کوردی ناوداری ڕێبازی خالیدی موجەددیدیی تەریقەتی نەقشبەندییە. تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵلاهـ دیهلەوی، کە بە شاهـ غولام عەلی ناسراوە، (ساڵی ١٨٢٤ مردووە)، وەرگرتووە. دوای ساڵێک مانەوە لە دەلهی، ساڵی ١٨١١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و دەستی کردە بڵاوکردنەوەی تەریقەت. خەڵکێکی یەکجار زۆر، تەنانەت هەندێک لە ئەمیرەکانی بابان، بوون بە موریدی مەولانا. بە هۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ ڕێبەرانی تەریقەتی قادری و لەگەڵ هەندێ لە میرانی باباندا، مەولانا سلێمانیی بە جێ هێشت و ساڵانێکی لە بەغداد بردە سەر. ئەگەرچی جارێک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و چەند هاوینێکیشی لە ناوچەی هەورامان بردووەتە سەر، بەڵام دوایی لە ساڵی ١٨٢٢دا بە یەکجاری ڕووی کردە شام (دیمەشق) و تا کۆچی دوایی لەوێ ژیا. مەولانا ئەگەرچی زۆر کەم ژیا و تەنیا شانزدە ساڵ ڕێبەرایەتیی تەریقەتی کرد، بەڵام ئەو لقەی نەقشبەندی، کە ئێستا بە نەقشبەندی موجەددیدی خالیدی

ناسراوە، هەر زوو بە بەشێکی زۆری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێ ناوچەی باڵکان، ئاسیای ناوەڕاست، چین، ئیندۆنیسیا و باشووری ئافریقادا بڵاو بووەوە. مەولانا بێجگە لە دیوانێکی شیعری فارسی و کوردی، کۆمەڵێ کتێب و نامیلکە و وتاریشی نووسیوە.

**شەڕی سارد** [The Cold War]: ئەو باری گرژی و ناکۆکییە بوو کە لەنێوان یەکێتیی سۆڤییت و هاوپەیمانەکانی لە لایەک و دەستەڵاتەکانی جیهانی ڕۆژاوا بە سەرکردایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە، دوای شەڕی دووەمی گێتیگر بەردەوام بوو، لە ناوەڕاستی ١٩٤٠ەکانەوە تا سەرەتای ١٩٩٠ەکان. لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا، بە دامەزرانی میخائیل گۆرباچۆڤ وەک سەرۆکی سۆڤییێت، چاکسازیی پرێسترۆیکا و گلاسنۆسی پێشکەش کرد. لە ١٩٩١دا یەکێتیی سۆڤییێت هەڵوەشایەوە و وڵاتە یەکگرتووەکان وەک تاکە هێزی سەربازیی سەردەست مایەوە.

**حافزی شیرازی** [خواجە شەمسوددین موحەممەد حافزی شیرازی] (١٣١٥–١٣٩٠): شاعیری هەرە ناسراوی فارسە. بابەتی سەرەکیی غەزەلەکانی عیشق و مەیخۆری و مەستییە، ئەگەرچی زۆر لە لێکۆڵەرەوان ئەمانە وەک سیمبۆڵ و نیشانەی تەسەووف لێک دەدەنەوە. دیوانی حافز یەکێکە لە کتێبە هەرە

خۆشەویستەکان لای ئێرانییەکان. شیعرەکانی حافز تەرجەمە کراون بۆ بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهان و هەزاران لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسراوە.

**ئانماری شیمەل** [Annemarie Schimmel] (٧-٤-١٩٢٢ تا ٢٦-١-٢٠٠٣): زانا و ڕۆژهەڵاتناس، ئیسلامناس و تەسەووفناسێکی ناودار و کاریگەری ئاڵمانی بوو. لە تەمەنی نۆزدە ساڵاندا پلەی دۆکتۆرای لە زمان و شارستانەتییە ئیسلامییەکاندا، لە زانستگەی بەرلین وەرگرت و لە تەمەنی ٢٣ ساڵاندا بوو بە پرۆفیێسۆری عەرەبی و ئیسلامناسی لە زانستگەی ماربورگ و هەر لەو زانستگەیەیش پلەیەکی دیکەی دۆکتۆرای لە مێژووی دینەکاندا وەرگرت. ساڵی ١٩٥٤ وەک پرۆفیێسۆر لە زانستگەی ئانکارا، تورکیا، دامەزرا و ماوەی پێنج ساڵ تێدا مایەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئاشنایەتییەکی قووڵ لەگەڵ ئیسلام و تەسەووفدا. دواتر وەک پرۆفیێسۆر لە چەند زانستگەی ناوداری ئەڵمانیا و ئەمەریکادا کاری کردووە. شیمەل نزیکەی سەد کتێبی لەبارەی فەرهەنگ و ئەدەب و تەسەووفی ئیسلامییەوە نووسیوە و شیعری لە زمانانی ئوردو، سیندی، فارسی، عەرەبی و تورکییەوە تەرجەمەی ئینگلیزی و ئاڵمانی کردووە. پرۆفیێسۆر شیمەل دەیان خەڵاتی گەورە و بەنرخی جیهانیی لەبەر کارە زانستییەکانی وەرگرتووە و هێشتا لە ژیاندا بوو کە لە پاکستان شەقامێکیان بە ناوی شیمەلەوە ناو نابوو. پرۆفیێسۆر شیمەل

بەشێکی زۆری کارەکانی خۆی بۆ ژیان و شیعر و باوەڕەکانی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی تەرخان کردبوو.

# ف

**ئۆریانا فالّلاچی** [Oriana Fallaci] (٢٩-٦-١٩٢٩ تا ١٥-٩-٢٠٠٦): ژنێکی ڕۆژنامەوان و نووسەری ئیتالیایی بوو. لە کاری ڕۆژنامەگەریدا زیاتر بەوە ناسرا کە دیداری لەگەڵ کۆمەڵێک لە سەرکردە هەرە ناودارەکانی دنیادا کرد. دوای ئەوەی ماڵنشین بوو، جارێکی دیکە بەوە ناوی هاتەوە ناوانەوە کە کۆمەڵێ وتار و کتێبی دژی ئیسلام و عەرەب نووسی؛ لەناو هێزە ڕاسترۆ و ڕەگەزپەرستەکانی ئەوروپادا پێشوازیی لێ کرا، بەڵام لەناو ڕووناکبیرانی مرۆڤدۆست و ئەکادێمیکاران و لاوان و هێزە دیمۆکرات و چەپەکاندا دژی ڕاوەستان و بە ڕەگەزپەرستی و ئیسلامۆفۆبیا تاوانبار کرا.

**فرانسیس فوکویاما** [Yoshihiro Francis Fukuyama]: لە باوکێکی جاپانی ئەمەریکی و دایکێکی جاپانی، لە شیکاگۆ، ڕۆژی ٢٧-١٠-١٩٥٢، لە دایک بووە. فەیلەسووف و ئابووریناسی سیاسی و پرۆفێسۆر و نووسەرێکی ئەمەریکییە. ناودارترین کتێبی فوکویاما " کۆتاییی مێژوو و دوا مرۆڤ *The End of History and the Last Man*"ـە. فوکویاما پێی وایە کە پێشکەوتنی مێژووی

مرۆڤایەتی بە هۆی شەڕی نێوان ئیدیۆلۆگییەکانەوە، دوای بڕانەوەی شەڕی سارد و ڕمانی دیواری بەرلین، گەیشتە کۆتایی و ئیدی مرۆڤایەتی لەسەر بیروباوەڕی دیمۆکراسیی لیبڕال دەگیرسێتەوە. فوکویاما یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بیری "دۆکترینی ڕیگان" و "نیوکۆنسێرڤاتیزم". یەکێک بوو لە دڵگەرمترین هاندەرانی جۆرج و. بوش بۆ لێدانی بین لادن و ڕووخاندنی ڕێژیمی سەددام حوسەین. لە دوای ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ ەوە لە بەشێک لە باوەڕەکانی جارانی پەشیمان بووەوە و تەنانەت دژی شەڕی عیراقیش ڕاوەستا و پێی وا بوو بوش هەڵەی گەورەی کردووە.

**یۆشکا فیشەر** [Joseph Martin "Joschka" Fischer] یۆسێف مارتین "یۆشکا" فیشەر (لەدایکبووی ١٢ی ئاپریلی ١٩٤٨)، ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٥ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و جێگری ڕاوێژکار بوو لە حوکوومەتی گێرهارد شروێدەردا. یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی پارتی سەوزی ئەڵمانیا و بەپێی ڕاپرسییەک گەلێریترین سیاسەتمەداری ئەڵمانیا بوو لە بەشێکی زۆری ماوەی لەسەرکاربوونی حوکوومەتدا. لە هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠٠٥دا کە شروێدەر دۆڕاندی، فیشەر لە ٢٠٠٥/١١/٢٢دا وەزارەتی بە جێ هێشت.
بنەماڵەکەی فیشەر لە بنەچەدا پشتاوپشت لە هەنگاریا ژیاون، بەڵام کە شەڕی دووەمی گێتیگر بڕایەوە و سۆڤییت هەنگاریای

داگیر کرد، ئەمان وەک زۆربەی بنەماڵە ئەڵمانییەکان ناچار بوون هەنگاریا بە جێ بهێڵن. باوکی فیشەر قەساب بوو. یۆشکا ساڵی ١٩٦٥ وازی لە خوێندن هێنا و بوو بە شاگردی وێنەگر و هەرگیز نەیتوانی لە زانستگە بخوێنێت.
لە بەشێکی زۆری ساڵانی شەست و حەفتاکاندا فیشەر لەگەڵ گرۆ مارکسیست و چەپەکانی ئاڵمانیادا کاری دەکرد و زۆرجار دژی پۆلیسیش شەڕی کردووە، بەڵام دواتر، خۆی دەڵێ، باوەڕی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نەماوە.
دوای وازهێنانی لە وەزارەت، فیشەر وەک مامۆستا لە چەند زانستگەیەکی ئەمەریکا کاری کردووە. فیشەر ساڵی ٢٠٠٥ کچێکی فارسی هێنا: مینوو بەراتی.

## ق

**عەبدولڕەحمان قاسملو** (٢٢-١٢-١٩٣٠ تا ١٣-٧-١٩٨٩): ئەکادێمیکار و سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی کوردی کوردستانی ئێران بوو. لە ورمێ، ئێران، لە دایک بووبوو. ڕێبەر و سەکرەتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو (١٩٧٣ تا ١٩٨٩). لە کاتی گوتوبێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڤییەننای پێتەختی نەمسا (ئوتریش)، لەلایەن ئاژانەکانی ئێرانەوە کوژرا. قاسملو تێزێکی دۆکتۆرای نووسیبوو، *کوردستان و کورد*، کە لە سەرەتای ١٩٧٠کاندا تەرجەمەی

زمانی کوردی کرا. پێشتریش بە چەند زمانی دیکە، لەوانە ئینگلیزی، بڵاو کرابووەوە.

**ئەلقاعیدە** [القاعدة]: بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی فرەنەتەوەییی پەڕگری سوننییە، وا پێ دەچێت لەنێوان مانگی ئاب (ئاوگوست)ی ١٩٨٨ و سەرەتای ١٩٩٠دا دامەزرێنرابێت. ئەلقاعیدە هێرشی کردووەتە سەر گەلێک ئامانجی سیڤیل و عەسکەری لە وڵاتی جۆراوجۆردا، ڕەنگە لە هەموویان دیارتر ڕووداوی ١١ی ئەیلوول (سێپتامبەر)ی ٢٠٠١ بێت. لە ئەنجامدا حوکوومەتی ئەمەریکا هەڵمەتێکی عەسکەری و موخابەراتیی دژی ئەلقاعیدە و گرۆی دیکە دەست پێ کرد و ناوی نا شەڕی دژی تێرۆر. ئێستا کە ساڵی ٢٠٠٩یە وا باوەڕ دەکرێت ئەلقاعیدە ٢٠٠ تا ٣٠٠ ئەندامی هەبێت.

ئامانجی ئەلقاعیدە نەهێشتنی دەستەڵاتی بێگانەیە لە وڵاتانی ئیسلامی و دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامییە. سەرکردەی هەرە ناوداری ئەلقاعیدە ئوسامە بین لادنە و ئەبو ئەیمەن ئەلزەواهیرییش وەک کەسی دووەم باس دەکرێت. ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەلایەن گەلێ لە حوکوومەتانی ڕۆژاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریست دادەنرێت.

# ک

**بیڵ کلینتۆن** [Bill Clinton] (لەدایکبووی ١٩-٨-١٩٤٦): لە ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠١دا سەرکۆماری چلودووەمینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. سێیەمین گەنجترین سەرۆک بوو، چونکە تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت و جۆن ف. کەنەدی گەنجتر بوون کە دەستیان بە کارەکەیان کرد. ژنەکەی، هیلاری ڕۆدام کلینتۆن، ئێستا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایە و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨دا خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید کرد. لە کاتی سەرۆکایەتیدا پێوەندییەکی سێکسیی لەگەڵ کچێکی بیستودوو ساڵانی کارمەندی کۆشکی سپیدا دامەزراندبوو، مۆنیکا لیڤێنسکی. ئەمە بوو بە کەتنێکی گەورە. ساڵی ٢٠٠٤ ژیننامەی خۆی بڵاو کردەوە: *My Life* (ژیانم).

**حامید کەرزەی:** ڕۆژی ٢٤-١٢-١٩٥٧ لە دێی کەرز، لە ناوچەی قەندەهاری باشووری ئەفغانستان لە دایک بووە و سەر بە نەتەوەی پەشتوون و خێڵی پۆپەلزای و تیرەی دوڕانییە. لە ٧-١٢-٢٠٠٤ەوە بوو بەیانزدەهەمین سەرۆکی ئەفغانستان. دوای لابردنی تالیبان لە دەستەڵات، کەرزەی بوو بە سیاسەتمەدارێکی ناسراو. کڵاوی قەرەقول، کە لە سەری دەکات، بووەتە نیشانەیەکی بەناوبانگی سەرۆک کەرزەی.

**بەبرەک کەرمەل** (٦-١-١٩٢٩ تا ٣-١٢-١٩٩٦): سەرکۆماری سێیەمی ئەفغانستان بوو (١٩٧٩-١٩٨٦)، لە سەردەمی

کۆمونیستانەی کۆماری دیمۆکراتی ئەفغانستاندا. لەبەر ئەوەی بە یارمەتیی یەکێتیی سۆڤییت گەیشتە دەستەڵات، نەیتوانی دەستەڵاتێکی پتەو دابمەزرێنیت. ساڵی ١٩٨٦، د. موحەممەد نەجیبوڵڵا جێی گرتەوە. کەرمەل ئەفغانستانی بە جێ هێشت و لە مۆسکۆ دانیشت و هەر لەوێیش ساڵی ١٩٩٦ مرد.

**کۆنگرەی دوربان** [2001 World Conference Against Racism: WCAR]: کۆنفرانسێک بوو لە شاری دوربان، ئافریقای باشوور، لە ٣١-٨-٢٠٠١ەوە تا ٨-٩-٢٠٠١ لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکاندا بە ڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە گەلێ بابەتی دەمەتەقێهەڵسێنی تاووتوێ کرد، لەوانە قەرەبووکردنەوەی کۆیلایەتی و کردارەکانی ئیسرائیل. لەبەر ئەوەی لە پرۆگرامی کۆنفرانسەکە و لە بەیاننامەی کۆتاییدا ڕەخنە لە ئیسرائیل گیرابوو، دوو نێردەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل کشانەوە، بەو بیانووەی کە کۆنفرانسەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەنتیسێمیتیزم (دژایەتیی جوولەکە) ڕێک خراوە. ئەگەرچی لە بەیاننامەی کۆتایی و بەرنامەی کاردا ئەو تێکستەی کە ئەمەریکا و ئیسرائیل دژی بوون گۆڕدرا، بەڵام دیسانیش کۆنفرانسەکە نەگەیشتە ئەنجامێک.

**کۆنفوشیانیزم** [Confucianism]: سیستەمێکی ئەخلاقی و فەلسەفیی چینییە کە لە ئامۆژگاری و بیرەکانی فیلۆسۆفی چینی

کۆنفۆشیۆس (٥٥١-٤٧٩ی پێش مەسیح)ەوە پەیدا بووە و گەشەی کردووە. چەقی باوەڕەکە ڕەوشتی مرۆڤانە و کرداری ڕاست و دروستە. سیستەمێکی ئاڵۆزی ڕەوشت و بیری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفی و شێوەدینییە کە کارکردێکی گەورە و قووڵی لە فەرهەنگ و مێژووی ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا هەبووە. ئەو فەرهەنگ و وڵاتانەی کارکردێکی زۆری کۆنفۆشیانیزمیان لەسەرە، چین، ژاپۆن، کۆریا، تایوان و ڤییێتنامن، هەروەهایش ناوچەی جۆراوجۆر کە دانیشتووانی بە زۆری چینین، وەک سینگاپۆر.

**پاولۆ کۆیلۆ** [Paulo Coelho]: لە٢٤-٨-١٩٤٧دا لە ڕیۆ دی خانیرۆ، برازیل، لە دایک بووە. چیرۆکنووسێکی ناسراوی برازیلییە. لە تەمەنی لاوێتیدا بڕیاری دابوو ببێتە نووسەر، بەڵام دواتر بیری گۆڕی. ساڵێک لە زانستگە قانوونی خوێند و پاشان وازی لێ هێنا و وەک هیپپییەک ژیا؛ بە سەفەر چوو بۆ وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی، باکووری ئافریقا، مەکسیک و ئەورووپا. هەر ئەو دەمەیش تووشی بەکارهێنانی بەنگ و حەشیش بوو. کە گەڕایەوە بۆ برازیل دەستی کردە نووسینی شیعری گۆرانی. ساڵی ١٩٧٤ گیرا و تووشی ئەشکەنجەیش بوو، چونکە دەستەڵاتی سیاسی پێیان وا بوو بە شیعرەکانی بیروباوەڕی چەپایەتی بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٨٦ بە ڕێگەی سانتیاگۆ دێ کۆمپێستێلادا، لە ئیسپانیا، کە ٥٠٠ میل زیاتر بوو، ڕێپێوانێکی دەست پێ کرد، کە پاشان لە

ڕۆمانی (حەج)دا باسی دەکات. ئەم ڕێپێوانە ژیانی کۆیلۆی بە تەواوی گۆڕی. لێرە بە دواوە کۆیلۆ بڕیاری دا ببێتە نووسەر. ساڵی ١٩٨٧ ڕۆمانی "کیمیاگەر"ی نووسی، کە تا ئێستایش ناودارترین بەرهەمی کۆیلۆیە. کیمیاگەر تا ئەمڕۆ ٦٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و تەرجەمەی ٦٧ زمان کراوە. کۆیلۆ تا ئێستا ٢٦ کتێبی نووسیوە.

**مارتین لوتەر کینگ** [Martin Luther King]: (١٥-١-١٩٢٩ تا ٤-٤-١٩٦٨): چالاککارێکی ئەمەریکی و ڕێبەرێکی گەورەی بزووتنەوەی مافی مەدەنیی ئەمەریکییە ئەفریقییەکان (ڕەشپێستەکان) بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ەوە دەستی بە خەبات کرد دژی قانوونەکانی هەڵاواردنی ڕەگەز لە ئەمەریکا و ساڵی ١٩٥٧ کۆنفرەنسی سەرکردایەتیی مەسیحییەکانی باشووری دامەزراند و خۆی بوو بە یەکەم سەرۆکی. ساڵی ١٩٦٣ ڕێپێوانی بەرەو واشینگتۆنی دەست پێ کرد و لەوێ گوتارە بەناوبانگەکەی "من خەونێکم هەیە"ی پێشکەش کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرگریی لە مافی مرۆڤانەی ڕەشپێستەکان کرد و بوو بە گەورەترین ئاخێوەر لە مێژووی ئەمەریکادا. ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە کینگ بەخشرا و بوو گەنجترین کەسێک لە دنیادا ئەو خەڵاتەی وەرگرتبێت. کینگ ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٦٨ لە مێمفیس کوژرا. ساڵی ١٩٨٦

ڕۆژی مارتین لوتەر کینگ وەک ڕۆژی نیشتمانیی ئەمەریکا بڕیاری لەسەر درا.

## گ

**ئەرنێستۆ چێ گیڤارا** [Ernesto Che Guevara] (١٤-٦-١٩٢٨ تا ٩-١٠-١٩٦٧): مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ، سیاسەتمەدار، نووسەر، پزیشک، تیۆریستێکی عەسکەری و سەرکردەیەکی پێشمەرگەی ئەرجەنتینی بوو. دوای مردنی گیڤارا، وێنە ناسراوەکەی بوو بە نیشانەیەکی شۆڕشگێڕانە لە هەموو جیهاندا.

هێشتا خوێندکاری پزیشکی بوو کە بە سەرتاسەری ئەمەریکای لاتینیدا سەفەرێکی کرد و ئەو هەموو هەژارییەی چاوی پێ کەوت بە تەواوی ژیانی گۆڕی. ئەزموون و سەرنجدانەکانی لەم سەفەرانەدا گەیاندیانە ئەو باوەڕەی کە نایەکسانیی ئابووریی ناوچەکە ئەنجامێکی سروشتیی سەرمایەداری و نیۆکۆڵۆنیالیزم و ئیمپەریالیزمە و تاکە چارەسەر ئەوەیە شۆڕشێکی جیهانی بەرپا بکرێت. ئەم باوەڕە پاڵی پێوە نا کە یەکسەر لە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی گواتیمالادا، بە سەرکردایەتیی سەرۆک جاکۆبۆ ئاربێنز گوزمان، بەشداری بکات. کاتێ گوزمان بە پلانێکی دەستگای هەواڵگری ئەمەریکا لە دەستەڵات لا برا، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی گیڤارا بەهێزتر بوو. دواتر لە مەکسیکۆ چاوی بە فیدەل کاسترۆ کەوت و پاڵی دا بە بزووتنەوەی ٢٦ی

تەمموزەوە. لە کانوونی یەکەم (دێسەمبەر)ی ١٩٥٦دا لەگەڵ ئەو شۆڕشگێڕانەدا بوو کە بە سەرۆکایەتیی کاسترۆ چوونە ناو کووباوە بە نیازی ڕووخاندنی ڕێژیمی سەر بە ئەمەریکای دیکتاتۆری کووبا فولگێنچیۆ باتیستا. گێڤارا هەر زوو لەناو شۆڕشگێڕەکاندا ناوبانگی دەرکرد و بوو بە یەکێک لە سەرکردە گرنگەکانی ئەو شەڕی پێشمەرگایەتییەی لە ماوەی دوو ساڵدا ڕێژیمی باتیستای ڕامالی. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا، گێڤارا پەروەندەی تاوانکاری شەڕی گرتە دەست و هەندێ لە تاوانکارانی بە کوشتن حوکم دا. پاش ئەوە بوو بە وەزیری پیشەسازی و سەرۆکی بانکی نیشتمانی. دوای ئەوەیش دەستی کرد بە سەفەر بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر وەک نوێنەری سۆسیالیزمی کووبا و چاوی بە گەورەپیاوان و سیاسەتمەدارانی جیهان کەوت. گێڤارا نووسەرێکی بەبڕشت بوو، لەبارەی شەڕی پێشمەرگایەتی و بیرەوەرییەکانی خۆیەوە زۆر شتی نووسیوە. ساڵی ١٩٦٥ کووبای بە جێ هێشت بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە جێگای دیکە؛ لە سەرەتادا لە کۆنگۆ – کینشاسا، بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و دواتر لە بۆلیڤیا. بەڵام لەوێ لەلایەن هێزەکانی بۆلیڤیاوە و بە هاوکاریی (سی. ئای. ئەی) دەستگیر کرا و کوژرا.

دوای شەهیدبوونی، گێڤارا لە سەرتاسەری دنیادا بوو بە نیشانەیەک بۆ شۆڕش و چەپگەری و خەباتی چینایەتی و ئارەزووی بنیاتنانی "مرۆڤێکی تازە" کە "ڕەوشت" بزوێنەری

بێت، نەک "مادده". ئەو وێنەیەی گێڤارا کە (ئالبیرتۆ کۆردا)ی وێنەگری ناوداری کووبا ڕۆژی ٥-٣-١٩٦٠ گرتبووی، وەک "بەناوبانگترین وێنەی دنیا" ناسراوە. بەپێی گۆڤاری تایمی ئەمەریکی گێڤارا یەکێکە لە سەد کەسی هەرە کاریگەری دنیا لە سەدەی بیستەمدا.

## ل

**گوستاف لۆ بۆن** [Gustave Le Bon] (٧-٥-١٨٤١ تا ١٣-١٢-١٩٣١): سۆسیۆلۆگیست و سیکۆلۆگیستێکی کۆمەڵایەتیی فرانسییە، نووسەری کۆمەڵێ کتێبە لەسەر سیکۆلۆگی و زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی. دیارترین بەرهەمی لۆ بۆن کتێبی "*سیکۆلۆگیی حەشامات*"ـە.

**مۆنیکا لێڤینسکی** [Monica Samille Lewinsky]: ٢٣-٧-١٩٧٣ لە دایک بووە. ژنێکی جوولەکەی ئەمەریکییە، باوکوباپیرانی لە ڕووسیاوە هاتوون. ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ لە کۆشکی سپیی ئەمەریکا کاری دەکرد. سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا بیڵ کلینتۆن، وەک خۆی پێی لێ نابوو، "پێوەندییەکی نابەجێ"ی لەگەڵ مۆنیکادا هەبووە و ئەمە بوو بە هۆی ناوزڕانێکی گەورە و لێپێچانەوەیەکی توند لەگەڵ سەرۆک کلینتۆندا. کلینتۆن لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم بابەتەی باس نەکردووە و مۆنیکایش زۆر لەمە تووڕە بوو.

لیڤینسکی ساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن پلەی ماستەری لە سیکۆلۆگیی کۆمەڵایەتیدا وەرگرت.

**بێرنارد لیویس** [Bernard Lewis]: لە دایکوباوکێکی جوولەکە، لە شاری لەندەن، بریتانیا، لە ٣١-٣-١٩١٦، لە دایک بووە. مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرێکی سیاسیی بریتانی ئەمەریکییە. پرۆفێسۆری خانەنشینی زانستگەی پرینستۆنە. بواری لێکۆڵینەوەی زانستیی لیویس مێژووی ئیسلام (بەتایبەت ئیمپراتۆریی عوسمانی) و پێوەندیی ئیسلام و ڕۆژاوایە. لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی و بەتایبەت لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامەوە، لیویس کۆمەڵێ کتیب و لێکۆڵینەوەی نووسیون کە بە سەرچاوەی گرنگ دادەنرێن. لیویس بەوەیش ناسراوە کە بە گەرمی پشتگریی دەوڵەتی ئیسرائیل و تورکیا دەکات. دەربڕینی "پێکدادانی شارستانەتییەکان" کە بە ناوی هەنتینگتۆنەوە ناو نراوە، دەگوترێت کە پێشتر لیویس بۆ یەکەم جار بە کاری هێناوە. لیویس هەمیشە هاوکارێکی نزیکی دەستگا سیخوڕی و سیاسییەکانی بریتانیا و ئەمەریکا بووە و بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام و بزووتنەوە ئیسلامییەکان پرسی پێ کراوە.

## م

**مەسعوود محەمەد:** نووسەر و زمانەوان و بیریارێکی ناسراوی کوردە، ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە، کوردستانی عیراق، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و زانا و نیشتمانپەروەردا لە دایک بووە و لە ١-٤-٢٠٠٢دا لە هەولێر کۆچی کردووە. لە زانستگەی بەغدا کۆلێجی مافی خوێندووە و پاشان بووە بە ئەندامی پارلەمانی عیراقی وەک هەڵبژێردراوی پارتیی دیمۆکراتی کوردستان. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا وەک نوێنەری مەلا مستەفای بارزانی بوو بە وەزیر لە حوکوومەتی عیراقدا و دواتر وازی هێنا. لە حەفتاکاندا بوو بە ئەندام و ئەمینداری گشتیی کۆڕی زانیاریی کورد. مەسعوود محەمەد لە بواری مێژووی ئەدەب و زمانەوانی و فکر و فەلسەفەدا، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، کۆمەڵێ کتێبی نووسیوە کە بە سەرچاوەی گرنگ و زانستی دادەنرێن. "*چەپکێک لە گوڵزاری نالی*" و "*حاجی قادری کۆیی: سێ بەرگ*" لە نووسینە بنەڕەتییەکانی مەسعوود محەمەدن لە بواری مێژووی ئەدەبدا. "*مرۆڤ و دەوروبەر: سێ بەرگ*" لە بەرهەمە فەلسەفییە گرنگەکانی مەسعوود محەمەدە. بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەمەد "*گەشتی ژیانم*" سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بەشێکی فراوانی مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا.

**بێتتی مەحموودی** [Betty Mahmoody] (لەدایکبووی ٩-٦-١٩٤٥): ژنێکی ئەمەریکییە، شووی بە پیاوێکی ئێرانی کردبوو، سەیید بوزورگ مەحموودی، و کچێکیان بوو، ماهتاب. ساڵی ١٩٨٤ پێکەوە چوون بۆ سەردانی ئێران، بەڵام، بە قسەی بێتتی، مێردەکەی نەیویستووە بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا و ویستوویەتی ڕێگە لە بێتتی و کچەکەیشیان بگرێت و نەهێڵێت بچنەوە بۆ ئەمەریکا. دوای هەژدە مانگ بێتتی و کچەکەی، لە ڕێگەی کوردستانەوە خۆیان گەیاندە تورکیا و لەوێوە بۆ ئەمەریکا. بێتتی کتێبێکی لەبارەی ئەو ئەزموونەوە نووسی: *Not Without My Daughter* (بێ کچەکەم، نا!)، کە کرا بە فیلمیش. ئەم کتێبە سەرتاسەری پڕە لە بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستانە دژی ئیسلام و ئێران و هەموو فەرهەنگی ناوچەکە.

**ڤلادیمیر فێدۆرۆڤیچ مینۆرسکی** [Vladimir Fedorovich Minorsky] (١٨٧٧/٢/٥ تا ١٩٦٦/٣/٢٥): ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورەی ڕووس بوو، زیاتر بەو لێکۆڵینەوانەی ناسراوە کە بۆ مێژوو، جیۆگرافی، ئەدەب و فەرهەنگی ئێران و کورد تەرخانی کردبوون. لە ناوچەی کۆرچێڤا، باکووری ڕۆژاوای مۆسکۆ، لە کەناری ڕووباری ڤۆلگا لە دایک بووە. ساڵی ١٨٩٦ چووەتە زانستگەی مۆسکۆ و قانوونی خوێندووە و ساڵی ١٩٠٠ تەواوی کردووە. ئەمجا لە ئینستیتووتی لازاریڤ بۆ خوێندنی زمانانی ڕۆژهەڵات خوێندوویەتی بۆ ئەوەی وەک دیپلۆمات کار بکات. جاری یەکەم

ساڵی ١٩٠٢ سەفەری ئێرانی کرد و کۆمەڵێ زانیاریی لەبارەی "ئەهلی حەق"ەوە کۆ کردەوە. ساڵی ١٩٠٣ لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دەستی بە کار کرد. ساڵانی ١٩٠٤-١٩٠٨ لە ئێران کاری کرد، لە سەرەتادا لە کۆنسوڵۆسی ڕووسیا لە تەبریز و دواتر لە تاران، ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٢ لە سانت پیتەرسبورگ و تاشکەنت. کە شۆڕشی بۆڵشەڤیکی ١٩١٧ لە ڕووسیا ڕووی دا نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا. ساڵی ١٩١٩ چوو بۆ پاریس و لەسەفارەتخانەی ڕووسیا کاری کرد. ساڵی ١٩٢٣ لە خوێندنگەی نیشتمانیی زمانانی ڕۆژهەڵات، مێژووی تورک و ئیسلامی دەگوتەوە. ساڵی ١٩٣٢ بوو بە دەرسبێژی زمانی فارسی لە خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی لە زانستگەی لەندەن و ساڵی ١٩٣٧ بوو بە پرۆفیسۆری زمانی فارسی و لە ساڵی ١٩٤٤دا خانەنشین بوو. ساڵی ١٩٦٠ مینۆرسکی لەلایەن ئەکادیمیی سۆڤییتی بۆ زانستەوە بانگ کرا بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی بیستوسێیەمینی ڕۆژهەڵاتناساندا لە مۆسکۆ.

## ن

**ناتۆ** [The North Atlantic Treaty Organization :NATO]: هاوپەیمانییەکی عەسکەرییە لە ٤-٤-١٩٤٩دا دامەزرێنراوە. بارەگاکەی لە برۆکسلە، بەلژیک، و ڕێکخراوێکی بەرگریی هەرەوەزییە،

ئەندامەکانی لەسەر ئەوە ڕێکن کە بەرگری لە یەکدی بکەن بەرانبەر هێرشی لایەنێکی دەرەوە. ناتۆ لە چەند ساڵی سەرەتادا تەنیا کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو، بەڵام شەڕی کۆریا دەوڵەتە ئەندامەکانی ناچار کرد قەوارەیەکی سەربازی دروست بکەن. دوای ڕمانی دیواری بەرلین ساڵی ١٩٨٩، ناتۆ ڕووی کردە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و گەلێ لە ئەندامانی پێشووی هاوپەیمانیی وارشۆ، بوون بە ئەندامی ناتۆ. لە سەرەتای ئاپریلی ٢٠٠٩دا ژمارەی ئەندامانی ناتۆ گەیشتە ٢٨.

**سەیید حوسەین نەسر** (ساڵی ١٩٣٣ لە تاران، ئێران، لە دایک بووە): زانا، فەیلەسووف و پرۆفێسۆرێکی ناسراوی ئێرانییە لە زانستگەی جۆرج واشینگتۆن، ئەمەریکا. پرۆفێسۆر نەسر لە بواری ئیسلامناسی، تەسەووف، فەلسەفەی زانست و میتافیزیکدا کۆمەڵێ کتێب و لێکۆڵینەوەی بڵاو کردوونەوە. نەسر هەر لە تەمەنی سیانزدە ساڵیدا ڕووی کردە ئەمەریکا و هەموو پلەکانی خوێندنی، تا وەرگرتنی دۆکتۆرا، لەوێ تەواو کرد. نەسر ماوەیەک لە زانستگەی هارڤارد کاری کرد و لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا بوو بە پرۆفێسۆر. دواتر گەڕایەوە بۆ ئێران و بوو بە مامۆستا لە زانستگەی تاران و دواتریش زانستگەی ئاریامیهر. ساڵی ١٩٧٠ بە فەرمانی فەرەح، شاژنی ئەوسای ئێران، بە سەرۆکی ئەکادێمیای شاهانەی فەلسەفە دامەزرێنرا. دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، پرۆفێسۆر نەسر گەڕایەوە

بۆ ئەمەریکا. نەسر لە ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و ئێرانیدا هاوکارێکی گرنگ بووە لە زانستگەکانی پرینستۆن، ئۆتا و کارۆلینای باشوور.

## هـ

**ساموئێل پ. هەنتینگتۆن** [Samuel Phillips Huntington]: ١٨-٤-١٩٢٧ لە شاری نیوویۆرک لە دایک بووە و ڕۆژی ٢٤-١٢-٢٠٠٨ لە ماساچوسێتس مردووە. زانایەکی سیاسیی ئەمەریکی بوو، پرۆفێسۆر بوو لە زانستگەی هارڤارد. ناودارترین کتێبی هەنتینگتۆن پێکدادانی شارستانەتییەکان (*Clash of Civilizations*)ـە کە ساڵی ١٩٩٦ بڵاوی کردەوە و بە شێوەیەک درێژەپێدان و فراوانکردنێکی ئەو تیۆرییە بوو کە پێشتر، ١٩٩٣، لە وتارێکدا پێشکەشی کردبوو. لەم کتێبەدا هەنتینگتۆن پێی وایە لە سەدەی بیستویەکەمدا ناکۆکیی سەرەکی دەکەوێتە نێوان شارستانەتییەکانەوە، لەجێی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکان.

**هێمن** [سەیید موحەممەدئەمینی شێخولئیسلامی موکری]: شاعیرێکی کلاسیک/ڕۆمانتیکی ناوداری کورد بوو، ساڵی ١٩٢١ لە کوردستانی ئێران، لەناو بنەماڵەیەکی ناسراو و دەستەڵاتدار و دینداردا لە دایک بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) یەکێک بوو لەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی زۆر لە

پێشەوا قازی محەمەدەوە نزیک بوون. ساڵانێک دوای نەمانی کۆمارەکە چووە کوردستانی عیراق و درێژەی بە خەباتی فەرهەنگی و سیاسیی خۆی دا. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران، بەڵام بە هۆی ناکۆکییەکانی ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە وازی لە کاری سیاسی هێنا و دەستگای فەرهەنگیی سەلاحەددینی دامەزراند و گۆڤاری "سروە"ی بڵاو کردەوە. هێمن لە ژیانی خۆیدا دوو دیوانی شیعری بڵاو کردوونەوە: تاریکوڕوون (١٩٧٤) و ناڵەی جودایی (١٩٧٩).

## ی

**یونێسکۆ** [United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)]: ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستگایەکی تایبەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە ١٦-١١-١٩٤٥دا دامەزراوە. مەبەستی ڕاگەیێنراوی یونێسکۆ پشتگریی ئاشتی و ئاساییشە لە ڕێگەی هاوکاریی نێونەتەوەییەوە، بە هۆی پەروەردە، زانست و و فەرهەنگەوە، بۆ پەرەپێدانی ڕێزگرتنی داد، حوکمی قانوون و مافی مرۆڤانە و ئازادییە بنەڕەتییەکان کە لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیێنراون. یونێسکۆ جێگرەوەی کۆمیسیۆنی

نێونەتەوەییی هاوکاریی ڕووناکبیرانەی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکانە [League of Nations].

یونێسکۆ ١٩٣ دەوڵەتئەندام و شەش ئەندامی هاوکاری هەیە. بارەگای ڕێکخراوەکە لە پاریسە و نزیکەی پەنجا نووسینگەی مەیدانی و گەلێ ئینستیتووتی تایبەتکار و ناوەندی لە هەموو دنیادا هەیە. بەشێکی زۆری نووسینگەکان هێشوویین و لە سێ، یا زیاتر، وڵاتدا کار دەکەن، هەروەها نووسینگەی وڵات و ناوچەیشیان هەیە. یونێسکۆ ئامانجەکانی خۆی لە ڕێگەی پێنج پرۆگرامەوە جێبەجێ دەکات: پەروەردە، زانستی سروشتی، زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانە، فەرهەنگ، و پێوەندی و زانیاری.

# Farhad Shakely

# PRICKING WITH A NEEDLE

## Our Unequal Relations with the West from a Cultural and Political Perspective